# "جەنگ دژی تیرۆریزم" و

# ڕوانگەو ڕێگاچارەی

# سۆسیالیستی

سەرەتای کانونی یەکەمی۲۰۰۱

## پێشــــەکــی

ئەوەی لەم نوسینەدا دەیخوێیننەوە باسێکە کۆمیتەی ناوەندی"بزووتنەوەی بنیات نانی حزبــی کرێکـارانی کۆمۆنیست ــ عێراق" ئامادەی کـردووە. رێکخـراوی ئێمـە وەك بەشـێك لەجوولانـەوەی دژی سـەرمایەداری جیهانی بەئەرکی گرنگو سەرەکی خۆی دەزانێ کەلەو جەدەلو گفتوگـۆ گـەرمو جدییانـەدا کەلـەدوای ١١ی ئەیلولەوە سەبارەت بەچۆنێتی لێکدانەوەی ڕووداوی ١١ی ئەیلولو (جەنگ دژی تیرۆریزم)ی ئەمریکا دەستی پێکردووە بەشداری بکاتو ڕووانگەو بۆچوونو ڕێگاچارەی سۆسیالیستی بخاتەڕوو.

گرنگـی هـەولێکی لـەم چەشـنە کـاتێك ڕۆشـنتر دەردەکـەوێت کەڕەنگدانـەوەی خـێرای ئـەو ئـاڵوگۆڕو گۆڕانکاریانە لەسەر عێراق ببینین. عێراق یەکێك لەو مەیدانە سەرەکییانەیە کە جەنگو پەلاماری ئەمریکا ،بەشیوەی جۆراوجۆر، دەیگرێتەوەو کاریگەری جددی لەســەر چـارەنووسو ئـایندە سیاسـیەکەی دادەنێت. هەر لەبەر ئەوە چەکداربوون بەڕوانگەو بۆچوونێکی ڕۆشن سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەو گۆڕانکارییانە کۆمــەکی جددی دەکات بەبزووتنەوەی کۆمۆنیستیو چەپ لەعێراقدا تا وەڵام بەئەرکە مێژوویی‌یەکانی بداتەوە.

دەتوانـین ئـەم باسـە تەفصیلی‌یـە وەکـو سـێ‌بەش سـەیر بکـەین، بەشـی یەکـەمی تایبەتـە بـــەدیاردەی تیرۆریزمی ئیسلامی، سـەرەتا ئامـاژە بـەوە دەکـات کەسـەرنجی ڕای گشـتی دنیـا لـەدوای ١١ی ئەیلولـەوە هاتۆتە سەر ڕێکخراوە ئیسلامی‌یە ئیرهابی‌یەکان، لــەدوای ئـەو ڕووداوەوە زۆربـەی خـەڵکی دنیـا تـیرۆریزمو بزووتنەوەی ئیسلامی‌یەکان لەیەك جیاناکاتەوەو وەکو دوو دیوی یەك دیاردە تەماشای دەکـات، هـەر لەبـەر ئــەوە زاراوەی (تــیرۆریزمی ئیســلامی) بــەکاردەهێنێو ئامــاژە بــەوە دەکــات کــە کۆمۆنیســـتەکانو سۆسیالیستەکان زۆر لەمێژە بەو جۆرە دەڕواننە بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان دەیان ناسـێنن، مەترسـی‌یەکانیان وەکو مەترسی‌یەکانی فاشیزمو نازیزم چاو لێدەکەن. بەڵام ئەوە ئـەمریکاو ڕۆژئـاواو هاوپەیمانـەکانیان بـووە ئەم بزووتنەوە ئیسلامی‌یە ئیرهابیانـەیان بـۆ خزمـەتی خۆیـان خستۆتەگەڕو هێزیـان پێبەخشـیون، تـا وای لێهات دەستی ئیرهابی ئیسلامی درێژبوو بۆ سەر خۆشیانو زەربەی لێدان، بـەناچاری کەوتنـەخۆ تـا ئـاگری ئیرهابی ئیسلامی لەخۆیان دووربخەنەوەو ڕێو شوێنێك بگرنە پێش تا خۆیانی لێبپارێزن.

بەڵام لەم بارودۆخەشدا دیسانەوە ئەمریکاو ڕۆژئاوا نایانەوێ ئیرهابی ئیسـلامی لـەناوبچێو بەدەسـتێك دەیکوتنەوەو دەکێشن بەسەریداو بەدەستەکەیتر دەچنە ژێر باڵیو هێزی پێدەبەخشن. باسەکە هەمەلایەنە ریشـەو هۆیـەکانی سـەرهەڵدانی ئیرهـابی ئیسـلامی لەبڕگـەو قۆناغـە جیاوازەکـانیدا شـیدەکاتەوەو ئــەو هەڵوێستو سیاســەتە کۆنەپەرســتانەی ئــەمریکاو هاوپەیمانــەکانی ســەبارەت بــەتیرۆریزمی ئیســلامی شیدەکاتەوەو هەڵیدەسەنگێنێو بەووردی ڕوونی دەکاتەوە کەئەو دوو قوتبی‌یـەی لـەدوای ١١ی ئەیلوولـەوە

دروستبووه، واته ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامی، کەگوایە دژایەتی یەك دەکەنو یەکیان دەبێ ئەویتر لەناوبەرێ دوو قوتبییەکی درۆینەیەو روالەتی مەسەلەو کیشەکانە. سەرەنجام باسەکە داوا دەکات بەشێوەیەکی جدیو شێلگیر ڕووبەڕووی تیرۆریزمی ئیسلامی ببینەوەو جەنگی ڕادیکاڵو شۆڕشگێڕ لەدژیان ڕابگەیەنیت، جەنگێك کەبەناچار دەبێت لەگەڵ دژایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ملهوڕیو پاوانخوازیەکانی پێکەوە گرێ بدرێتەوەو وەکو دوو سەنگەری تەنیشت یەك سەیر بکرێت.

لەسەر رۆشنایی ئەو ڕوانگەو لێکدانەوانە باسەکە دەچێتە سەر لێکدانەوەی شەڕی ئەمریکا لەئەفغانستانو هۆیەکانی ئەو شەڕەو ئاکامو ئەنجامەکانی لێك دەداتەوەو زنجیرەی گۆڕانکارییەکانی دەکات بەبەڵگەیەك بۆ سەلماندنی قسەکانی پێشووتر. ئەگەرچی لەم باسەدا ئەو شەڕەی ئەمریکا ئیدانەکراوەو ناوەڕۆکە کۆنەپەرستو ئیمپریالیستییەکەی نیشان دراوە، بەڵام هاوکات داوا دەکات کۆمۆنیستەکانو چەپو سۆسیالیستەکان نابێت تەنها ئەو شەڕە ئیدانە بکەنو دەستەوئەژنۆ دانیشن بەڵکو بەشێوەیەکی پەیگیرو لێبڕاو بۆ هاتنە سەرکاری حکومەتێك لەئەفغانستاندا تێبکۆشن کەتیرۆریزمی ئیسلامی یەکێك لەلایەنەکانی نەبێت، حکومەتێك کەپشتی بەئیرادەو بەشداری خەڵك بەستبێتو مافی هاوولاتی بوونی یەکسان بۆ هەموو خەڵکی ئەو وولاتە بەڕەسمی بناسێت، دین لەدەولەت جیابکاتەوەو مافی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو لەدەستووردا سەبت بکاتو ...تاد.

بەشی دووەمی باسەکە سەبارەت بەهۆیەکانی ڕاگەیاندنی (جەنگ دژی تیرۆریزم)ە لەلایەن ئەمریکاوەو پشتیوانیکردنی زۆربەی وولاتانی دنیایە بۆ ئەو چوارچێوەیە. لێرەدا باسەکە بەڕۆشنی چۆتە سەر هەرەسی نەزمی نوێی جیهان لەڕووی ئابووریو سیاسیو ئەمنییەوە، ئەو نەزمەی ١١ساڵ لەمەوبەر ئەمریکا ڕایگەیاندو باڵادەستیو ملهوڕی خۆی بەسەردا سەپاند. هەمەلایەنە باسی ئەو ئەزمەو قەیرانە ئابوورییە دەکات کە یەخەی بەئابووری بازاڕی ئازاد گرتووەو بەکورتی قامك دەخاتە سەر ڕیشەو هۆیەکانی، دواتر ئەزمەو گرفتەکانو ئیفلاسی دیموکراسی ئەمریکیو ئیفلاسی دیموکراسی رۆژئاوا دەداتە بەرباسو ناکامیو ئاڵوگۆڕەکانی دەخاتەڕوو، هاوکات ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەمنو ئاسایشی جیهانی لەسایەی نیزامی سەرمایەداریدا لەبەرامبەر مەترسییەکی گەورەدایە.

بەڵام هەرەسی نەزمی نوێ بەمانای دەستپێکردنی هەوڵو تێکۆشانێکی هەمەلایەنەو چڕوپڕی ترە بۆ دامەزراندنی نەزمێکیتر، دەست پێکردنی قۆناغێکی ئینتقالییە بۆ باسکردنی لەچوارچێوەکانو چۆنێتی داڕشتنو ساغکردنەوەی. هەرچەندە ئەمریکا دیسانەوە خۆی کردووە بەڕابەرو سەرکردەی ئەو هەوڵو تێکۆشانە بەڵام لاوازی ئابووریو سیاسی ئەو وولاتەو ناکامییەکانی لە ١١ ساڵی ڕابووردوودا تێکرا ئەوە

نیشان دەدەن کــەدنیای دوای ١١ی ئـەیلول دنیـای بەئـەمریکایی کردنـی دنیـا نـابێت، باڵادەسـتی تاقانـەی ئەمریکا بەسەر دنیادا لەپاشەکشەدایەو ململانێی نێوانی خودی هێزە ئیمپریالیستیە جیهانیەکان لەسەر دابەشـکردنی جیـهانو دووبـارە دابەشـکردنەوەی ناوچـەکانی نفـوزو دەسـەڵاتیان زیـاتر مـۆری خـۆی دەنــێ بەڕووداوو گۆڕانکاریـەکانی ئـایندەوە. هـەروەها ململانـێی نێـوان وڵاتـانی دواکـەوتووی سـەرمایەداریو وڵاتە ئیمپریالیستیەکان بەجۆرێکیتر دەشێلرێتەوەو ئەو سەربەخۆیە نیسـبیەی وڵاتـانی دواکـەوتووی سەرمایەداری هەیانبوو لەکاتی جەنگی ساردو لە١١ساڵی ڕابووردوودا کەم ڕەنگتر دەبێتەوەو بەسەردەچێتو ملهوڕیو دەسەڵاتی ئیمپریـالیزمو وڵاتـانی سـەرمایەداری پێشـکەوتوو بەسـەریاندا زیـاتر دەبێـت. هـەموو ئەوانە بەشێوەیەکی هەمەلایەنەو پاراو لەو بەشەدا هاتوونو نمونەی جۆراوجۆری لەسەر هێنراوەتەوە.

بەشـی سـێیەمی باسـەکە زیـاتر باسـکردنە لەرێگـە چارەی سۆسیالیسـتیو لـەم بارودۆخـە نوێیـەداو لەبەرانبـەر بــە چوارچێــوەی (جــەنگ دژی تــیرۆریزم)دا. لــەم بەشــەدا هەڵوێســتی پایــەیی و مێژوویــی کۆمۆنیستەکان لەدژی ئیرهابو تیرۆریزم دراوەتە بەرباسو لێکۆڵینەوە، هەروەها شـێوەی ڕووبەڕووبوونـەوەی لەچەند خاڵێکی سەرەکیو پایەییدا باسکراوە، دواتر بەشێوەیەکی تایبەت دیاردەی (تـیرۆریزمی ئیسـلامی) هێناوەتە ناوەوەو شێوەی بەربەرەکانێ لەگەڵیو پێشگرتن بەمەترسیەکانی لەچەند خاڵێکدا خراوەتەوە ڕوو، لەدرێژەی ئەمەشدا باس لەکێشەی فەلەستینو کێشەی عێراقو پێویسـتی چارەسـەرکردنیان هاتۆتـە نـاوەوەو باسەکە بۆچوونو ڕێگاچارەیەکی عادیلانەو سۆسیالیستی بۆهەریەك لەو دوو کێشەیە خستۆتە ڕوو.

لەکۆتاییدا بزووتنەوەی دژی سەرمایەداریو جێگەو شوێنی گرنگی ئەو بزووتنەوەیـە لـەدنیای ئـەمڕۆدا خراوەتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو ڕوونکراوەتەوە کە دەورەی هەستانەوەو بووژانــەوەی بزووتنـەوەی کرێکـاریو کۆمۆنیسـتی دەســتیپێکردووەو بــەدژی جــەنگو کۆنەپەرســتیو بێکــاریو سیاســەتەکانی دامو دەزگــا جیهانیەکانی سەرمایەداریو جیهانگیری هاتۆتە مەیدانو بەڕێوەیە تا دەورێکی کاریگەر لەسەر سیاسەتو بڕیارە نێودەوڵەتیەکان دابنێو ڕێگا بگرێ لەو بەربەریەتەی سەرمایەداریو ئیمپریالیزمی جیهانی دەیــەوێ فەرزی بکات، خەبات بکات بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزمو کۆمەڵگایەکی بێ چینو چەوسانەوە.

**نزار عبدالله**

**سەرەتای کانونی یەکەمی ٢٠٠١**

# "جەنگ دژی تیرۆریزم" و
# روانگەو ڕێگاچارەی سۆسیالیستی

**روونکردنەوە:**

ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ چەند شوێنێکی ستراتیژی ئابووریو سەربازی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون بەنیشانەی زنجیرەیەك هێرشی تیرۆریستی لەلایەن چەند فڕۆکەیەکی مەدەنی لەوەوپێش فڕێنراوەوە. لەئاکامی ئە و هێرشانەدا هەردوو تاوەرەکەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لەنیۆرك بەتەواوی وێران بوونو هەزاران کەسیش گیانیان لەدەستدا. هاوکات فڕۆکەیەکی مەدەنی ڕفێنراوی تر پەلاماری بینای پنتاگۆنیداو وێرانی کرد.

ئەو هێرشە تیرۆریستی‌یە نائارامیو حەپەساویو شڵەژانێکی وای لەو وولاتەدا دروستکرد کە لەمێژووی خۆیدا وێنەی نەبووە. ئەنجامدانی ئەو تاوانانانە لەهەموو دنیادا دەنگی دایەوەو بوو بەمایەی نەفرەتو بێزاری‌یەکی بەربلاو لەئاستی ڕەسمیو لەناو خەڵکی وولاتانی جۆراوجۆردا.

جۆری خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو هێرشانەو شێوەی ئەنجامدانی ئەو کارە تیرۆریستی‌یە هەموویان پەنجەی تاوانبارکردن بۆ گروپە تیرۆریستی‌یە ئیسلامی‌یەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درێژدەکەن، بەتایبەتی بۆ گرووپی ئوسامە بن لادنو ڕێکخراوی (القاعدە).

لەڕۆژی ئەنجامدانی ئەم هێرشانەوە سەرجەم ڕای گشتی جیهانو پەیوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانو بارودۆخی تاك تاکی وولاتان بەتەواوی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو هێرشەو ئەو جەنگەی کەئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەناوی (جەنگ دژی تیرۆریزم) ڕایان گەیاندووە.

هۆو ڕیشەکانی ڕوودانی ئەو هێرشە تیرۆریستی‌یە کەم وێنەیەی ١١ی ئەیلول، هۆی ڕاگەیاندنی جەن گ لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی‌یەوە، دەستپێکردنی گورزو لێدانە سەربازی‌یەکان لەڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەوە دژی ئەفغانستانو گرووپی (القاعدە)ی ئوسامە بن لادن، ئەمڕۆ ئەوانە بوون بەبابەتی گەرمی ناوەندە سیاسی‌یەکانی دنیاو میدیاو ڕۆژنامەکانو مەیدانێکی گرنگی بەرانبەرکێی هێزو دەوڵەتو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان.

زۆر کەسو لایەن بەرەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دژ بەتاڵیبانو بن لادنو ئەوانەی پێیان دەڵێن

"تیرۆریست" هەڵبژاردووە، زۆریتریش هاوسۆزی بەرامبەر تاڵیبانو بن لادن نیشان دەدەن یان بەفعلیو بەکردەوە پشتگیری لەبەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی دەکەن.

هەندێکیتر هەڵوێستێکی مامناوەندییان هەڵبژاردووەو نە ئەو جەنگەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی مەحکوم دەکەنو وە نە تەئیدی دەکەنو بەکردەوە پاسیڤ ماونەتەوە.

بەشێکی گرنگیتر هاوکات لەگەڵ ئیدانەکردنی هێرشی تیرۆریستی ١١ ئەیلول چوونەتە ناو بەرەیەکی فراوانەوە دژی جەنگی ڕاگەیەنراوی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

ئێمە لەم نوسینەدا هەوڵ دەدەین لەڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکاری جیهانو ئامانجەکانییەوە، جگە لەڕوونکردنەوەی چۆنێتی دروستبوونی ئەو بەرەو ڕیز بەستنە جیهانیانە، هۆو ڕیشەی ئەو هەڵبژاردنو هەڵوێستە سیاسییانە بخەینە ڕوو، هاوکات ڕوانگەو هەڵوێستی خۆمان دیاری بکەینو ئاسۆو دوارۆژی ئەو ڕێگاچارەو بەدیلە بخەینە ڕوو.

## ڕووداوەکەی ١١ی ئەیلولو تیرۆریزمی ئیسلامی!

ئەمریکا بەرپرسیارێتی هێرشی تیرۆریستی ١١ئەیلولی خستە ئەستۆی ئوسامە بن لادنو ڕێکخراوی(القاعده)و دواتریش دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا. ئەوەی ئەمریکا ،بەتایبەتی، بوو بەنیشانەیەکی پێکراوی تیرۆریزمی ئیسلامی مەسەلەیەکی دیکەیەو دواتر هەمە لایەنە هۆو ڕیشەکانی دەدەینە بەرباسو لێکۆڵینەوە، بەڵام تاوانبارکردنی ڕێکخراوە ئیسلامییە تیرۆریستەکان خۆی جێگای سەرنجە. زۆر کەس گومان لەوە دەکەن کەداناني نەخشەیەکی ووردو هەمەلایەنەی لەو جۆرەو جێبەجێکردنی لەو ئاستە فراوانەدا کاری ئیسلامییەکان بێو پێیان وایە تیرۆریزمی ئیسلامی نە بەو ڕادەیە بەربلاوە توانای ئەو کارەی هەبێو نە لیاقەی کاری لەو جۆرەی هەیە. هەڵبەت لەغیابی خستنەڕووی بەڵگەی ئاشکراو دامغدا ئەوانە هەموو وەکو ئەگەرو بۆچوون ماونەتەوەو هێشتا سەلماندنیان دەوێ.

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە تیرۆریزمی ئیسلامی بەڕادەیەك جڵەوی بۆ شل بووە کە لەتوانایدایە کارێکی لەو جۆرە بکاو دەیان کەسی "خۆکوژ"ی بۆ ئامادەبکات، هەم ئەو تەرەفە باوەڕێکی قووڵی بەو جۆرە سیاسەتو ئیرهابە کوێرو کوشندەیە هەیە.

بەهەرحاڵ ئەوەی کەچۆن تیرۆریزمی ئیسلامی جڵەوی بۆ شلکراوەو توانای پەیداکردووە، چۆن بووە

بەهێزێك هەڕەشە لەئاشتیو ئاسایشی جیهانی بكا، ئەمەیان پێویستی بـەتێڕامانو تـێفكرین هەیـە، چونكە ئەگەر هۆو ڕیشەكانی سەرهەڵدانو گەشەكردنو ئینتلاقی بزووتنـەوە ئیسـلامیـیە ئیرهابیـیەكان نەناسین ناشتوانین بەرەنگاری ببینەوەو خۆمان لەمەترسییەكانی بپارێزین.

لـەم بارەیـەوەو بـۆ ڕوونكردنـەوەی هۆیـەكانی سـەرهەڵدانو گەشـەكردنو پەرەسـەندنی بزووتنـەوە ئیسلامیـیە ئیرهابییەكانو بوونیان بەدیاردەیەكی دزێوی دنیای ئەمڕۆو دەرئەنجامـەكانی، دیـاریكردنی چەند خاڵ بەپێویست دەزانین:

**١/ سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئیسلامیـیە ئیرهابییەكان بەرهەمو دەرهاویشتەیەكی ئاشكرای ڕژێمی سەرمایەداری جیهانیـیە لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا.**

ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ زاڵكردنی ڕژێمی سەرمایەداری بەسەر گـۆی زەویدا، بـۆ قـازانج پەرسـتی سـەرمایەو دابەشـكردنی جیـهانو كۆنـترۆڵكردنی بـازاڕو دەسـت بەسـەراگرتنی سـەرچاوەكانی ووزەو كەرەستەی خاو، بۆ      تاد، پێویستی بە زاڵكردنی گەندەڵیو ڕاستڕەویو كۆنەپەرستی دیـنیو تـائیفیو ڕەگەزیو      هەبووە. بۆ ئەم مەبەستەش بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو زۆربەی ووڵاتـانی شـەرقو دواكـەوتووی سـەرمایەداریدا لەهـەموو ڕوویەكـەوە ئەوانـەی پـەرەپێداوەو بـەهێزی كـردووە. تەنانـەت ئەوكاتەی ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ هەرەس هێنانو هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تێدەكۆشاو دەیویست ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریەتە بۆخۆی بەرێ، لەكۆنەپەرستی ئیسلامیو تائیفیو دینیو ڕەگەزی كەڵكی وەرگرتو هێزی پێبەخشین. لەسایەی ئـەو هەوڵانـەدا بـوو "وەهـابیزم" گەشـەی كردو لەنیمچە دورگەی عەرەبیدا پەرەیسەند، سنو ورە دەستكردەكان لەناوچەی كەنداودا داتاشرانو شێخ نشینە ئیسلامیـیە كۆنەپەرستەكان لە ناوچە جیاجیاكانی كـەنداودا كران بەپاسـەوانی چاڵـە نەوتـەكان، لەمصر "ئیخـوان موسـلمین" بەرێبـەری "حەسـەن بـەنا" لـەدامێنی ئیمپریـالیزمی بـەریتانیاوە كەوتـە خوارەوەو تەغزیە كرا، ڕەوتو لا یەنی جۆراوجۆری ئیسلامی سیاسی  كۆنەپەرست لەڕۆژهەڵاتو ئاسیای ناوەڕاستدا بووژێنرانەوەو دەست بەباڵیانەوە گیرا.

ئیمپریالیزمی جیهانی، لەپێش هەموویانەوە بەریتانیاو ئەمریكا، ئەو هـێزو ڕێكخـراوو حكومەتـە كۆنەپەرستانەیان كرد بەگژی جووڵانەوەی دژی ئیمپریالیستی ڕۆژهەڵاتداو وەكو چەكێكی  كاریگـەر دژی نفوزی كۆمۆنیزمو چەپ لەو ناوچانەدا بەكاریان هێنانو كردیانن بەپاڵپشتو پشتیوانییەك بۆ دەسـەڵاتی ئینتدابو كۆلۆنیالیزم.

مێــژووی ســەرهەڵدانو وجـودی ڕەوتـــە ئیســـلامی‌یە ئیرهابی‌یـــەکان لەگـەڵ مێــژووی دەســـەڵاتی ئیمپریالیستی‌و سەرمایەدار ی‌دا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئاسیای ناوەڕاستدا تێکەڵو ئاوێتەن بەیەك.

(ئیخـوان موسـلمین)ەکـانی مصـر پشـتیوانێکی سـەرەکی دەسـەڵاتی "مـەلیك فـاروق" بـوون لـەو وڵاتەداو بـەکردەوە لەبـەرەی ئیمپریـالیزمدا بـوون بەرامبـەر بەچـەپو ئـازادیخوازی‌و جووڵانـەوەی دژی ئیمپریالیستی. (ئیخوان موسـلمین)ەکـانی عـێراق بەڕێبەرایـەتی "محمـد الصـواف" پـەلێکی دەسـەڵاتی پاشـایەتی کۆنەپەرسـتانەبوون لـەعێراقداو نـەیارێکی ســـەرەکی چـەپو شـیوعی‌یەکانو بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی بوون. "مەلا عوسمان"ی ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵەبجەش ئەوکات هاوکـارو بەشـدار بوو لەگەڵیان. هـەروەها وڵاتـانی شـێخ نشـینی کـەنداو قەڵایـەکی کۆنەپەرسـتانە بـوون بـۆ داڵـدەدانو بەهێزکردنو پەلهاویشتنی ڕەوتو هێزە ئیسلامی‌یە ئیرهابی‌یەکانو پەرەسەندنیان.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمو دەسەڵاتی زیاتری بلۆکی سۆڤیەتی جاران، ئـەمریکاو ڕۆژئـاوا زیـاتر گرنگـی‌و کـارایی پاراسـتنی دەسـەڵاتی شـێخەکانی خلیجو دەسـتگیرۆیی ڕەوتو هـێزە ئیسلامی‌یە ئیرهابی‌یەکانیان بۆ ئاشکرا بوو. پاش چەشتنی تاڵاوی شکستی ١٩٥٦ لە کەناڵی سوێسدا، سـەرهەڵدانی چـەندین حکومـەتی پـرۆ سـۆڤێتی‌و چـەپ لـەووڵاتانی عـەرەبی‌و ئیسـلامی‌و ئاسـیای ناوەڕاستداو بەهێزبوونی جووڵانەوەی دژی ئەمریکایی‌و سەربەخۆیی خوازانەی وڵاتانی داگیرکراو و تاد ئیتر دانانی نەخشەو پـلان بـۆ بـەهێزکردنو داڵدەدانـی تـیرۆریزمی ئیسـلامی بـوو بـە سیاسـەتێکی پایەدارتری ئەمریکاو ڕۆژئاوا.

ڕووداوە سیاسی‌یەکانی وڵاتانی عەرەبی‌و ئیسلامی‌و ئاسیای ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا بەرۆشنی دەری دەخەن کەچۆن ئەمریکاو رۆژئاوا نەخشەمەندانە بـۆ ئـەو ئامانجانـە تێکۆشـاون، رەنگـە باسـکردن لەهەندێك لەوانە باشتر قۆناغەکانی گەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی روون بکاتەوە.

لەناوچـەی کـەنداوو نیمچـە دوورگـەی عـەرەبی‌دا شـێخ نشـینەکانی کـەنداو ،جگـە لەسـەرکوتو داپلۆسینی نەیارانی چەپو پاراستنی چاڵە نەوتەکان، ئەرکێکی تریـان کەوتـە ئەسـتۆ: داڵـدەدانو دانـی دۆلارە نەوتی‌یـەکان (پـترۆ دۆلار) بەجووڵانـەوەو بزووتنـەوە ئیسـلامی‌یەکانو بـەهێزکردنیان لەهـەموو ڕوویەکەوە.

لەئەندەنوسیا ساڵی ١٩٦٥ تاقمی (بزووتنەوەی ئیسـلامی) ڕاسـتەوخۆ لەبـەرەی ئـەمریکادا دەوری گێڕا لەپشتیوانی‌کردنی "سۆهارتۆ"ی دیکتاتۆرو هاوکاری‌کردنی دامو دەزگا جاسوسی‌یەکانی بۆ کوشتنو

ڕاونانی شیوعی‌یەکان، کەسەرەنجام زیاتر لەیەك ملیۆن شیوعی لـەو قەسـابخانانەدا کـوژران‌و تـیرۆرکران، خودی "پنتاگۆن" لەمانگی نیسانی ڕابردوودا بەڵگە نهێنی‌یـەکانی ئـەو تاوانـە گـەورەیان بڵاوکـردەوەو دەوری ئیسـلامی‌یەکانیان نیشـاندا. گـەورەیی‌و ڕسـوایی ئـەو تاوانـە بـەجۆرێك بـوو وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکا بەپەلە هەموو ژمارەکانی ئەو کتێبەی کۆکردەوە کە ئەو بەڵگانەی تیـادا بڵاوکرابـۆوەو لەسـەر سایتی ئەنتەرنێتیش سڕی‌یەوە.

لەپاکستانیشـدا تـاقمی (کۆمـەڵی ئیسـلامی) پـەلێکی مافیـایی سـەرکوت‌و تۆقـاندنی دەسـەڵاتی دیکتاتۆر"ضياء الحق" بوون، باندێکی سـەرکوت‌و بڵاوەپێکردنـی خۆپیشـاندەران‌و نـەیارانی حکومـەت بوون.

لەمصریشـدا دوای دەسـەڵاتی "عبدالنـاصر" ،"سـادات" بـەڕێنمایی ئـەمریکا - لـەکاتێکدا کەخـەریکی کوشـتن‌و ڕاونـانی کۆمۆنیسـت‌و شـیوعی‌یەکان بـوو، خـەریکی گرتـن‌و ئەشـکەنجەدانی ناصری‌یـەکان بـوو - تـاکو سـاڵی ١٩٧٨ دەسـتگیرۆیی (ئیخـوان موسـلمين)ی کـردو کۆمـەکی کـردن، ئیسلامی‌یەکانی پەروەردەکردو پلەو پایەی پێ بەخشین، دواتریش بۆ بەشـداریکردن لەجـەنگی نـاوخۆیی ئەفغانستاندا لەساڵی ١٩٧٩ بەدواوە بەشێکیانی ئامادەکرد تاکو بنن بەموجاهدو بچن لەو شەڕو جیهادە پـیرۆزەدا دژی شـیوعی‌یەکان بەشـداری بکـەن، کـارێك سـەرەنجام خـودی سـادات باجەکـەی‌داو لەلایـەن تیرۆریستانی ئیسلامی‌یەوە تیرۆرکرا، وەهـەروەها کۆمـەڵگای مصریـش بـوو بـەقوربانی پـەروەردەکردنی تیرۆریستان‌و ئەو موجاهیدانەی کەجیهادیان لەئەفغانستانەوە گواستەوە بۆ مصر !

هەروەها لەئێراندا پاش ئەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی پڕۆ ــ ئەمریکی بەهۆی شۆڕشـێکی جـەماوەری ڕادیکاڵەوە هەرەسی هێنـا، لەترسـی هاتنـە سـەرکاری حکومـەتێکی چـەپ‌و ئـازادیخوازو پەرەسـەندنی پریشـکی شـۆڕش بـۆ ناوچـەی سـتراتیژی کـەنداو، هـەروەها لەترسـی هاتنەسـەرکاری حکومـەتێکی پڕۆسۆڤێتی، ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەستیان بـەباڵی بزووتنـەوەی ئیسـلامی شـیعەوە گـرت‌و لـە(گوادلـوپ) بڕیاری پشتگیری لەخومەینی‌و بەدەسـەڵات گەیشـتنی‌و لـەخوێن هەڵکێشـانی شـۆڕش‌و قـەتڵ‌و عـامی کۆمۆنیستەکان‌و چەپەکانیان دەرکرد. بەبێ‌لایەن هێشتنەوەی سوپا، سـات‌و سـەودای لیبراڵـەکان لەگـەڵ ئیسلامی‌یەکاندا سەرەنجام (جمهوری ئیسلامی) هێنایە سەرکار، ئەو حکومەتە ئیسلامی‌یە لەماوەیەکی کەمدا هەزاران کەسی لەسێدارەداو شۆڕشی لەخوێن هەڵکێشا. هاتنە سەرکاری جمهوری ئیسـلامی بـوو بەقەڵایەکی نوێ بۆ گەشەو پەرەسەندنی بزووتنـەوە ئیسـلامی‌یە ئیرهابی‌یـەکان لەسەرتاسـەری وڵاتـانی

عەرەبی و ئیسلامی دا و قۆناغێکی نوێ لەگەشەو پەلهاویشتنیان دەستی پێکرد.

بەڵام دەستپێکردنی ئەو قۆناغە نوێیە لەهەستان و گەشەی ڕەوتە ئیسلامی یە ئیرهابی یەکان هەر تەنها بەهاتنە سەرکاری جمهوری ئیسلامی دەستی پێ نەکرد، بەڵکو ڕووداوەکانی ئەفغانستان و پاکستانیش دەوری سەرەکییان گێڕا لەدەستپێکردنی ئەو قۆناغەدا.

لەپاش کۆدەتای ١٩٧٨ و هەرەسی حکومەتەکەی "داوود پاشا"و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی چەپ و سەر بەسۆڤیەت، حکومەتی پاکستان و دەزگای موخابەراتی (ISI) بەڕێنمایی و چەکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و دۆلارە نەوتی یەکانی سعودیە و کۆمەکی مصرو ئیسرائیل و هێزە کۆنەپەرست و ئیسلامی یەکانی ئەفغانستان شەڕی (کافرو ئیسلام)یان ڕاگەیاندو بەرەیەکی ئیسلامی دژ بەحکومەتیان پێکهێنا.

تەدەخولی سۆڤیەت و داگیرکردنی ئەفغانستان بوو بە بیانوویەکی باش بۆ پەرەسەندنی تەدەخولی ئەمریکاو سعودیە و مصرو پاکستان و ڕۆژئاوا بۆ دژایەتی سۆڤیەت و هەڵگیرسانی شەڕی ئەفغانستان، شەڕێك کەسەرەنجام پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت بەسەرکەوتنی غەرب کۆتایی هات و دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە بەو هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامی یانە سپێردرا.

هاتنە سەرکاری ئەو حکومەتە ئیسلامی یە نوێیە لەگەڵ مانەوەی جمهوری ئیسلامی دا لەسەر کار دیسانەوە پاڵنەرێکی تر بوو بۆ گەشەی ئیسلامی یەکان لەئاسیای ناوەڕاستدا و پەلهاویشتنیان و داڵدەدانی تیرۆریستانی ئیسلامی لەچەشنی "بن لادن ". ئەم ڕووداوەی دوایی دواتر هەمەلایەنە باسی دەکەین.

ئەوانەی سەرەوە ئەو ڕاستی یە دەردەخەن کە تیرۆریزمی ئیسلامی هەوسار پچڕاو لەڕووی مێژوویی یەوە تاکو ئەمڕۆ بێچووی شەرعی دەخاڵەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوابوون لەڕۆژهەڵات و ئاسیادا.

دیوێکی تری ئەو کۆمەك و پشتیوانییانە ئەوەبوو کەخودی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بوون بەسەنتەری چالاکی و هەڵسووڕانی سیاسی و ئابوری و مالی و تەنانەت سەربازی ئەو هێزە ئیسلامی یە ئیرهابییانە. ئەمریکاو ڕۆژئاوا سەدان تاقم و گروپ و کەسایەتی ئیسلامییان لەژێر پەردەی ڕێکخراوی ئیسلامی ئاشکراو نیمچە ئاشکرادا داڵدەداو هەموو کار ئاسانی و زەمینەیەکیان بۆ چالاکی و هەڵسووڕانیان فەراهەم کرد. لەخودی ئەمریکادا ژمارەیەکی زۆر لەجالیەی عەرەبی و جالیەی وڵاتانی ئیسلامی لەلایەن ئەو تاقم و گروپانەوە تەجنیدکران و بەفعلی ئەوێ بوو بەسەنتەرێکی گرنگ بۆ چالاکی و هەڵسووڕانیان و بە ئیسلامی کردنی بەشێکی گرنگ لەخەڵکی ئەمریکا.

## ٢/ یەکێتی سۆڤیەت و سات و سەودا لەگەڵ کۆنە پەرستی ئیسلامی ؛

دەوڵەتی سۆڤێتی پارێزەری ڕژێمی سەرمایەداری دەوڵەتی لەڕوسیا، هەر لەسەرەتای سی یەکانی سەدەی بیستەمەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی خۆی لەبەرامبەر بەرۆژئاواو ئەمریکادا بەجدی بەرەنگاری تیرۆریزمی ئیسلامی و ڕەوتە ئیسلامی یەکان نەبۆوەو بەدوژمنێکی خۆی نەزانی، بەڵکو بۆ دابڕینیان لەئەمریکاو غەرب هەوڵی دەداو ڕێگای سازش و دانوستان و سات وسەودای لەبەرامبەریاندا هەڵبژارد.

دیفاعی ئەو دەوڵەتە لەدین وەکو پایەیەکی ڕژێمی سەرمایەداری و لەوانەش پایەیەکی مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی، هەوڵەکانی بۆ نفوز پەیداکردن لەناو جووڵانەوەی دژی ئیستعماری و دژی ئیمپریالیستی داو کەڵك لێوەرگرتنی لەبەرامبەر بەرۆژئاواو ئەمریکادا، هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە بکەوێتە سازش و سات و سەودا لەگەڵ ئەو هێزو لایەنانەدا، تەنانەت دۆستایەتی و هاوکارییان بکات، وە هەروەها پاڵەپەستۆو گوشار بۆ حزبە شیوعیەکانی دنیا بهێنێ تاپەیڕەوی لەو جۆرە سیاسەتە بکەن و پاساوی نەزەری و سیاسی و مێژوویی بۆ بهێننەوە.

بەهۆی ئەو سیاسەتانەوە زۆربەی هێزو حزبەکانی سەر بەکەمپی سۆڤێتی نەك هەر بەجدی بەرەنگاری مەترسی تیرۆریزمی ئیسلامی نەبوونەوە، بگرە سات و سەودایان لەگەڵدا کردن لەووڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی داو لەهەندیك حاڵەتیشدا بەکردەوە چوونە ناو بەرەیەکەوە لەگەڵیاندا. لەبەرئەوە کاتێك ئەو حزب و لایەنانە تووشی بن بەست بوون و پاشەکشەیان کردو مەیدانیان خاڵی هێشتەوە، بەخێرایی ئەو هێزە کۆنەپەرستانە جێگایان گرتنەوە.

## ٣/ دواکەوتوویی نیزامی سەرمایەداری لەووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەمدا ؛

هۆیەکی تری گەشەو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ڕەوت و هێزە ئیسلامی یە تیرۆریستەکان بارودۆخی نالەباری ئابوری ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ووڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوو. قۆناغی گواستنەوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو نیزامی سەرمایەداری و گەشەی شێوەی بەرهەمهێنانی ئەو نیزامەو دروستبوونی ووڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری و .. تاد قۆناغێکی ئینتقالی قووڵ و هەمەلایەنەو پڕ کێشمەکێش بوو. مێژووی پەلهاویشتنی نیزامی سەرمایەداری لەغەرب و ئەمریکاوە بەرەو ئەم ووڵاتانەو جێگیربوونی تیایدا، هەروەك گشت مێژووی سەرمایەداری، بەئاگرو ئاسن نووسراوەتەوە.

داگیرکاری، تالآنو بڕۆو دەست بەسەراگرتنی سـەرچاوەکانی ووزەو کەرەسـەی خـاو، نـابووتی کـاری کشتوکاڵیو پیشەوەری، کۆچی ملیۆنی لەناکاوو بیٚبەرنامە لەلادیٚکانـەوە بـەرەو شـارەکانو زیـادبوونی سەرسـوڕهیٚنەری ڕیـٚژەی دانیشـتوان، پیٚکـهاتنی شـارە گـەورەکانو زۆربوونـی هـەرچی زیـاتری گرفـتی دابینکردنی ژیانو گوزەرانو هۆیەکانی حەوانەوە، بیٚکـاری، چەوسـانەوە، بیٚخانـەو لانـەیی، نەخۆشـی، نەبوونی سەرەتاییترین پیٚداویستی خزمەتگوزاری لەچەشنی ئاوی پاكو ئاوەڕۆی گونجاو تاد، هەموو ئەو گرفتە ئابورییە گەورانە تاهاتووە لەسەریەك کەڵەکە بوونو بیٚچارەسەر ماونەتەوە.

بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەبیٚئـەوەی خـاوەنی بـەدیلیٚك بـن بـۆ چارەسـەرکردنی نـابووتی ئـابووری وولآتانی دواکەوتووی سەرمایەداری لەڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا، توانیـان لـەو بارودۆخـە کـەڵك وەربگـرنو بیقۆزنەوە، نویٚنەرایەتی دواکەوتووترین بەشی کۆمـەڵگاو کۆنەپەرسـترین بەشـی چیـنی بـۆرژوازی ئـەو وولآتانە بکەنو تاڕادەیەکی بەرچاویش هیٚز لـەدەوری خۆیـان هـەڵخڕیٚنن. بەکۆمـەكو پاڵپشـتی مـاددی شیٚخ نشینەکانی خەلیج، جمهوری ئیسـلامیو پاڵپشـتی مـاددی دەیـان ریٚکخـراوی بـەناو "خـیٚرخوازیو فریاگوزاری" لەڕۆژئاواو ئەمریکادا ئـەو بزووتنەوانـە نەگبـەتیو ناهـەمواری ژیـانی خـەڵکیان کـرد بـە نە ردەوانیٚك بۆ گەیشتن بەدەسەلآتو بەدەست هیٚنانی ئیمتیازاتو پلەو پایەی سیاسی.

لە ٢٠-٣٠ ساڵی ڕابووردوودا ئەو بارودۆخە ناهـەموارە ئابوورییانـە تاهـاتووە قووڵتـر بوونەتـەوە. ئـەمریکاو رۆژئـاوا لـەبری دۆزینـەوەی چارەسـەریٚك بۆیـان تاهـاتووە ڕۆژهـەلآتی ناوەڕاسـتیان وەکـو گا ربیج(زبڵدان)و شویٚنی نفایات مامەڵە کردووەو هەوڵیانداوە هـەرچی گرفـتو کیٚشـەی خۆیانـە لـەویٚدا خاڵی بکەنەوە.

بەپیٚچەوانەی بەڵیٚنەکانی دیموکراسیو بازاڕی ئازادو جیهانگیری خوازەکانو نیولیبرالەکان سـەبارەت بە خۆشگوزەرانیو نەهیٚشتنی چەوسانەوەو هەژاریو .. تاد سەد ان ملیۆن لەخەڵکی ئەو وولآتانـە جگـە لە ڕۆژڕەشیو نەگبەتیو نابووتی چیتریان نەدیوە. لەو بارودۆخانەدا کە پلاتفۆرمی ئابووری لایـەنگرانی ڕۆژئاواو ئەمریکا پووچ دەبیٚو ئیعتباریٚکی نامیٚنیٚ، خۆگریٚدانەوە بەئابوری بـازاڕی ئـازادو ئـەمریکاوە وەکو بیٚ عـەقڵیو سەرچاوەی نەگبەتی دیٚتە بـەرچاو، تـیرۆریزمی ئیسـلامیش لـەو بارودۆخـەوە تەغزیـە دەبیٚ، لەو ژینگە پیسو بۆگەنەی ئیمپریالیزمی جیهانیو نیزامی سەرمایەدارییەوە خۆراك وەردەگـریٚو تەشەنە دەکاتو دەبیٚت بەپەتا.

ئەگـەرچی ئـەزموونی ٢٠سـاڵ لەمەوبـەر بەتـەواوی خەسـڵەتی کۆنەپەرسـتانەی بزووتنـەوە

ئیسلامی‌یەکانی نیشانداوە، ئەزموونی ئێران، سۆدان، ئەفغانستان، سعودیە، جەزائیرو مصرو و زۆر شوێنی تری دنیا ڕۆشنایی خستۆتە سەر پەیامی ئیسلامی‌یەکانو کارنامەی ئابوورییانو بەو هۆیەشەوە کێرڤی هەستانو گەشەیان زۆر هاتۆتە خوارەوەو بێئیعتباربوونو وەك بزووتنەوەیەکی پلەدوو لەو کۆمەڵگایانەدا بێبەدیلو سەرلێشێواو ماونەتەوەو لەنائومێدیدا بن لادنەکانیان لێپەیدابووە، بەڵام ئەمریکا لەرێگەی "جەنگ دژی تیرۆریزم"و گۆڕینی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست بەشوێنی تەقینەوەی کێشە ئابووری‌و سیاسی‌یە قەیراناوی‌یەکانی سەرمایەداری جیهانی، دەیەوێ دووبارە ئەو کۆنەپەرستی‌یە بەسەر خەڵکی دنیادا بسەپێنێتەوەو هێزیان بەبەردا بکاتەوە.

هەڵبەت ئەو بارودۆخو دواکەوتوویی‌یە لەجیهانی سێیەمدا تەنها کۆنەپەرستی ئیسلامی زیندوو نەکردۆتەوە، بەڵکو لەماوەی دە ساڵی رابردوودا بووە بەبنەمایەك بۆ سەرهەڵدانو گەشەکردنی چەندین هێزو تەرەفی کۆنەپەرستی‌تر. کۆنەپەرستی خێڵەکی، ئصولیەتی هیندۆسی‌و یەهوودی، پەرەسەندنی بزووتنەوەی رەگەزپەرستی‌و شۆفێنیستی ......تاد بوون بەبەشێك لەخەسڵەتە سیاسی‌یە پایەدارەکانی ئەو وولاتانە.

## ٤/ ئاوێتەبوونی دینو دەوڵەت

هەرچەندە بیروباوەڕی ئیسلامی بۆ ١٤٠٠ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، بەڵام بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان لەم چەرخەدا تەنها هەڵقوولاوی ئەو مێژووە دوورو درێژە نین. جگە لەو هۆیانەی پێشتر باسمان کرد، پێکهاتو ناوەڕۆکی دەوڵەتی بۆرژوازی لەوولاتانی عەرەبی‌و ئیسلامی‌دا دەورێکی گرنگیان گێڕاوە لەسەرهەڵدانیاندا.

دینی ئیسلام دینی ڕەسمی دەوڵەتە لەوولاتانی عەرەبی‌و ئیسلامی‌دا. لەخوێندنو پەروەردەکردنو یاساکاندا بیروباوەڕی ئیسلامی زاڵەو پەیڕەوی لێدەکرێ. دینی ئیسلامی لەپاڵ دەوڵەتدا بووە بەیەکێك لەسەرخانە سیاسی‌یە گرنگەکانی نیزامی سەرمایەداری لەو وولاتانەدا. دەوڵەت بەرەسمی‌و لەیاساکاندا کۆمەكو سپانسۆری دامو دەزگا ئاینی‌یەکان دەکاو خۆراکیان دەداتێو لەهەموو ڕوویەکەوە لەژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا فەرزیان دەکات. ئەوە زەمینەیەکی گونجاوی بۆ چالاکی‌و هەڵسووڕانی عەلەنی‌و قانوونی هێزو ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان پێکهێناوەو زۆر ئەرکی لەکۆڵ کردوونەتەوە. ئەوان کاتێك دێنە مەیدانی سیاسەتەوە زۆربەی زەمینەکان دەوڵەت لەوەو پێش بۆی ئامادەکردوون، مزگەوتەکانو مینبەرەکانیان، کۆمەكو پشتیوانی ماددی، پەروەردەو فێرکردنی منداڵانو لاوان بەبیروباوەڕی ئیسلامی،

شوێنی کۆبوونه وەکانو بارەگاکان، دەیان مەلاو خوێندکاری ئیسلامی دەرچــووی پــەیمانگاو کۆلیژەکـانی شەریعەتو ...تاد هەموو ئەوانـە ئامـادەنو لەبەردەسـتدان، تەنـها کـارێك کەدەیکـەن تـەجنیدکردنو رێکخستنی ئەوانەیە کەدەوڵەت بۆی خولقاندوونو سەروسامان پێدانێتی. بۆیە لـەناو ملیۆنـەها کەسـدا که بەبیروباوەڕی ئیسلامی گۆشکراون سەدانو هەزاران کەس دەست دەکەون ڕێبازی تیرۆریزمی ئیسلامی هەڵبژێرنو بەرگری لێ بکەن.

## ٥/ سەرکوتو دکتاتۆریەتو ئیرهابی دەوڵەتی بۆرژوازی

نابێ سەرکوتو دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو هۆیەك بۆ گەشەو پەرەسەندنی تیرۆریزمی ئیسـلامی لەبیربکـەین . نـاوەڕۆکی تـیرۆریزمی ئیسـلامی خسـتنەڕووی ڕێگاچـارە نی‌یـە بـەڵکو تۆڵـــە سەندنەوەیە. ئەوەی کە وادەکات تاقمو گروپێـك تۆڵەکردنـەوە لەنـەیارەکانی خۆیـان بکـەن بـەڕێبازێكو شێوەیەك لەژیانو بوونی خۆیان، سەرکوتو تۆڵەکردنەوەی دەوڵەتی بۆرژوازی‌یە لەنەیارەکانی.

ئەمسەر تا ئەوسەری ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاسـت کۆمــەڵێك دەوڵـەتو حکومــەتی دیکتـاتۆری حوکمـی دەکـات کـە بەشـێوەی جۆراوجـۆر تۆڵـە لەخـەڵکی ئـەو وڵاتانـــە دەکاتــەوە کەناڕەزایــەتی بەرامبـــەر بەسیاسـەتو کاروکردەوەکـانی دەردەبـڕن. کوشـتنو بڕیـنو ئەشـکەنجەدان، لەسـێدارەدان، ئـەتك کـردن، ئیغتصـاب، زیندانی‌کـردنو جینۆسـایدو تـاد. ئەوانـە کارنامـەی ڕەشـی ئـەو دەوڵەتانـەن لـــەبواری پێ‌شێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤدا.

حکومەتی سعودیە ئێستاش لەیاساکانی‌دا تۆڵە سەندنەوەی ئیسـلامی(القصـاص) پـەیڕەو دەکـاتو دەستو قاچ دەبڕێتەوەو چاو هەڵدەکۆڵێو سەر لەلاشـە جیادەکاتـەوەو بـەپێی یاسـای "العین بـالعینو السن بالسن" هەر تاوانێك بەتاوانێکی‌تر وەڵام دەداتەوە.

بەشێکی زۆری ئەم حکومـەتو دەوڵەتانـە ئـەمریکاو ڕۆژئـاوا سەرسـەختانە دیفاعیـان لێدەکـەنو بەهەموو توانایانەوە دەیان پارێزن. ئەوانەی کەئیدعای مافی مرۆڤو دیموکراسـی دەکـەن هـەموو ئەوانـە وەکو پایەیەکی دیموکراسیەتی خۆیـان لەڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا وەسـف دەکـەنو بەدۆسـتو هاوپـەیمانی خۆیانیان دەزانن، هەرگیز جورئەتی ئەوە ناکەن بڵێن ئەو حکومەتانە لەلایـەن خەڵکـەوە هـەڵبژێردراونو بەسادەترین پێوانە دیموکراتین. خۆیان باش دەزان کەهەر هەڵبژاردنێکی نیمچە دیموکراتیش لەو وڵاتانەدا بەڕێوەبچێ هیچ یەك لەوانە دەنگ ناهێننو دەرناچن، لەبەرئەوەیە بەهەموو توانایانــەوە دەیـان پـارێزنو هەرکاتێ هەڕەشەیەکی جددی ڕووبەڕوویان بێتەوە هێزی سەربازی دەنێرن تا بـــەخێرایی ئـەو هەڕەشـەیە

دووربخەنەوە.

ڕۆشـنە حکومـەتو دەوڵـەتێك خـەڵك فـێری کوشـتنو بڕیـنو تۆڵەسـەندنەوە بکـاتو ئـەوە بکـات بەبەشێك لەسۆسـیۆلۆجیو پێکـهاتی دەروونـی ئینسـانەکانو پاسـاوی قـانوونیو یاسـاییو شـەرعی بـۆ بهێنێتەوە بێگومان کەسانێك پەیدادەبن کە هەمان شێوازو ئسلوبو بگرە کوێرانەترو خراپـتر هـەڵبژێرن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیانو تۆڵەسەندنەوە لەدەوڵەت یان لەنەیارەکانی خۆیان.

## ٦/ زایۆنیزمو کۆنە پەرستی ئیسلامی

بزووتنەوەی زایۆنیستیو سەرەنجام پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیلو سەرکوتو ئیرهابی ئـەو دەوڵەتـە دژی فەلەسـتینییەکانو پێشـێلکردنی سـەرەتاییترین مافـەکانیان بەپشـتیوانیو پاڵپشـتی ئـەمریکاو بەریتانیاو تەرخانکردنی بڕی ٣مليـار دۆلار سـاڵانە لەلایـەن ئـەمریکاوە بـۆ ئـەو مەبەسـتە، وە سـاتو سەوداکردنی دەوڵەتە عـەرەبییەکانی سەر بە ئەمریکا لەگەڵ ئیسرائیلو دانوسـتان لەگـەڵی، هۆیـەکیتر بـوو بۆئـەوەی بزووتنـەوە ئیسـلامییە ئیرهابیـیەکان پاسـاوێك بـۆ بوونـی خۆیـان بهێننـــەوەو بــەناوی مقاوەمەتو بەرگری دژی داگیرکـاری، لەفەلەسـتینو لوبنـاندا تـیرۆریزمی خۆیـان نمـایش بکـەنو پـلانو نەخشەی جۆراوجۆر بۆ خۆتەقاندنەوەو خۆکـوژیو کوشـتنی خـەڵکی بێتـاوان دابنێـنو ئیسـرائیلییەکان لە منداڵەوە تا بەساڵاچووان بکەن بەنیشانەیەکی پێکراوی خۆیان.

ئەگەر ئەمریکاو ڕۆژئاوا بۆ قازانجی خۆیان زایۆنیزمیان وەکو بزووتنەوەیەکی دژی انسانی بەرداوەتە گیانی خەڵك، ئەوا بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش دەیانەوێ لەڕێگـەی کـرداری ئیرهـابو تیرۆریسـتییەوە هەمان کار بکەن.

## ٧/ بزووتنەوەی سۆسیالیستیو بەرەنگارنەبوونەوەی جددی کۆنە پەرستی ئیسلامی

ئەگەر ئیمپریالیزم، بزووتنـەوە بۆرژوازییـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، حکومـەتو دەوڵەتـەکان، بەرەی کۆنەپەرستیو نەفامی هەریەك بەدەوری خۆی ئاوێکی ڕژاندبێتە ڕەوتی تیرۆریزمی ئیسلامییەوەو گ وڕو تینیان پێبەخشیبێ، ئەوا بەرەنگارنەبوونەوەی جـددی ئـەو هەوڵانـە لەلایـەن بزووتنـەوەی چـەپو کۆمۆنیستییەوە بەتایبەتی لە ٢٠-٣٠ ساڵی ڕابووردوودا فرسەتیداوە بەپەرەسەندنو گەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی. ڕاستە بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستیو بزووتنەوەی چـەپی ئـازادیخوازو چالاکیـەکانیان هیچ سەرچاوەو هۆیەك نینو نـابن بـۆ سـەرهەڵدانو گەشـەی بزووتنـەوەی ئیسـلامییەکان، بـەڵام دیـارە بەرەنگارنەبوونەوەو بانگەشەنەکردن بۆ خەباتێکی بێبڕانەوە لـەدژیان زەمینـەی خۆشـکردووە بـۆ نفـوزو

دەسەڵاتی تیرۆریزمی ئیسلامی.

ئەو خەباتەی چینی کرێکارو چەپو کۆمۆنیستەکان لەئەوروپادا دژی فاشیزمو نازیزم کردیانو هێشتا لەئەوروپادا هەردەیکەنو بەجددی درێژەی هەیە، هەمان خەبات دژی تیرۆریزمی ئیسلامی دەستی پێنەکرد. هێشتا هەر بەپێی پێویست ئەو کارە لەبزوتنەوەی کۆمۆنیستیو سۆشیالیستیو چەپی دنیادا کاتی دەوێ تا بەجددی بکەوێتە جووڵە.

هۆی ئەو کارە پێشینەیەکی مێژوویی درێژی هەیە. زاڵبوونی ستالینیزم لەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهاندا لەدەیەی سێیەکان بەدواوەو هاندانی هەموو حزبو لایەنە کۆمۆنیستییەکان بۆ سازشو مامەڵەگەری لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا بەبیانووی خەبات دژی ئیمپریالیزمو داگیرکاریو پاراستنی یەکپارچەیی نیشتمان، باسکردن لەهاوژیانیو پێشکەوتووخوازی ڕۆڵی مەلاو ئاخوندەکان .. تاد ئەوانە هۆیەك بوون بۆ دەست شلکردن بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکانو دۆستایەتیو هاوپەیمانێتی لەگەڵیان. ئەو میراتە تائێستاش ماوەتەوە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو چەپو سۆشیالیست بەبیانووی دژی ئیمپریالیست بوونی بزووتنەوە ئیسلامییەکان(کەمێژوو پێچەوانەکەی سەلماندووە)، بەبیانووی جەنگی مقاوەمەتو بەرگری "حزب الله"و "حەماسەکان" لەبەرانبەر ئیسرائیلدا، بەشێوەیەك خەریکن پاساو بۆ بوونیان دەهێننەوەو خۆیان لەخەبات دژیان دەبوێرن.

کەم نەبوون ئەوانەی خۆیان بەرەخنەگرێکی جددی ستالینیزم دەزانیو هاوکات بەپەیڕەویکردن لەهەمان میتۆدی ئەو ڕێبازە پشتیوانییان کرد لەموجاهیدنی ئیسلامی ئەفغانستان دژی هێرشو داگیرکاری یەکێتی سۆڤیەت. کەم نین ئەوانەیشی بەبیانووی دژایەتی تیرۆریزمی ئیسلامی بەرەی ئەمریکاو ڕۆژئاوا هەڵدەبژێرن. ئەو ڕیزبەستنو هەڵوێستە ناکۆکانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو سۆشیالیستیو چەپ لەبەرانبەر بەتیرۆریزمی ئیسلامیو شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەدا تاکو ئێستاش بەردەوامە.

لەناو چەپو سۆسیالیستەکانی وولاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا ئێستا لایەنگر بۆ جەنگی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دژی "تیرۆریزم" پەیدابووە، بەو خۆشباوەڕییانەوە کە گورز لەنەیارێکی سەرەکی چەپو سۆسیالیستەکان لەو وولاتانەدا دەوەشێنێو زەمینە بۆ گەشەو سەرهەڵدانی ئەمان لەبارتر دەکا. وە لەناو چەپو سۆسیالیستو کۆمۆنیستەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوایشدا چاوپۆشی کردن هەیە لەئاست کارنامەی ڕەشو تاوانە گەورەکانی تیرۆریزمی ئیسلامیدا(هەرچەندە بەجددی ڕووداوی تیرۆریستی ١١ی ئەیلول ئیدانە دەکەن).

بەڵام ئەگەر ڕابردوو زەرەرو زیانەکانی ئەو چاوپۆشیکردنە بەرۆشنی دەرنەکەوتبێ لەدوای ١١ی ئەیلوول تەواو ئاشکرابووە تیرۆریزمی ئیسلامی مەترسییەکەو هەرچی زووتر پێویستە سەنگەری جددی لەبەرامبەردا بگیرێ. خۆشبەختانە ئەم هۆشیاریو دەرکە تابێ لەپەرەسەندندایە.

# "جەنگ دژی تیرۆریزم" و هێرش بۆ سەر ئەفغانستان

ئەمریکاو بەریتانیا بەدروستی دەڵێن ئەفغانستان بووە بەلانەی تیرۆریزم، بەڵام بەو بیانووە جەنگێکیان لەئەفغانستان بەرپاکردووەو تائێستاش درێژەی هەیە. ئەگەرچی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەم جەنگەدا دەیانەوێ ئەو پرسیارە لەبیری خۆیان بەرنەوە کەبۆچی ئەفغانستان بوو بەلانەی تیرۆریستانو کێ بەرپرسیارە لەحاکمیەتی تالیبان لەو وولاتەداو خۆیان لەوەلامەکەی دەدزنەوە، بەڵام خەڵکی دنیا ڕووداوەکانی ٢٠ساڵی ڕابوردووی ئەو وولاتەی بیرنەچۆتەوەو مەلەفەکەی هەر بەکراوەیی لەبەردەستیاندایە. ئەگەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەیانەوێ ڕووداوەکان لەبیر خۆیان بەرنەوە، ئەوا ئێمە دەبێ بیدەینەوە بەچاویانداو ڕێگای ملهوڕیو شەڕخوازی ئێستایانو ڕێگای دەست لەملانێی تیرۆریزمی ئیسلامیو کۆنەپەرستانیان لێبەستین. هەڵدانەوەی لاپەرەکانی رابردوو زۆربەی ئیدیعاکانو تەبلیغاتە جەنگییەکانی ئەمڕۆی ئەمریکا پووچەڵ دەکاتەوەو سیماو خەسڵەتی دزێوو دژی ئینسانی ئیمپریالیزمی جیهانی ڕوونتر دەخاتە ڕوو.

## دژایەتی یەکێتی سۆڤیەتو پشتێنە سەوزەکەی بریژنسکی !

بریژنسکی راوێژکاری ئەمنی قەومی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا "کارتەر"، بەڕۆشنی لەناوەڕاستی هەفتاکاندا رادەگەیەنێ کەپێویستە بۆ دژایەتی یەکێتی سۆڤیەت دەوڵەتو حکومەتی ئیسلامی سەوز لەو وولاتانەدا دابمەزرێ کەهاووسنوورن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا. بۆ ئەم مەبەستە بوو هێزە ئیسلامییەکانی پاکستانیان بەهێزکردو سەپۆرتیان کردن، تاکو بەدەوری ئەو وولاتەدا پشتێنێکی سەوز پێکبێو ڕێگای گەشەی ئالاسوورەکانو نفووزی رووسیا بگرێ، وەیان کاتێك دەسەلاتی پاشایەتی لەئێراندا لەساڵی ١٩٧٨ دا رووخا بەخێرایی زەمینەیان بۆ هاتنەسەرکاری جمهوری ئیسلامی خۆش کردو بەکۆمەکی ئەوانو پشتیوانیان ئەو رژێمە دامەزرا. بۆ هەمان مەبەست لەئەفغانستاندا تێکۆشانو نەخشەیان دارشت.

دەوڵەتی ئەفغانستان تاساڵی ١٩٧٣ دەوڵەتێکی پاشایەتیو مۆنارکی بوو. ئەو دەسەلاتە سەرباری زەمینە خۆشکردنو دەرگا ئاوەلاکردن بۆگەشەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەئەفغانستاندا بەپلەی یەکەم پشتی بەدەسەلاتی فیوداڵو دەرەبەگەکان بەستبوو. ململانێو بەرانبەرکێی شێوەی

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری‌و لایەنگرانی ئـالوگۆڕی خـێرای ئەفغانسـتان بـەرەو ئـەو ڕژێمـە لەلایـەك‌و دەسەڵاتدارانی خێڵەکی‌و دەرەبەگی کەبەرەو ڕووی ئەو پرۆسەیە دەوەستانەوە یـان هێواشـیان دەکـردەوە، لەلایەکی‌ترەوە ببوو بەململانێ‌یـەکی سیاسـی‌و کۆمەڵایـەتی هەمەلایەنـەو دەیـان سـاڵە لـەنێوان هـێزو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یە جۆراوجۆرەکـاندا. ئـەم کێشمەکێشـمە دوای ووشکەسـاڵی‌و قـات‌وقڕی کۆتـایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو زیـاتر قووڵبـۆوەو پـەرەی سـەندو لـەناو دەسـەڵاتی پاشـایەتی‌و مۆنـارکی‌دا ڕەنگی دایەوەو سەرەنجام "داوود پاشا" توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ‌و "زاهیر شا" لەدەسـەڵات بخـاو نەفی بکات‌و جمهوریەتی ئەفغانستان رابگەیەنێ.

هـەرچی "حزبـی کۆمۆنیسـتی ئەفغانسـتان"ە واتـە "حزبـی دیموکراتـی گـەل" ئـەو بەرانبـەرکێ‌و ململانێ‌یانە کردی بەدوو بەشەوە. ساڵی ۱۹٦۷ ئەو بەشەی لەژێر ناوی "ئالا"دا کاری دەکرد جیابۆوەو بەشەکەی تری لەژێر ناوی "خەڵك"دا درێژەی بەکارو هەڵسووڕانی خۆی‌دا. گرووپی "ئالا" بەڕێبەرایەتی "بابراك" بەهاندانی یەکێتی سۆڤیەت‌و ڕێنمـایی ئـەو پشـتیوانی کـرد لەدەسـەڵاتی پاشـایەتی‌و سـات‌و سەوداو سازش لەگەڵ دەرەبەگەکان‌و دەسەڵاتی مەلاو ئاخوندەکان‌و سەرەنجام گەشەپێدانی سەرمایەداری دەوڵەتی لەو ڕێگەیەوە، بەڵام دەستەی "خەڵك" بەڕێبەرایەتی "ئەمین" ڕێگەی سـات‌و سـەودای لەگـەڵ دەرەبەگی‌و مۆنارکی‌دا ڕەتکردەوەو چاوی بڕی‌بووە ڕێگایەکی ڕادیکاڵ بۆ کۆتـایی پێ‌هێنـانی دەسـەڵاتی دەرەبـەگی‌و فیودالـی‌و دامـەزراندنی مۆدیلـی سـەرمایەداری دەوڵـەتی پێشـکەوتوو. پـاش بەدەسـەڵات گەیشتنی "داوود پاشا" لەژێر پاڵەپەستۆی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا -کەپشـتیوانی لەرژێمەکـەی داود کرد- هەردوو بەشەکە یەکیان گرتەوەو پشتیوانییان بۆ دەسـەڵاتی "داوود"و ڕژێمەکـەی دەربـڕی. بـەڵام فەسـادو بێ‌توانـایی دەسـەڵاتی "داوود" لـەکۆنترۆڵی کێشـمە کێشـە سیاسـی‌یە قووڵـەکاندا زەمینـەی خۆشکرد بۆ گۆڕینی ئاراستە سیاسی‌یەکان.

لەم برگەیەدا ئەمریکا لەڕێگەی شـای ئێرانـەوەو بـەهاندانی ئـەو، هـەوڵیدا ئەفغانسـتان لـەنفووزی یەکێتی سۆڤیەت دووربخاتـەوەو بـەڵێنی کۆمـەکی هەمەلایەنـە بـەداوود پاشـا بگەیـەنێ. داود بـۆ ئـەو مەبەستە هەوڵی‌دا کۆ نترۆلی سووپا بکات‌و لەنفووزو دەسەڵاتی ئۆفیسەرە شیوعی‌یەکان پاکی بکاتـەوە، ئەوانیش بۆ بەرگرتن بەو پیلانە لەنیسانی ۱۹۷۸ دا کۆدەتایـان کـرد بەسـەر دەسـەڵاتەکەی "داود"دا و حکومەتێکی لایەنگری مۆسکۆیان راگەیاند.

حکومـەتی کۆدەتـای ۱۹۷۸ بەڕێبەرایـەتی "ئـەمین" هـەر لەگـەڵ هاتنـە سـەرکاری‌دا کۆمـەڵێك

سیاسـەتو ئیجرائـاتی ڕادیکـاڵو پێشــکەوتووخوازانەی ئــەنجامدا. لــەمانگی ئــابدا ڕیفۆرمـــی زەوی ڕاگەیەنراو بەپێی ئەم ریفۆرمــە لانـی زۆری مڵکایـەتی زەوی بـۆ ٦هکتـار دیـاریکراو هـەر دەرەبـەگێك زەویەکانی لەوە زیاتر بووایە مصادەرە دەکراو بەسەر جووتیـاراندا دابـەش دەکـرا. هـەروەها قـەرزەکانی جووتیـارانو بارمتـەکانیانی هەڵوەشــاندنەوەو کۆمــەکی کــردن بۆکــاری کشــتوکاڵیو هــانیدان بــۆ گەشەپێدانی. جگە لەوە نیەتی ئەوەی دەربڕی کەهەموو مڵکایەتییەکی گەورە مصادەرە بکاو خۆمـاڵی بکاتەوە. هاوکات خوێندنی ئیلزامی بۆ ژنان راگەیاندو شیرباییو ڕێو ڕەسمی کۆنەپەرسـتانەی لـەزەواجو ئـەحوالی شـەخصیدا هەڵوەشـاندەوەو سیاسـەتێکی توندوتیــژی دژ بەدەســەڵاتی مــەلاو ئاخوندەکــان بەڕێوەبرد.

ئەو سیاســەتو ئیجرائاتانـە، بەرەیـەکی ئۆپۆزسـیۆنی لەدەرەبەگـەکانو کۆنەپەرسـتانی ئیسـلامی، مەلاو ئاخوندەکان ،خێڵو عەشیرەتەکان بــەدژی حکومــەتی کۆدەتــای ١٩٧٨ پێکـهێنا. دوو فاکتــەری سەرەکی ئەو بەرە کۆنەپەرستی‌یەی بەهێزکردو دەسەڵاتی فراوانکردەوە:

یەکەمیان: هاندانو دەستێوەردانی ئەمریکاو ڕۆژئاواو هاوپەیمانەکانیان بوو.

ئیمپریالیزمی ئەمریکا نەیدەویست لەئەفغانستاندا کەسنوری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بــوو حکومەتێکی پرۆسۆڤێتی بێتــە سـەرکار. هـەنگاوێکی لـەو جـۆرە پێگەیـەکی زیـاتری دەدا بەسـۆڤیەت لەئاسیای ناوەڕاستداو دەروازەیەکی بەڕوویدا دەکـردەوە بـۆ دەسـەڵات پـەیداکردن لـەئێرانو پاکسـتانو شوێنەکانی تردا. لەبەرئــەوە ئـەمریکاو CIAو پاکسـتانو سـعودیە هـەموو هـەوڵو توانایـەکی خۆیـان خستەگەڕ بۆ هاندانو ڕێکخستنی ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی لــەلادێکانو ناوچـە خێڵەکییـەکاندا بـوونو لەژێر ئاڵای جیهادی ئیسلامیو بەربەرەکانێ لەگـەڵ دەسـەڵاتی کـافراندا کۆیـان کردنـەوە. موجـاهیدنی ئیسلامی یەکەمین شەڕەکانیان لەم بەرەیەدا دژی حکومەتی کۆدەتای ١٩٧٨ دەست پێکرد.

دووەمیان: بارودۆخی ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری خودی ئەفغانستان بوو.

٨٠٪ی خـەڵکی ئەفغانسـتان لـە لادێکـانو ناوچــە خێڵەکییــەکاندا دەژیــانو شــارەکان هێشــتا مەڵبەندێکی لاوازی پێشکەوتنو مەدەنیەت بوون. بۆرژوازی هێشتا وەك چینی سەرەکیو زاڵــی کۆمــەڵ پێنەگەیشتبوو بەو هۆیەوە لاوازو بێتوانابوو. چیــنی کرێکـار جـەوانو تـازە پێشـکەوتوو بـوو. ٩٧٪ی ژنانو ٩٥٪ی پیاوان نـەخوێندەوار بـوون. دەسـەڵاتی دەرەبـەگو خێڵـەکان بەسـەر جووتیـارانو خـەڵکدا دەسەڵاتێکی پایەدارو بەهێز بوو، بزووتنەوەیەکی جووتیاری بوونی نـەبوو کـەخاوەن پێشـینەبێو توانـای

کاری خەباتکارانەی بەردەوامی هەبێ. تەنانەت ٢,٦ ملیۆن کەس لەکاتی کۆدەتای ١٩٧٨ی ئەفغانستاندا کۆچەری بوونو ژیانێکی دوور لەهەموو شارستانی‌یەتێکیان دەبردە سەر.

لەو بارودۆخەدا بەرەی کۆنەپەرستی‌و ئیسلامی دەیتوانی بەئاسانی هێز کۆبکاتەوەو بیکات بەگژی حکومەتی ئەفغانستاندا.

## تەڵەی ئەفغانستان‌و دەستپێکردنی جەنگی ناوخۆ !

پێکهاتنی خێرای ئەو بەرە کۆنەپەرستە فراوانەی باسمانکرد لەسەر یەکرێزی‌و سیاسەتەکان‌و هەنگاوەکانی حکومەتی تازە دامەزراو ڕەنگی دایەوە.

دابەشبوونی ڕابردووی (حزبی دیموکراتی گەل) بەشێوەیەکی تر دەرکەوتەوە. "ئەمین" ناچار بوو "بابراك" بۆ چیکۆسلۆفاکیا دووربخاتەوەو دەست بۆ یەکێتی سۆڤیەت درێژ بکات تابێت بەهانایەوە. بەڵام یەکێتی سۆڤیەت بەپێچەوانەی "ئەمین"ەوە بەجۆرێکی‌تر دەیڕوانی‌یە بارودۆخەکان‌و بەشێوازی خۆی تاقیبی بەرژەوەندی‌یەکانی دەکرد.

یەکێتی سۆڤیەت ئاگاداری پلان‌و نەخشەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوو. دەیوویست هەم ئەو دەسەڵات‌و حکومەتەی هاتۆتە سەرکارو لایەنگری لەو دەکات لەدەستی نەچێ‌و وەکو دەسکەوتێك بیپارێزێ، وە هەم پلان‌و نەخشەکانی ئەمریکا پووچەڵ بکاتەوە. لەبەرئەوە هەولی‌دا یەکەم: "ئەمین" لەدەسەڵات بخات‌و سیاسەتە ڕادیکاڵەکانی رابگرێ، دووەم: سازش‌و سات‌و سەودا لەگەڵ دەرەبەگەکان‌و کۆنەپەرستی ئیسلامی‌دا بکات‌و ڕێگا بگرێ لەتەشەنەکردنیان‌و مەترسی پێکهێنان بۆ سەر دەسەڵاتی حکومەتی کۆدەتای ١٩٧٨و نائارامی دروستکردن بۆ ئەو جمهوریەتە سۆڤێتیانەی بەشێك لەدانیشتوانەکانیان موسڵمانن.

بەڵام یەکێتی سۆڤیەت لەو دوو هەوڵەدا ناکام مایەوە، بەتایبەت بەهۆی ئەو ئۆپۆزسیۆنە بەهێزەوە کەخەریك بوو چارەنووسی حکومەتی ئەفغانستانی دەخستە مەترسی‌یەوە. بەناچار بۆ تاقیبی ئەو سیاسەتانەو جێبەجێکردنیان ٤٠٠هەزار سەربازی ناردە ئەفغانستان‌و داگیری کرد. "بابراك"ی گەڕاندەوەو "ئەمین" نەك هەر لەسەر کار لابرا بەڵکو لەسێدارەش درا بەو مەبەستەی ئاڵوگۆڕەکان هێور بکاتەوەو ئەو ئاگرەی کەئەمریکاو CIA خۆشی‌کردبوو دابمرکێنێتەوە.

بەڵام بەداگیرکردنی ئەفغانستان تەڵەکە بەقاچی یەکێتی سۆڤیەتدا تەقی‌یەوە، ئەو تەڵەیەی کەبریژینسکی راوێژکاری ئەمنی قەومی سەرۆك کارتەر باسی لێوە دەکات‌و دەڵێ ئێمە هەموو هەوڵمان

بۆ ئەوەبوو لەئەفغانستاندا تەڵەیەك بۆ رووسیا بنێینەوەو ناچاری بکەین هێزە سەربازیەکانی بنێرێ بۆ ئەوێو داگیری بکات ! کاتێك ئەوان ئەوکارەیان کرد ئیتر ئەمریکا هەلێکی زێڕینی دەست کەوت تا تۆڵەی جەنگی ڤێتنام ،بەهەر قیمەتێك بێ، لەسۆڤیەت بکاتەوە، بۆیە کەوتە هاندانی موجاهیدانی ئیسلامی تاجیهادی موقەدەس رابگەیەننو هەموو سازشو گفتوگۆیەك رەت بکەنەوەو لەسەر دامەزراندنی دەسەلاتێکی ئیسلامی لەئەفغانستاندا پێدابگرن.

لەم برگەیەدا نە سۆڤیەت ئامادەبوو ملبدا بەدەسەلاتو حکومەتێکی ئیسلامی نە ئەمریکاش ئامادەبوو پاشەکشە بکاتو ئەفغانستان بەو بسپێرێ.

## لە"جەنگاوەرانی ئازادی )یەوە " بۆ "جەنگاوەرانی تیرۆریزم" !

ئەمریکاو CIA موجاهدینی ئیسلامییان ناو نا(جەنگاوەرانی ئازادی). بۆ پشتیوانی لەم جەنگاوەرانە -کەئێستا بوون بەجەنگاوەرانی تیرۆریست دژ بەئەمریکا - لەماوەی نێوان ١٩٨٠ - ١٩٩٢ بایی ٣ ملیار دۆلار چەكو تەقەمەنی بردە ئەفغانستانەوەو موجاهدینی پێچەکدارکرد. بەسەدان ئەفسەری سەربازیو استخباراتی نارد بۆ ئەوێ تا راهێنانیان پێبکەنو توانای شەرکردنیان بەرنەسەر، حکومەتی سعودیەو مصرو پاکستانو وولاتانی خلیج لانی کەم بایی ١٠ملیار دۆلار لەماوەی جەنگی ئەفغانستاندا کۆمەکیان کرد بەموجاهدینی ئیسلامی، بەهاوکاریو کەمپینی ئەوان ٣٤هەزار کەس لەوولاتانی ئیسلامییەوە بەسیج کران تا وەکو موجاهیدێکی خۆبەخش لەو جەنگەدا بەشداری بکەنو لەم ژمارەیەش ٢٠ هەزاریان خەڵکی وولاتانی عەرەبیو بەزۆری سعودیە بوونو "ئوسامە بن لادن"یش یەکێك لەوان بوو. ئوسامە بن لادن لەساڵی ١٩٨٧دا دەڵێ: (بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ شۆڕشی ئەفغانستاندا، حکومەتی سعودیە منی لەپاکستانو ئەفغانستاندا وەکو نوێنەری خۆی هەڵبژاردووە. زۆربەی ئەو خۆبەخشانەی لەوولاتانی عەرەبییەوە بەدەم بانگەوازی جیهادەوە هاتوون من لێرەدا تەجنیدیان دەکەم، کەمپێکم پێکهێناوە کەتیایدا ئۆفیسەرەکانی بەریتانیاو پاکستانو ئەمریکا راهێنانیان پێدەکەن. ئەمریکا چەکمان دەداتێو سعودەیەش پارە).

ئەوانەی لەراهێنانی سەربازی موجاهدیندا بەشدارییان کرد CIAو ISI(واتە دەزگای موخابەراتی پاکستان)و سعودیەو مصرو ئیماراتو ئیسرائیلو بەریتانیا بوون. جەماعەتی ئیسلامی پاکستانیش لەو راهێنانەدا بەشداریان کرد.

بەلام جگە لەراهێنانی سەربازی دەبوو موجاهیدینی ئیسلامی یان (جەنگاوەرانی ئازادی !) لەسەر

توندڕەوی‌و توندوتیژی‌و تیرۆریزم بەرانبەر بەدوژمن ڕابهێنرێن تا بەهەر شێوەیەك بووە ئەو جەنگە دژی سۆڤیەت نەدۆڕێنن.

ڕێبازی "وەهابیزم"ی سعودیە کەغەرقی دواکەوتوویی‌و سەلەفیەت‌و دڕندەیی‌یە بەتێکەڵی لەگەڵ بیروبۆچوونە سەلەفی‌یەکانی "دیوباندی" کە مەزهەبێکی سەلەفی سوونی‌یەو بۆ سەدەی دوازدەهەم دەگەڕێتەوە، بوو بەمادەیەکی تەبلیغ کردن لەقوتابخانە ئایینی‌یەکاندا، ئەو قوتابخانانەی لەهەموو ناوچە سنووری‌یەکانی پاکستان لەگەڵ ئەفغانستاندا بڵاوبوونەوەو ژمارەیان نزیکەی ٥,٩٠٠ دانە بوو. ئەو قوتابخانانە بوون بەسەرچاوەیەکی سەرەکی گێژکردنی دەیان‌و سەدان هەزار ئەفغانی کە بەناچاری لەتاو شەڕو کوشتار بۆ پاکستان هەڵهاتبوون‌و لەکەمپ‌و خێوەتگاکاندا نیشتەجێبوون. سەرچاوەیەکی ژیانی ئەو ئاوارانە بوو بەچەکداری‌و شەڕکردن لەبەرەکانی جەنگدا. ئێرانیش بەدەوری خۆی دەوری گێڕا لەبڵاوبوونەوەی خورافاتی دینی‌و مەزهەبی‌دا لەناو ئەو ٢ ملیۆن ئەفغانی‌یە کەئاوارەی ئەو وڵاتە ببوون.

بەڵام ڕێکخستنی جەنگێکی لەو جۆرەو بەخێوکردنی سوپایەکی تەقریبەن ١٠٠ هەزار کەسی، سەرەڕای کۆمەك‌و شتیوانی بێ‌دریغی پترۆدۆلارەکانی سعودیەو ئیمارات‌و شێخ نشینەکانی کەنداو، پێویستی بەسەرچاوەی مالی‌و دارایی گەورەتربوو. بۆ دابینکردنی ئەوەش موجاهیدینی ئیسلامی ڕێگایەکی دژی ئینسانی تریان هەڵبژارد ئەویش چاندنی تلیاك‌و بازرگانی‌کردن بوو پێوەی. ئەو بازرگانی‌یە پڕ قازانجە توانی ببێ بەسەرچاوەیەکی دارایی گرنگ بۆ بەرەکانی شەڕو هاوکات خۆشگوزەرانی‌و سەرمایە کەڵەکەکردن بۆ بەرپرسان‌و فەرماندەکانی موجاهیدینی ئیسلامی دابین بکات.

## ئاکامەکانی جەنگ‌و تراژیدیاکانی!

دوای ١٠ساڵ‌و لەشەڕو ململانێ‌و داگیرکاری یەکێتی سۆڤیەت‌و جەنگی موجاهیدینی ئیسلامی سەرەنجام لەساڵی ١٩٩٢دا بەڕووخانی حکومەتەکەی نجیب الله و بەدەسەڵات گەیشتنی موجاهیدینی ئیسلامی کۆتایی هات.

یەکێتی سۆڤیەت ساڵی ١٩٨٩ هێزە سەربازی‌یەکانی لەئەفغانستان کێشایەوەو لەچوارچێوەی ڕێککەوتن‌و سازشێکی سیاسی ئاشکرادا کۆمەك‌و پشتیوانیشی لەحکومەتەکەی نجیب الله بڕی، هاوکات ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی‌و پاکستان لەسەر کۆمەکی سەربازی‌و ماددی بەئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی بەردەوامبوون‌و ئەمەش بەخێرایی ڕێی خۆشکرد بۆ ڕووخانی ئەو حکومەتەو هەرەسهێنانی.

لەو شەڕە ١٠ ساڵەیەدا، جگە لەخەسارەتە گیانی‌یەکانی رووسیا کە٥٠ هەزار کوژراوو ٣٥ هەزار

بریندرابوو ، خەسارەتە ماددیەکانیشی بە ٤٥ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێ. ئەمریکاو سعودیەو پاکستان لەو شەڕەدا دەیان ملیار دۆلاریان سەرف کرد. ژمارەی ئەو ئەفغانیانەی کوژران لەنێوان ١,٢ تا ٢ ملیۆن کەسدایە. بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیاری باڵای مافی پەنابەرانی UNHCR کە لەساڵی ١٩٩٣دا بلاوی‌کردەوە ساڵی ١٩٩٢ ئاوارە ئەفغانی‌یەکان ٤,٢ملیۆن کەس بوون ٢,٩ ملیۆن لەوان لەووڵاتی ئێراندا بوون. ٨٠ ٪ی ماڵو بیناکانی کابولی پایتەخت لەو شەڕەدا وێرانبوون. ٣/١ی زەوی‌یە کشتوکاڵی‌یەکان تەلەف بوون. بەپێی ڕاپۆرتیUN لەدوای ئەو شەڕەوە خەڵکی ئەفغانستان پێویست بوو ١٢٤ ملیۆن دۆلاریان وەکو کۆمەکی بەپەلەی ئینسانی پێبگات، بەڵام لەم کۆمەکە دوای چەند ساڵ تەنها ٦٥ ملیۆن دۆلاریان پێ‌گەیشتووە.

ئەو بەڵێنو وەعدانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دایان دوای شکستو هەرەسی سۆڤیەتو حکومەتەکەی نجیب الله هیچ بایەخێکیان نەماو ئەفغانستان بەکاولیو وێران کراوی درا بەملی ئیسلامی‌یەکاندا. ئەو بەرەیەی کە لەبەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتو حکومەتەکەی نجیب الله دا پێکهاتبوو بەخێرایی دوای بەدەسەڵات گەیشتنیان د رزی تێ‌کەوتو بەهۆی ململانێو تەدەخولی ئێرانو پاکستانو سعودیەو ناکۆکی قووڵو لەچار نەهاتووی موجاهیدینی ئیسلامی لەناو خۆیانداو کێشەی تائیفیو خێڵەکی لەمێژینەی ئەو ووڵاتەوە هاوپەیمانانی دوێنێ بوون بەدوژمنی سەرسەختی یەکتر.

شەڕو پێکدادانی سەربازیو میللیشیا یی نێوانیان مەسەلەیەکی چارە هەڵنەگربوو. لەساڵی ١٩٩٤دا شەڕی "برهان الدین ربانی" (سەرۆکی ئەفغانستان)و "گلبدین حکمتیار" سەراسەری ئەفغانستانی گرتەوەو ژیانی ٥٠ هەزار کەسی تری دروێنە کردو لەهەموو ڕوویەکەوە پەرەیدا بەهەژاریو ئاوارەییو برسێتیو قاتو قڕی، پە رەیدا بەفەسادو ئیغتصابو بازرگانی شەڕو تلیاك.

لەکاتێکدا ئاکامە ترسناکەکانی ئەو شەڕە خەریك بوو جڵەو لەدەست پاکستانو ئەمریکاو سعودیە دەربکاتو هێزەکانی سەربە ئێران لەو شەڕو ململانێ چەکدارانەدا پێشڕەویان کرد، ئیتر پێویست بوو پاکستانو ئەمریکاو سعودیە کارێك بکەنو بەهەر شێوەیەك بووە ئەفغانستان بگێڕنەوە بۆ ژێر نفوزو دەسەڵاتی خۆیانو شکست بەتەدەخولو نفوزی جمهوری ئیسلامی ئێران بهێنن. تاڵیبان لەم پێویستیو زەرورەتە سیاسیو ناوچەیی‌یەوە سەری هەڵدا.

## کێ "تاڵیبان" ی دروستکردو کێ بەدەسەڵاتی گەیاند؟

ئەو (ڕۆبن هود)ەی کە دەبوو ئەمریکاو بەریتانیاو پاکستان دروستی بکەن تا لەو تەنگژەیە ڕزگاریان بکات تاقمی مەلا عمرو تەلەبەکانی بوو.

قووڵبوونەوەی شەڕی نێوان تاقمو ڕەوتە ئیسلامی‌یەکانی ئەفغانستانو بێزاریو نارەزایەتی قووڵی خەڵك لەدەسەڵاتو ململانێ‌کانیانو پێویستی بەدیهاتنی ئاشتیو ئاسایش، ئاوارەبوونی ملیۆنەها ئەفغانیو هەڵهاتنیان بۆ پاکستانو نیشتەجێبوونیان لەکەمپو خێوەتگاکاندا، ناچاربوونی خەڵك بۆ هەڵهاتن لەشارەکانو ڕووکردنە شاخو کێوو لادێکانو .. تاد زۆر فاکتو هۆیتر تێکڕا زەمینەیان خۆشکرد بوو بۆ پەرەدان بەنفوزی تاقمەکەی مەلا عمر کە لەسەرەتادا لە ٣٠ گەریلا پێکهاتبوون.

لەواقعدا پەرەسەندنی نفوزی تاڵیبانو سەرەنجام بەدەسەڵات گەیشتنی، بەرهەمو ئاکامی خواستی خەڵکی ئەفغانستانو خستنەڕووی ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارە نەبوو، بەڵکو پێش هەموو شتێك نیشانەی بێ‌بەدیلیو بارودۆخی قەیرانو تەنگژەکان بوو. وەکو چۆن بۆرژوازی ئەڵمانیا لەدەستەوەسانی خۆیدا "نازیزم"ی بەردایە گیانی خەڵك، بەهەمان شێوە تاڵیبانیان وەکو هێزێك کەنوقمی سەلەفیەتو دواکەوتوویی بوو پێکهێناو بەخێویان کردو بەریان دایە گیانی خەڵکی ئەفغانستان و هەموو ئەو هێزو ڕێکخراوە ئیسلامیانەی تر کە هەموو سنوورێکیان بەزاندبوو، وەیان خەریك بوو ئەفغانستانیان دەکرد بەلانەیەکی جمهوری ئیسلامی.

لەماوەیەکی کەمدا پاکستانو سعودیەو ئەمریکا هەموو کۆمەكو چەكو تەقەمەنی‌یەکیان لەهێزە بەشەڕ هاتووەکانی ئەفغانستان بڕیو تەواوی ئیمکاناتو تەقەمەنیو چەکیان بۆ هێزەکانی تاڵیبان تەرخان کردو لەڕێگەی قوتابخانە ئاینی‌یەکانی ئەفغانستانەوە بەهەزاران چەکداریان بۆ بەسیج کرد. پێشڕەوی‌یەکانی تاڵیبانو پاشەکشەکردن بەنەیارەکانی زۆر بەخێرایی دەستی پێکردو سەرەنجام کابولی پایتەختی داگیرکردو دواتریش ٩٠٪ی خاکی ئەفغانستانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. سەرەڕای ڕێککەوتنو هاوپەیمانێتی ربانیو حکمتیار پێکەوە دژ بە تاڵیبان، نەیانتوانی لەبەرەکانی شەڕدا هێزەکانی تاڵیبان بشکێنن. ئەو حکومەتەی تاڵیبان پێکی هێنا بەخێرایی پاکستانو سعودیەو ئیماراتو ئیعترافیان پێکرد.

ئەوەی کە تاڵیبان چی بەسەر ئەفغانستان هێنا، چۆن بەربووە گیانی ژنان، چۆن کرێکارانی لەسەر کار دەرکردو خۆی لەهەموو مەسئولیەتێکی حکومەتی دزی‌یەوە، چۆن پاکسازی دینی بەڕێوەبرد، چۆن

ئاگری دوو بـەرەکی تـائیفیو خێڵـەکی خۆشـکرد، چـۆن قوتابخانـەکانی داخسـتو بـەحوجرەکان جێگـای گرتەوە، چۆن هەموو شوێنەوارێکی مەدەنیو ئینسانی سڕیەوە، چۆن مۆسـیقاو گۆرانـیو هەڵپـەڕکێی قەدەغـەکردو تەنانـەت پەیکـەرەکانی بـوزای تـەقاندەوە چـۆن ......... بـەکورتی چـۆن بەربەریـەتێکی لەئەفغانستاندا دامەرزاند، ئەوە ئێستا زۆربەی میدیاکانو وەکالەتەکانی هەواڵو لەپێش هەمووشیانەوە ئەمریکاو رۆژئاوا باسی دەکەنو بەپاراویو زیندوویی لەسەری دەدوێن. لەبەرئەوە پێویست ناکات ئێمـە لەو بارەوە قسەیەکی ئەوتۆ بکەین.

بـەڵام بـۆ ڕوونکردنـەوەی ڕیشـەی ئـەو بارودۆخـەو بەدرۆخسـتنەوەی میدیاکـانی ئـەمریکاو هاوپەیمانەکانیو پەردە لادان لەسەر ریاکارییـەکانیان لـێرەدا باسـکردن لەچـەند تەوەرەیـەك بەپێویسـت دەزانین:

## مەسەلەی ژنان

هـەرکات باسـی تاڵیبـان دێتـە نـاوەوە دەسـبەجێ بـاس لـەدیلێتیو کۆیلـەتی ژنـان لەسـایەی ئـەو دەسەڵاتەدا دەکرێ. لەدنیای هاوچەرخی ئەمڕۆدا ئەوەی تاڵیبان بەسەر ژنانیدا هێناوە لەهەموو مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا کەم وێنەیە.

بەڵام پرسیار ئەمەیە چ بارودۆخێکی سیاسیو کۆمەڵایـەتی ئـەو چارەنووسـە تاڵـەی کـرد بەنسـیبی ژنان؟

ڕاسیستەکانو مەسیحیە تەبشیرییەکانو لایـەنگرانی ململانـێی شارسـتانییەتەکانو بـانگدەرانی شەڕی خاچ پەرستانە یەکسەر لەوەڵامدا دەڵێن بیروباوەڕی ئیسـلام! وە بـەم جـۆرە دەیانـەوێ مۆرکێکـی دینی بدەن لەشەڕو بەرانبەرکێی ئێستا لەئەفغانستانداو پاسـاوێکی کۆنەپەرسـتانەی بـۆ بهێننـەوە. بـۆ ڕوونکردنەوەی ڕیشەی ئەو بارودۆخەو ریاکاریو دوو ڕوویی دیموکراسی غـەربیو نوێنەرەکانیان ئەبێ ئـەم ڕاستیانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١ / بەپێی لێکدانەوەی مارکسیستەکان بوونی کۆمەڵایەتی هۆشـیاری کۆمەڵایـەتی دیـاری دەکـات نەك بەپێچەوانەوە.

بۆ لێکدانەوەی هۆیە سەرەکییەکانی مامەڵەو ڕەفتاری دژ بەژنانی دەسەڵاتدارانی تاڵیبـان نابـێ بـۆ ١٤٠٠سـاڵ لەمەوبـەر یـان بـۆ بیروباوەڕەکـانو تەعالیمـەکانی (نظـام الدیـن بـن قطـب السـهالوي) کـە لەسەدەی دوانزەهـەمداو لـەچوارچێوەی مەزهـەبی حەنـەفیدا دایڕشـتووەو تاڵیبـان پـەیڕەوی لیّدەکـات

بگەڕێینـەوە. ڕاسـتە بیروبـاوەڕی ئیسـلامو ئـەو چەشـنە تعـالیمو نوسـراوانە زۆر سـەلەفیو دژ بـەژنانو دیلێتیو کۆیلەیەتی دەکەن بەچارەنوسی ژنان، بەڵام دەبێ لەوە بپرسین کە چ بارودۆخێك ئـەو بیروبـاوەڕە سەلەفیو کۆنەپەرسـتانەیەی زیندووکردۆتـەوەو فرسـەتی داسـەپاندنی بـۆ خولقـاندووە؟ بۆچـی بـۆ نمونـە، جمهوری ئیسلامی نەیتوانیوە ئەو بارودۆخەی ئەفغانستان بەسەر ژنانی ئـێراندا بسـەپێنێ؟ بۆچـی حـزب اللەی لوبنانی ناتوانێ بەشێوەیەکی موتلەق ڕێگا لەئازادی ژنان بگرێ وەك تالیبانییەکان؟

پێش هەموو شتێك ئەبێ بۆ بارودۆخی جەنگ بگەڕێینەوە:

أ/ وەك بەرامبەرکێ لەگەڵ حکومەتەکەی کۆدەتای ١٩٧٨ و یاساکانیدا بۆ زیاتر ئازادکردنی ژنـانو دابین نکردنی مافە مەدەنییەکانیان ئەوە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بوو بەهاوکاری سەرۆك خێڵو دەرەبەگـەکانو مـەلاو ئـاخوندە کۆنەپەرسـتەکان مەسـەلەی ژنانیـان وەکـو چـەکێکی کاریگــەر دژی ئــەو حکومەتــە بەکارهێنا. ئەو حکومەتەیان بەسەرچاوەی فەسادو بەدڕەوشـتی ناسـاندو بـەرەی ئۆپۆزسـیۆن بـە بـەرەی ئەخلاقو پارێزەری ژنانیان لەقەڵەمدا، ئەوان بوون ڕێگەیان گرت لەپێشکەوتنی ئـابوریو کۆمەڵایـەتیو دەستیان برد بۆ زیندووکردنەوەو بووژانەوەو بڵاوکردنەوەی فراوانی ئەو بیروباوەڕە ژەنگ گرتووانە لەسـەر بنەمای دابو نەریتی خێڵەکیو دەرەبەگی.

ب/ جەنگ کۆنەپەرستی بە شوێن خۆیدا دەهێنێ. یەکەمین قوربانییەکانی جەنگ ژنانو پەیوەندییە ئینسانییەکانی نێـوان نـێرو مـێبووە. مێـژوو نیشـانی دەدا کەزۆربـەی ئـەو نایەکسـانیو ناتەباییـەی لەپـەیوەندی نێـوان ئـافرەتو پیـاودا دروسـت دەبـێ، وە تەنانـەت زۆربـەی دیاردەکـانی شـزوزی جنسـی سەرچاوەیەکی سەرە کی جەنگەکان بووە. جەنگ لەئەفغانستان لەم یاساو دینامیکییەتە بەدەر نەبوو.

بۆئەوەی جەنگاوەران لەڕووی سێکسییەوە کەبت بکرێنو سۆزو عاتیفـەی ئینسـانییان خەفـە بکـەن دەبـوو : یەکـەم/ ژنـان بەشـێوەیەکی نیمچـە موتلـەق جیابکرێنـەوە تـا کـەمترین لێکـەوتو پــەیوەندی لەنێوانیاندا هەبێ، هاوکـات ژنـان لـەچاوی جـەنگاوەران دوور بخرێنـەوەو داپۆشـرێنو هیـچ شـوێنێکیان بەدەرەوە نـەبێ، دووەم/ جـەنگاوەران بـەبیروباوەڕێك گۆشـبکرێن کەئـەو کـەبتو خەفەکردنـە بەشـتێکی سروشتیو ئاساییو شەرعی لەقەڵەم بداو باوەڕیان پێی هەبێ.

بـۆ پێکـانی هـەردوو ئـەم حاڵەتـە ئیسـلامو بیروبـــاوەڕی ئیســـلامی باشـــترینو کـــاراترین چـــەکی ئایدیۆلۆژیو کۆمەڵایەتی بوو بەدەست موجاهیدینی ئیسلامی ئەفغانستانەوە.

ج/ لەکاتی جەنگی ئەفغانستاندا موجاهیدینی ئیسلامی بەڕەوایان زانیوە وەپاساوی شـەرعییان بـۆ

ئیغتصابو دەستدرێژی جنسی بۆ ژنانی بەرەی موخالف بەخۆیان هێناوەتەوە. بەشێکی گرنگی مێژووی شەڕو داگیرکردنی ناوچەکان لەیەکترو دواتر وەرگرتنەوەی واتە(عملیات الکرّ والفرّ) ئیغتصاب کردنی ژنانو بێحورمەتیو سوکایەتیکردن بووە پێیان. جەنگاوەرانی خەفەکراو لەڕووی سێکسییەوە کاتێك ناوچەیەکیان داگیرکردووە بوون بەدڕندەیەك بۆ گیانی ژنانو پەلاماریان داونو دەستدرێژییان کردۆتە سەریان.

ئەم دیاردەیە نەك هەر تاساڵی ١٩٩٢ بەڵکو دوای ئەویش لەکاتی شەڕەکانی "ربانیو حکمتیار و دۆستم"دا هەر باوبوونو پەرەی سەندووە. موجاهیدینی ئیسلامی بەرامبەر بەژنە موسڵمانەکان(!) خراپتر ئەو کارەیان بەڕێوەبردو ئیغتصابو دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنانیان بەکردەوە حەڵاڵ کرد.

دیسانەوە پاکستانو ئەمریکاو سعودیە ئەو دیاردانەیان کرد بەبنەمایەك بۆ تەبلیغکردنی بیروباوەڕی بەربەریانەی تاڵیبان بەرامبەر بە ژنان. گوایە تاڵیبان بەڕێوەیە ژنان لەو نەهامەتیو دەستدرێژییانە ڕزگار بکات. تاڵیبانیش لەهەر جێگایەك کەدەیخستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بەناوی پاراستنی ژنانەوە درێغی نەدەکرد لەکۆیلەکردنی زیاتریانو داسەپاندنی دیلێتی بەسەریاندا.

٢ / لەکاتێکدا کەئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئیدیعای ڕزگاری ژنان لەچنگ بەربەریەتی تاڵیبان دەکەن، هاوکات بەهەموو شێوەیەك بۆ ڕاگرتنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سعودیەدا تێدەکۆشن. بانێکەو دوو هەوا!

لەهەموو کەس ئاشکرایە کە وەهابیزم سەرچاوەکەی لە سعودیەدایەو تاڵیبانیش ئاوی لەو سەرچاوەیە خواردۆتەوە. هەروەها ڕەفتاری دەسەڵاتدارانی سعودیە بەرامبەر بەژنان هیچی وای کەمتر نییە لەدەسەڵاتدارانی تاڵیبانو ڕەفتاریان بەرامبەر بەژنان. سەرەتاییترین مافی ئینسانی لەژنانی ئەو وڵاتە زەوت کراوەو دیلێتیو کۆیلەیەتییەکی هەمەلایەنەیان بەسەردا سەپاوە. هەروەها ئێستا کە ئۆپۆزسیۆنی باکور بووە بەهاوپەیمانی ئەمریکاو بەشێکی سەرەکی حکومەتی کاتی ئەفغانستان ڕەفتاریان لەگەڵ ژناندا زۆی فەرق نییە لەتاڵیبانییەکان، دەسەڵاتی ئەمان دژ بەژنان لەڕابردوودا و لەئێستاشدا بە بەرچاوی هەموانەوەیە.

## مەسەلەی تلیاك چاندنو تلیاك فرۆشی!

یەکێك لەتەبلیغاتە جەنگی‌یەکانی ئەمرۆی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دژ بەتاڵیبان مەسەلەی چاندنی هیرۆینو بازرگانی کردنە پێوەی. ئێمە پێشتر ڕوونمان کردەوە کەچاندنی تلیاكو بازرگانی‌کردن پێوەیو بوونی ئەفغانستان بە وولاتی پلە یەك لەبەرهەمهێنانی‌دا بۆ چ هۆکارێك دەگەڕێتەوە. بەڵام لێرەدا باس کردن لەخاڵێك گرنگی تایبەتی هەیە ئەویش چاندنی تلیاکە لەناوچەکانی دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی باکووردا.

بەپێی ڕاپۆرتی ئۆفیسی بەرەنگاربوونەوەی تلیاکی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان کەساڵی ۱۹۹۷ بلاوی‌کردەوە بەرهەمهێنانی تلیاك لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی باکوردا (واتە لە ۱۰٪ی خاکی ئەفغانستان) زیاترە لەبەرهەمهێنانەکەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تاڵیباندا. ئۆپۆزسیۆنی باکوور ۱۵۰ تەن تلیاك بەرهەم دەهێنێو تاڵیبانیش ۵۰ تەن. لەکاتێکدا تەبلیغاتە جەنگی‌یەکان بەرامبەر بەئۆپۆزسیۆنی باکور هیچ ناڵێنو هاوکات لەدژی تاڵیبان هەراو زەنای گوێ کەڕ دەکات! ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کەپاکستانو(ISI ) موخابەرات، جمهوری ئیسلامی، جمهوری‌یەتەکانی وەك تاجیکستانو ئۆزباکستانو مافیای ڕوسی، هەریەك لەمانە لەو بازرگانی‌یە ناوچەیی‌یە پڕ قازانجەدا بەشدارنو بەشی شێر بەر ئەوان دەکەوێت.

## ئوسامەو تیرۆریزمی ئیسلامی!

لەهەموو کەس ئاشکرایە کە ئوسامە بن لادن تیرۆریستێکی نێودەوڵەتی‌یەو سەرپەرشتی ڕێکخراوی(القاعدە) دەکات کە تەقینەوەو کاری تیرۆریستی کردووە بە ستراتیژو ئامانجێکی سەرەکی خۆی. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کەکێ ئوسامەی کرد بەتیرۆریستێکی لەو جۆرە؟ بۆچی توانای ئەوەی هەیە کەبەقەولی پنتاگۆن، ئاشتیو ئاسایشی جیهانی بخاتە مەترسی‌یەوە وە یان گوزرێکی وەکو ڕووداوەکەی ۱۱ ی ئەیلول لەگرنگترینو ستراتیژی‌ترین شوێنی دنیای ئەمڕۆ بوەشێنێ؟ بۆچی ئەفغانستان بوو بەلانەی ئوسامەکان؟ وەڵامی ئەمانە سادەیە.

بن لادن یەکێك لەجەنگاوەرانی موجاهدینی ئیسلامی ئەفغانستان بوو کەڕاستەوخۆ بەسەرپەرشتیو ڕاهێنانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی گۆشکراون. ئەو لەئەمریکاوە فێری کاری تەقاندەوەو کوشتنی خەڵکی مەدەنیو بێ‌دیفاعو تیرۆرو ئینسان کوژی بووە، فێری دیماگۆجیەتو فریوکاریو تەڵەکەبازی بووە. بەیارمەتیو هاوکاریو کار ئاسانی CIA لەئەمریکاو وولاتانی

ئەوروپاوە سەروەت‌و سامانی زۆرتری کەڵەکە کردووەو سەرمایەگوزاری کردووە.

بەڵام مەرج نی‌یە جادووگەر کارە جادوگەرەکانی هەمیشە بەقازانجی بشکێتەوە، وەك پەندێکی عەرەبی دەڵێ "انقلب السحر علی الساحر"! ئوسامە تاسەر نۆکەرو جەنگاوەرێکی ئەمریکا نەمایەوەو لێی هەڵگەڕایەوەو پاش شەڕی کوەیت گورزوەشاندن‌و لێدان لەبەرژەوەندی‌یە ستراتیژی‌یەکانی ئەمریکای کرد بەنیشانەی ئامانجە تیرۆریستی‌یەکانی خۆی.

ئەوەی کە ئوسامە ١٠ ساڵە بانگەشەی تیرۆرو تیرۆریزمی ئیسلامی دەکات‌و توانی شەبەکەیەکی بڵاو لەناوچەکەدا پێکبهێنێ، بۆ چەند فاکت‌و هۆیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١ / ئەمریکا لەبەرانبەر هەڕەشەکانی ئوسامەدا نەك هەر بەجددی نەچووە پای ڕووبەڕووبوونەوەو پووچەڵ کردنەوەی، بەڵکو کردی بەداهۆڵێك بۆ ترساندنی دنیاو کردی بەدوژمنێکی ستراتیژی تا لەڕێگەیەوە ملهوڕی سەربازی بەسەر دنیادا بکات‌و هێز بنوێنێ.

لەکاتێکدا دەیزانی‌و زانیاری تەواوی هەبوو کەئوسامە بن لادن تۆڕێکی تیرۆریستی فراوانی پێکهێناوە، بۆ ناساندن‌و دەسگیرکردنی ئەو کەسانە هەولێکی نەدا، لەهیچ دادگایەکی رەسمی‌و نێ ودەوڵەتی‌دا بۆ دەسگیرکردنی ئوسامەو هاوەڵەکانی‌و تەسلیم کردنیان خەباتی نەکرد، وەیان نەچوو ئەو سەرچاوە زۆرو زەبەندانەی لەبانك‌و کۆمپانیا گەورەکانی ئەوروپاو ئەمریکادا خستبوویانە گەڕ ووشك بکات‌و هەولێکی لەو جۆرە بدا.

لەکاتێکدا کەئەمریکا بەرۆشنی لەجموجوڵەکا نی بن لادن ئاگاداربوو، چاوپۆشی کرد لەتەشەنەکردن‌و گەشەکردنی ڕێکخراوی "القاعدە" لەئاسیای ناوەڕاستدا. ئەمریکا لەبەرانبەر رووسیاداو بۆ پاشەکشەپێکردنی زیاتری لەسەرەتاو ناوەڕاستی دەیەی نەوەتەکاندا گەشەی ڕێکخراوەکانی ئوسامەی بەکەڵك‌و پێویست دەزانی تالە چیچا ن‌و جمهوریەتەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەتدا جیهاد هەر درێژەی هەبێ‌و دوا دەسەڵات‌و نفووزی رووسیا تیایاندا ریشەکێش بکرێ. جەنگاوەرانی ئیسلامی چیچان سەرێکیان بەسەری ئوسامەو ڕێکخراوەکەیەوە نابوو، جیهاد دژی رووسیا هێشتا لەروانگەی ئەمریکاوە کارایی خۆی لەچیچاندا لەدەست نەدابوو.

٢ / لەحاڵێکدا هەڕەشەکانی ئوسامە لەئەمریکا جددی‌تر دەبۆوە ئەو بەشێوەی کاوبۆی ڕوبەڕووی ئوسامە بۆوەو دیاری‌و پارەی دیاری‌دەکرد بۆ هەر کەسێك کەئوسامە دەستگیر بکات. لەکاتێکدا بەڕۆشنی دیار بوو کەکارێکی لەو جۆرە هیچ مومکن نی‌یە. ئەو لەئەفغانستاندا خۆی قایم کردبوو،

چارەنووسی خۆی بەچارەنووسی تالیبانەوە گرێدا بۆوە.

هەڵبەت بن لادنیش لای خۆیەوە دەزانێ چۆن بۆ درێژەدان بـەکارو چالاکی‌یـە ئینسـان کوژی‌یـەکانی تێبکۆشـێ. لەئـەمریکاوە فـێری دیماگۆجیـەت بـووە، فـێر بـووە چـۆن کێشـەی فەلەسـتین، بوونـی هێزەسەربازی‌یەکانی ئەمریکا لەناو سعودیەو وولاتانی تری کـەنداودا، مەسـەلەی عـێراقو گـەمارۆدانی ئەو وولاتەو .. ئیستغلال بکاتو بیکات بەپاساوێك بۆ کارە تیرۆریستی‌یەکانی.

بێگومان بوونی "ئوسامەکان" مەترسی‌یەکن بـۆ دنیـای ئـەمڕۆو کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی ئـەتوانێ ڕێو شـوێنی کاریگـەر بـۆ پێش پـێ‌گرتنو ڕووبەڕووبوونـەوەو دەسـگیرکردنو سـزادانی ئـەو کەسـانە پەیڕەوبکاتو ئەو جۆرە دڕندانە بخاتە قەفەسەوە. ئەمە کارێکە دواخستن هەڵناگرێ.

## شەڕ لەئەفغانستان: چەکەکانو قوربانی‌یەکان!

ئەوەی کە لە٧ی ئۆکتۆبەرەوە لەئەفغانسـتاندا دەگـوزەرێ شـەڕ بـەمانا تـەقلیدیو کلاسـیکی‌یەکەی نی‌یە، بەڵکو ملهوڕیو میللیتاریزمێکە کەئاکامو ئەنجامـەکانی لەپێشـەوە دیـاری‌کراون. هـەموو کـەس دەزانێ تالیبان بەپشتیوانی بێدرێغی حکومـەتی پاکسـتان لەسـەرکار بـوو، کـاتێك کـە ئـەو پاڵپشـتو پشتیوانی‌یەی نەما خۆبەخۆ لەبەرامبەر ئەمریکادا هەرەسی هێنا. ئەوەی کەڕوویدا بەدرووستی ئـەوەبوو کـەهێزەکانی تالیبـان بـەو خێرایی‌یـەی کەئەفغانسـتانیان داگیرکرد بەهـەمان خـێرایی لێی کشـانەوەو هەرەسیان هێنا. واقعیەت ئەوەیە کەئەو هێزنواندنەی ئەمریکا کـردی لەبنـەڕەتدا بـۆ رووخـانی تالیبـان نەبوو، بەڵکو بۆ نمایشی سەربازیو تۆقاندنی  دوژمنەکانی بوو. بەڵام ئەگەر ئاکامێکی ڕاسـتەوخۆی ئـەو کردارانەی ئەمریکا رۆیشتنی تالیبان بێ، ئەوا ئاکامێکی تـری قووربانی‌یـە مەدەنی‌یـەکانو ئـاوارەییو لەبرسـا مردنـی خـەڵکی هـەژاری ئەفغانسـتان بـوو. شـەڕ لەبەرزایی‌یـەکانو لەشـوێنێکی دوور لەشـارو شارۆچکەکاندا بەڕێوەنەچووە، بەڵکو راستەوخۆ لەناو ماڵو حـاڵی خـەڵکدا بـوو. هـەزاران تـەن بۆمبـاو موشەك بەسـەر ئـەو خەڵکـەدا دراوەو شـوێنە کاولـەکانی ئەفغانسـتانی وێرانـتر کـردوە. خـودی خۆیـان ڕایانگەیاند کە هیچ شوێنێك نی‌یـە لەئەفغانسـتاندا بـایی پـارەی یـەك موشـەکی کرۆزبـێ کەدەکاتـە ١ ملیۆن دۆلار. بێگومـان دەکـراو دەبـوو زەربـەدان لـەتالیبانو هـەرەس پێـهنانی زەربـە نـەبێ لەخـەڵکی مەدەنیو هەژاری ئەو وولاتە، دەکرا لێدانەکان سەرانی تالیبانو رێکخراوەکەی ئوسـامەی بگرتایەتـەوە، دەکرا خەڵکی ئەو وولاتە ئامادەبکرایـە بـۆ ئـەوەی چارەنووسـی خـۆی لەگـەڵ تالیبـاندا یەکلابکاتـەوەو

هەموو کۆمەكو یارمەتی‌یەك بۆ کارێکی لەو جۆرە پێشکەش بکرایـە، بـەڵام هـەر یـەك لەوانـە رێگـای مانۆڕو هێزنواندنی لەئەمریکا دەگرتو ئەو ئامانجە بەپەلانەی بەشـوێنی‌یەوە بـوو پووچـەڵی دەکـردەوە، وەیان هێزی خەڵکی دەهێنایە مەیدانو رێگای ساتو سەوداو دا نووستانی لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانو هێزە ئیسلامی‌یەکاندا لیٚ دەبەست. بۆیە ئەمریکا لەهەموو ئەوانە خۆی بواردو تەنها رێگا کەهەڵیبژارد لێدانە سەربازی‌یەکانو کوشتنی خەڵکی بیٚدیفاع بوو.

زۆر بیٚشەرمانە شانازی بەوەوە دەکەن کە چەکەکانیان کاریگەرەو کـام ئامـانج سـەختە دەیپێکـیٚو تێکی دەشکێنیٚ، شانازی بەوەوە دەکەن کەفڕۆکەی B52 بەکاردەهێننو بۆمبای ٧ تـەنی دەتەقێننـەوە، شانازی بەوەوە دەکەن موشەکەکانیان ژیرانە ئامانجـەکانیان دەپێکـنو حـەوت مـەتر کۆنکریـت دەبـڕن ! بەڵام کیٚهەیە نەزانیٚ لـەو بۆمبابارانانـەدا بەسـەدانو هـەزاران کـەس کـوژراونو برینداربـوونو لەترسـی کوشتن بەملیۆن کەس ڕایـان کـردووەو ئـاوارەبوون. هـۆی ئـەو کوشـتارانە ئاشـکراو دیـارن. ئـەو بۆمبـا ژیرانەی خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن مایەی شەرمە وەك لەشـانازی. گێلێـتی ئـەو موشـەکانەو وێلکردنـی ئامانجەکانی شتێکی نویٚ نی‌یە، لەکاتی شەڕی کوەیتدا دەیان موشەك ئامانجەکانیان وێـڵ کـردو بەسـەر خەڵکی مەدەنی‌دا تەقینـەوە. قوربانیـانی بۆمباکـانو موشـەکە وێڵـەکانو تەقینـەوەیان لـەعێراقدا ١٧ هەزار کەس بوو، بەتەنها لەپەناگەی عامریەدا ٢٨٧کەس کە ١٥٠ کەسـیان ژنو منـاڵبوون بەرکـەوتنو کوژران. لەیۆغسلافیاشدا وێستگەی تەلەفزیۆنی پراگ بەر بۆمبای پەیمانی ناتۆ کەوتو خەڵکی مەدەنی کرد بـەقوربانی. لەسـاڵی ١٩٩٧دا کەئـەمریکا لەتۆڵـەی تەقینـەوەی سـەفارەتەکانی لـەکینیاو تانزانیـا هێرشی موشەکی کردە سەر ئەفغانستانو سۆدان، کارگەیەکی دەرمان سازی لەسۆدان بوو بەئامانجی ئەو موشەکانەو وێرانبوو، یـەکێك لەمووشـەکەکان کەژیرانـە ڕەوانـە کرابـوو نەگەیشـتە ئـەویٚو لەپاکسـتان بەسەر خەڵکی مەدەنی‌و بیٚدیفـاعی لادیٚـیەکی سـەر سـنووردا تەقی‌یـەوە، هـەر ئێسـتا کـەسو کـاری قووربانی‌یـەکان لەدادگایـەکی پاکسـتاندا یەخـەیان بەئـــەمریکاو کلنتـــۆنو ئۆڵـبرایت گرتـــووەو داوای قەرەبووی زیانەکانیان دەکەن.

"بۆمبا هێشوویی‌یەکان"یش لەبۆمباو موشەکە ژیرەکان خراپترن. شارەزایانی بواری سەربازی باش دەزانن کەئەو بۆمبایانە بەگشتی ٥٠ ٪ی ئامانجەکانی خۆیان ویلّ دەکەن، وە ئەم بۆمبایانە بەشێوەیەکی بەربلاو لەم جەنگەدا لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمریکاوە بەکارهاتوون. بەڵام جگـە لـە کوشـتارو وێرانکـاری بۆمباو موشــەکەکان، لایـەنێکی تـری ڕووداوەکـانی جـەنگ ئـاوارەیی زیـاترو کۆچـی ملیۆنـی خـەڵکی

ئەفغانستانە ڕووەو سنوورەکانو بێخۆراکیو بێدەرمانی ئەوانە. ڕۆژانە میدیاو شاشەی تلفزیۆنەکانو ڕۆژنامەکان ئامارو ژمارەی تازە سەبارەت بەخراپیو نالەباری ژیانو گوزەرانی ملیۆنەها ئەفغانی دەخەنە ڕوو.

پرسیار ئەوەیە کەئایا کوشتنی خەڵکی مەدەنیو بێدیفاع خۆی لەخۆیدا تیرۆریزم نییە؟ ئایا ئەو کارە کردەوەی ئەو تیرۆریستانە نییە کە دەوڵەتیان هەیەو بەتازەترین چەكو تەقەمەنی نەخشەی بۆ دەکێشنو جێبەجێی دەکەن؟

## هەرەسی تاڵیبانو ئەزمەی بەدیلەکان

هیچ کەسێکی ئازادیخواز نییە بەهەرەسو ڕۆیشتنی دەسەڵاتی تاڵیبان خۆشحاڵ نەبێ. یەکێك لەو دەسەڵاتە بەربەریانەی تیرۆریزمی ئیسلامی بەسەر هەزارترین بەشی خەڵکی دنیادا سەپاندبووی لەماوەیەکی کەمدا هەرەسی هێنا.

بێگومان ئەگەر خەڵکی ئەفغانستان خۆی دژ بەتالیبان ڕاپەڕینی بکردایە جارێکی تر کەس لەشەقامو کۆڵانەکانیشدا لەترسی تووڕەییو نەفرەتی خەڵك، نەیدەوێرا باسی ئیسلامخوازی بکات، چ جای ئەوەی دەم لەدەسەڵاتێکی ئیسلامی بکوتێ. ئێستاش کەتاڵیبان لەئاکامی کردەوەیەکی سەربازیدا ڕۆیشتو وەو لەبەشێك لەشارەکاندا ئۆپۆزیسیۆنی باکور هاتووەتە جێگای، بەو مانایە نییە کە خەڵك پێشوازییان لێدەکاتو ملی بۆ دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی ئەوان درێژ کردووە.

خەڵکی ئەو وواڵتە باش دەزانێ کە "بورهان الدین ربانی" تاوانباری جەنگی ناوخۆیەو لەگەڵ "حیکمت یار"دا بەرپرسن لەکوشتنی زیاتر لە٥٠هەزار کەسو وێرانبوونیماڵو حاڵی خەڵكو ئاوارەبوونیان، بەرپرسن لە سوکایەتیو ئەتك کردنی ژنانو بازرگانی تلیاكو .. تاد. (دۆستم)هەم بازرگانی شەڕو هەم قاچاخچی تلیاكو بەرپرسە لەکوشتاری خەڵكو ڕۆژ ڕەشییەکانیان، "زاهر شا" لەساڵی (١٩٧٣)ەوەو پێش ئەوەی بەچەند مانگێك لەلایەن "داود"ی ئامۆزایەوە لەدەسەڵات دوور بخرێتەوە بەرپرسە لەمردنی ١٠٠ هەزار کەس، چونکە ڕێگەی نەدا دەرگای عەمارەکانی خواردنو خۆراك لەکاتی گرانیو قاتو قڕییەکدا بۆ خەڵك بکرێتەوەو بەهۆی ئەو کارەوە ئەو ژمارە زۆرە گیانیان لەدەستدا !

بەڵام جگە لەتاوانەکانی ڕابووردووی جێنشینەکانی تاڵیبان، ئایندەی ئەفغانستان هەر لەسایەی ئەو

هێزو تاقمانەو دەسـەڵاتە خێلەکی‌یـەکاندا دووره لـەئارامی سیاسـی‌و کۆتـایی هـاتنی یـەکجاری شـەڕو جەنگەکان. لەواقعدا ڕۆیشتنی تالێبان تەنها دەکـرێ وەکـو دەسـتپێکردنی دەورەیـەکی نـوێ لـەململانێ سیاسی‌و قەومی‌و نەژادی‌و دینی‌و خێڵەکی‌یەکان‌و پێکدادانـی نێوانیـان چـاو لی‌بکـەین. هیـچ هـێزێکی سیاسی سەرتاسەری‌و کاریگەر لەئەفغانستاندا نی‌یە کەلـە سـەروو ئـەو پێکـهات‌و ململانێ‌یانـەوە بـێ‌و تەرەفێك یاخود لایەنێکی نەبێ. (پشتۆن)ەکان پاکستان پشتیوانییان لێدەکات‌و دوای ڕۆیشـتنی تالیبـان ئەو پشتیوانی‌یە زیاتر بووەو بووە بەتاکە چـەکێك بەدەسـت ئـەو وولاتـەوە بـۆ کاریگـەری دانـان لەسـەر دەسەڵاتی سیاسی ئایندەی ئەفغانستان‌و دیاریکردنی ڕووداوەکان بەقازانجی خۆی. (هەزەرەکان) جمـهوری ئیسـلامی ئـێران پشـتیوانییان لی‌دەکـات، (ئۆزبەکی‌یـەکان‌و جـەنراڵ دۆسـتم) ڕوسـیاو ئۆزباکسـتان‌و (تاجیکـەکان)یـش تاجیکسـتان‌و هندسـتان پشـتیوانییان لی‌دەکـات. هـەموو ئـەم هـێزو دەوڵەتانـە لەململانێ‌کانی ئێستای ئەفغانستاندا تاقیبی بەرژەندی‌یەکانی خۆیان دەکەن‌و بۆ پچڕینی زۆرترین بـەش لەدەسەڵاتی سیاسی‌و پاشەکشە بەنەیارەکانیان تێ‌دەکۆشن. نـە ئـەمریکا دەتوانـێ پـاڵ بەبەرژەوەندی‌یـە تایبەتی‌یەکانی ئەو وولاتانەوە - بەتایبەتی ڕوسیا- بنێ‌و حکومەتی لایەنگر لـەخۆی فـەرز بکـات، نـە ئەو دەوڵەتانەش ئامادەن بەبەشی کەم ڕەزامەندی نیشان بدەن.

ئـەو حکومەتـە هاوبەشـەی لـەنێوان ئۆپۆزسـیۆنی بـاکورو زاهرشـاو هـەندێك لەپشـتۆنەکاندا ساغکراوەتەوە بووە بەچوارچێوەیـەك بـۆ بەشـکردنی دەسـەڵات لـەنێوان ئـەو هێزانـەدا، گەیشتن بەهـەر ڕێکەوتنێکی هاوبەش‌و کاتی زەمانەتی ئەوە ناکات ململانێ لەسەر بەشەکان‌و داواکردنـی بەشـی زیـاتر دەست پێ‌نەکاتەوە.

لەم بارودۆخەدایە بەبیانووی نوێنەرایەتی پشتۆنەکان‌و بۆ ڕازی کردنی پاکستان قسە لەسەر بەشـداری کەسایەتی‌یەکانی پێشووی تالێبـان لەحکومـەتی هاوبـەش‌و کـاتی‌و لەدەسـەڵاتداریێتی شـارەکاندا دێتـە ناوەوە، ئەو تالیبانەی لەدەرگاوە کرایە دەرەوەو دەیانـەوێ لەپەنجـەرەوە بیکەنـەوە بـەژووردا. نـاوەڕۆکی کاری ێکی لەو جۆرەو هەتا هێنانە گۆڕی باسێکی لەو چەشنە جگە لەوەی بەیانکردنی ئاشکرای ناوەڕۆکی ئەو دیموکراتی‌یەیە کەئەمریکا بۆی تێ‌دەکۆشێ، هاوکات شەڕی کوەیت‌و (صدام حسین)مان بیردەخاتەوە. ئەو خەڵکەی لەگشت ڕژێمی بـەعس‌و سـەرانی ڕژێـم‌و تاوانـەکانیان نـاڕازی‌بوون‌و دەیانویسـت بەهـەمان حکومەتی بەعس‌و (بێ صدام حسین) ڕازییان بکەن‌و بەو ئاڵوگۆڕەش بڵێن دیموکراتیەت !

## جەنگ دژی تیرۆریزم و ئەزموونی ئەفغانستان!

ڕووداوەکانی ئەفغانستان بەڕۆشنی ناوەڕۆکی دژی ئینسانی ئەوەی ئەمریکاو بەریتانیا پێی دەڵێن (جەنگ دژی تیرۆریزم) خستەڕ ووو. دەرکەوت پڕیشکی شەڕی ئەمریکاو جەنگەکانی ناوچەیەك و وڵاتێك بگرێتەوە زنجیرەی نائارامی سیاسیو تراجیدیا دەست پێدەکات و مەعلوم نابێ کەی و چ کاتێ کۆتایی دێت. هەروەها ئەو ڕووداوانە بێهیچ ڕتووشێك نیشانیدا کەجەنگی ئەمریکا تەنها دژی ئەو تیرۆریزمەیە کە دژی خۆی بێت نەك بەگشتی دژایەتی تیرۆریزمی ئیسلامی بێت. تەنانەت ئەوانەی دوێنێ تیرۆریست بوون دەکرێ سبەی ببن بەهاوکارو دۆستی ئەمریکاو بەشدار لەحکومەتێکی لایەنگر لەودا بەو مەرجەی نەخشەو پیلانە تیرۆریستییەکانیان لەئەمریکا بەدوور بێ.

بەڵام واقعیەتی پایەییتر لەوانە ئەوەیە کە ئەمریکا ئەو هێزە نییە بڕیاری یەکەم و کۆتایی لەدەست خۆیدا بێو مل بۆکەس درێژنەکات. تەنگژەو بێتوانایی ئەمریکا لەچارەسەری کێشەی ئەفغانستان و بەدیهێنانی ئارامی سیاسیو دامەزراندنی حکومەتێکی لایەنگر لەخۆی هەر لەپێش دەستپێکردنی شەڕەکەوە کەوتە ڕ ووو. ئەو بەبێ ئۆپۆزسیۆنی باکورو ڕوسیا نەیتوانی پێشڕەوی بکات، بەبێ پاکستان نەیتوانی بۆمبایەك بتەقێنێ، بەبێ رازیکردنی دەوڵەتانی ئیسلامی نەیتوانی موشەکێك بهاوێ. جیهانی دوای ١١ ی ئەیلول جیهانی بەئەمریکایی کردنی دنیا نابێ. " جەنگ دژی تیرۆریزم" هەر کەنیشتەوە سەر زەوی لەگەڵ بنبەست و تەنگژەی قوڵدا بەرەو ڕووبوو.

## ئەفغانستان بەرەو کوێ؟

ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو تیرۆریزمی ئیسلامی،هێزو تاقمە سیاسییە بۆرژوازییەکانی تر تێکڕا خەریکن تەمەنی ڕۆژڕەشیو هەژاریو نائارامی سیاسیو ڕێگەگرتن لەهاتنە مەیدانی ئیدارەی خەڵك درێژتر دەکەنەوە.

کۆمۆنیستەکانو ئازادیخوازانی دنیا، بەتایبەتی هێزە چەپو کۆمۆنیستەکانی ئاسیای ناوەڕاست پێویستە بۆ بەدیهێنانی چارەنوسێکی تر تێبکۆشن. خەبات و تێکۆشان لەئەفانستان و ناوچەکەدا دەکرێ تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێ:

١ / دەسەڵاتی ڕەشی تاڵیبان ئەبێ بەتەواوی و بەیەکجارەکی کۆتایی پێبێ. پێویستە هەموو هەوڵ و توانایەك بخرێتە گەڕ تا تاڵیبانێکی ترو هاوشێوەکانی نەگەڕێنەوەو جارێکی تر بەربەریەت بەسەر خەڵکدا نەسەپێنن. سەرانی تاڵیبان ئەبێ دادگایی بکرێن و بەتۆمەتی تیرۆ ریزمی ئیسلامی سزا بدرێن.

ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کارێکی وا ناکەنو خۆیانی لیَدەدزنەوەو تەنانەت دەشیان پارێزن. ئەمە هەر ئەو هێزانەن کەساڵی ١٩٤٣ کاتێك لەجەنگی جیهانی دووەمدا ئیتاڵیایان داگیرکرد جەنەراڵە فاشیستەکانیان پاراست تەنانەت سازشیان کرد لەگەڵ مۆسۆلینیدا، ئەوە بوو هێزە چەپو شیوعییەکان ڕێگایان پیَنەدانو داوای دادگاییکردنی فاشیستەکانو سزادانی ئەوانەیان کردو سەدان هەزار کەس بەخۆپیشاندانو ڕیَپیَوانەکانیان ڕێگایان گرت لەدامەزراندنی دەسەڵاتێکی فاشیستی نویَ.

لەواقعدا هەر هێزی جەماوەری خەڵکە کەدەتوانیَ پلانو نەخشەکانی پاراستنی تیرۆریزمی ئیسلامی پووچەڵ بکاتەوەو ئەو خواستو داواکارییە بەسەریاندا بسەپێنیَ.

٢- خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك کەپشتی بەئیرادەو هەڵبژاردنی خەڵك بەستبیَ، دەوڵەتێك کەمافی هاووڵاتیبوونی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی ئەفغانستان بەرەسمی بناسیَو بەدوور بیَ لەهەر دابەشبوونێکی نەژادیو دینیو خێڵەکیو هەرچەشنە دابەشبونێکیتر ، دەوڵەتێك کەدین لەکاروباری سیاسیو بەڕێوەبردنی کۆمەڵو پەروەردەو فێرکردن جیابکاتەوەو وەکو کاری تایبەتی کەسەکان چاوی لێبکات. هەروەها خەبات بۆ دابینکردنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانو دابینکردنی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو.

٣- دژایەتی نەخشەو پرۆژەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکەو هێزە کۆنەپەرستو بۆرژوازییەکانی ناوخۆ بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سەروو خەڵکیو سەپاندنی بەسەر خەڵکدا.

# لە بەرانبەر ڕووداوی ١١ ئەیلولدا:
# بۆچی ئەمەریکا شەڕی ڕاگەیاند ؟

هۆکاری ڕاگەیاندنی (جەنگ دژی تیرۆریزم)و سەرەتای بەڕێوەبردنی ئەو جەنگە لەئەفغانستاندا ناکرێ وەکو تۆڵەکردنەوە یان وەکو(حەقی دیفاعی شەرعی) ئەو وڵاتە لەبەرامبەر بەکارە تیرۆریستییەکاندا وەسفی بکەین. ڕاستە چەند شوێنێکی ستراتیجی ئەو وڵاتە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە وێرانو خاپووربوونو نزیك بە ٥ هەزار کەس بوون بەقوربانی تیایدا، ڕاستە ئەمریکا هەیبەتی هاتە خوارەوەو حەپەسا بوو، لەژێر گوشاری ڕای گشتیدا پێویست بوو کارێك بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا ڕیشەو هۆکاری ڕاگەیاندنی شەڕ لەلایەن ئەمریکاوەو پشتیوانی وڵاتانی ناتۆو ئەنجومەنی ئاسایش لەهەر کردەوەیەکی سەربازی کەئەمریکا ئەنجامی بدا، ئەوانەی سەرەوە نییە، ئەوانە تەنها دیوی دەرەوەو ڕواڵەتی مەسەلەکانن.

ئەگەر جەنگ درێژەدان بێت بەسیاسەت لەڕێگەی توندو تیژییەوە، ئەوسا دەبێت ئەو سیاسەتو بەرژەوەندییانە دیاری بکەین کە ڕاگەیاندنی جەنگێکی لەو جۆرەی پێویست کردووە.

## هەرەسی نەزمی نوێی جیهانو هەنگاو ڕووەو دامەزراندنی نەزمێکیتر !

لەفراوانترین ئاستدا دەبینین کەئەوەی پێی دەووترا "نەزمی نوێی جیهان" هەرەسی هێناوەو لەڕووی ئابووریو سیاسیو ئەمنییەوە بەنبەست گەیشتووە. پێش ئەوەی هەمەلایەنە لەو بارەوە ڕوونکردنەوە بدەین لەبەراییدا پێویستە ئەوە بڵێین کەڕاگەیاندنی "جەنگ دژی تیرۆریزم" داکوتانی دوابزمارە بەتابوتی ئەوەی پێی دەووترا "نەزمی نوێ"و دەست پێکردنی هەوڵێکی چڕوپڕە لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ داڕشتنو ساغکردنەوەی نەزمێکیتر.

### ١- بن بەستو قەیرانی ئابووری بازاڕی ئازاد !

١١ ساڵ لەمەوپێش کەجەنگی سارد کۆتایی هات بڕیاربوو جیهان لەسایەی ئابووری بازاڕی ئازاددا لەهەژاری، دواکەوتوویی، بێخانەولانەیی، نەبوونی خۆشگوزەرانی ڕزگاری بێو بەهەشتی سەرمایەداری دابمەزرێنێ ! کاتێك مرۆڤایەتی دوای ئەو ١١ ساڵە ئاوڕێك دەداتەوە دەبینێ بەشوێنێکیتر گەیشتووەو سەرمایەداری بۆ جێگایەکیتری بردووە.

بەپێچەوانەی بەڵێنو وەعدەکانەوە دنیای سەرمایەداری، دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتو

سـەرکردەیی‌و دەسـەڵاتی تاقانـەی ئـەمریکا بەسـەر جیـهاندا، لەسایەی بـازاڕی ئـازادو دیموکراسـی‌و جیـهانگیری‌دا، ڕووبـەڕووی بێ‌سەروسـامانی‌و پشـێوی‌و ئـاژاوەی بەرهەمـهێنان‌و نائـارامی سیاسـی‌و کۆمەڵایـەتی‌و قـەیران‌و شـەڕو جەنگـەکان بۆتـەوە. هیـچ ئابووری‌ناسـێکی بـۆرژوازی نـابینی، هیـچ دامەزراوێکی مالی‌و دارایی‌و ئابوو ری گرنگ نی‌یە کە توقعات‌و مژدەی دەستپێکردنی گەشـەی ئـابوری یان تەنانەت بەڵێنی خراپ تر نەبوونی بارودۆخی ئابوری ئێستا رابگەیەنێ.

ڕووداوی ١١ ی ئەیلوول بوو بەو تەڵەزگەیەی پشتی حوشترەکەی شـکاند (القشـة الـتي قصمـت ظـهر البعير). کوتوپڕ رایانگەیاند کەئەو ڕووداوە ئابو وری هەموو دنیای هێنایە لەرزین‌و پاشەکشـەی پێکـرد، ئـەویش بـەو مەبەسـتەی ریشـەی سـەرەکی بنبەسـت‌و رکـودی ئـابووری بـازاڕی ئـازادی سـەرمایەداری بشارنەوەو دایپۆشن، وانیشان بدەن کەڕووداوێکی دەرەکـی لـەدەرەوەی یاسـاکان‌و قانوونـە زاتی‌یـەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پاشەکشەو قەیرانی سەپاندووە. بەڵام هەر رۆژێك تێپەڕدەبێ ناوەڕۆکی ئـەو ئیدعایانە پووچتر دەردەخات. ڕەنگـە هێنانـەوەی راپۆرتێکـی "ئیکۆنۆمیسـت" کەلـەڕۆژی ١٨ی ئـابی ٢٠٠١دا، واتە ٢٤ ڕۆژ پێش ڕووداوی ١١ی ئـەیلوول، بـڵاوی کـردەوە سـەبارەت بەوەزعیـەتی ئـابووری جیهان لەم بارەیەوە بە کەڵك بێ. راپۆرتەکە دەڵێ زۆربـەی ئابووری‌یـە بـەهێزەکانی دنیـا تووشـی رکـودو پاشەکشـە بـوون‌و تـا یەکسـاڵی تریـش نابێ چـاوەڕوانی دەرچـوون لـەو رکـودو پاشەکشـەیە بکـەین. بەرهەمـهێنانی پیشەسـازی ئـەمریکا لـەمانگی تـەمووزدا جـارێکی‌تر بـەڕێژەی 4٪ دابـەزیوە، ئـەو دابەزینەی لەساڵی ١٩٨٣ ەوە ئابووری ئەمریکا بەخۆیەوە نەدیووە. هەروەها ئەورووپا بەڕێژەی 0.5% ، ئەرجەنتین بەڕێژەی 3٪ ، مەکسـیك بـەڕێژەی 4.5٪ ، یابـان بـەڕێژەی 8٪ ، مالیزیـا بـەڕێژەی 10٪ ، تایوان بەڕێژەی 12٪ و سەنغافورە بەڕێژەی 16٪ بەرهەمـهێنانی پیشەسـازی تیایـاندا دابـەزیوە. هـەر بـەپێی ئـەو راپۆرتـە بێکـاری لەئـەمریکادا تـابێت لەزیادبووندایـەو گەیشـتووە بـەڕێژەی 4.2٪ ، لەئەورووپاشدا ئەو ڕێژەیە 8.3٪ .

پێـش ١١ی ئـەیلول رکـودو پاشەکشـەی ئـابووری زۆربـەی بەشـەکانی بەرهەمـهێنان‌و ئـاڵوگۆڕو خزمەتگوزاری لەئەمریکادا گرتبۆوە. گرنگترین ئەو بەشانەی دوچاری پاشەکشـەو قـەیران بـووە بەشـی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەرو خزمەتگوزاری پەیوەندی‌یەکانە(communication). ئاژاوەی بەرهەمـهێنانی سەرمایەداری‌و زێدە بەرهەم بەشێوەیەکی بەربڵاو یەخەی بەم بەشە گرتووەو ئیفلیجـی کـردووە. زۆربـەی سەرمایەداران‌و کۆمپانیا گەورەکان لەچـەند سـاڵی رابـووردوودا بـەهۆی بەدەسـتهێنانی قـازانجی زۆرەوە

ڕوویان کردۆتە ئەم مەیدانەو سەرمایەگوزارییان تێدا کردووە. لەچەند ساڵی ڕابردوودا داواکاری خەڵك بۆ بەهرەمەندبوون لەئامێرە ئەلکترۆنی‌یە پێشکەوتووەکانو بەهرەمەندبوون لەخزمەتگوزاری کۆمپانیاکـانی کۆمیونیکەیشن تاهاتووە زیادی کردووە. بەڵام ئەو داواکاریانە لەسنورێکدا ڕادەوەستێ، بازاڕ پـڕ دەبـێ لەبەرهەمو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریو کڕیارێکی ئەوتۆیان نامێنێو بەدەستهێنانی قازانج پێچەوانە دەبێتەوەو زەرەرو زیانەکان دەست پێدەکەن. پێش لەڕوودانی ١١ی ئـەیلول زۆربـەی کۆمپانیاکـانی ئـەم مەیدانە زەرەرو زیانەکانی خۆیان ڕاگەیاندو بەشێکیشیان هەرەسـیان هێنـاو ئیفلاسـیان کـرد. لـەبازاڕی بورصەو سەهمەکاندا سەهمی(share)ی ئەو کۆمپانیایانە هاتـەخوارەو دوای ڕووداوی ١١ ی ئـەیلولیش گەیشت بەنزمترین ئاستی خۆی.

هەڵبـەت تەنـها ئـەم مەیدانـە کەئـەمڕۆ پانتاییـەکی گـەورەی لـەئابوری سـەرمایەداری وڵاتـانی ئیمپریالیسـتیدا داگـیرکردووە بـەم دەردە نـەچووە، کۆمپانیاکـانی فڕۆکـەوانیو گەشـتوگوزارو خزمەتگوزاریـەکان حـاڵی خراپـترە. بـەهۆی نادڵنیـایی لـەئایندە، هاتنـە خـوارەوەی توانـای کڕیـن، کەمبوونەوەی خزمەتگوزاریەکانی، کەرتی گەشتیاریو هاتوچۆش تووشی رکودو پاشەکشە بووە. زۆربـەی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانیو کەرتی گەشتوگوزار زەرەرو زیانیان لەچـەند مـانگ پێـش لـەڕووداوی ١١ی ئەیلولەوە دەسـتیپێکردبوو. بـەڵام ئـەوەی لـەکاتی ئاسـاییدا کۆمپانیاکـانی فڕۆکـەوانیو گەشـتیاری، کۆمپانیاکانی بەشی کۆمپیوتەرو کۆمیونیکەیشـنو .. تـاد. نـەیان دەتوانـی بەئاشـکرا بـەیانی بکـەن، ١١ ئەیلوولیان بەفرسەت زانی تا رایبگەیـەننو دەوڵـەتو حکومـەت ناچاربکـەن یارمـەتیو کۆمـەکیان پێبکات. سەرەڕای ئەوەی حکومەتەکەی جۆرج دەبلیو بۆش بەدەم بانگەوازی ئـەو کۆمپانیایانـەوە چـوو بەڵام نـەیتوانی ڕەوتـی هاتنـەخوارو دابـەزینی ئـابوری ئـەمریکا ڕابگـرێ، لـەدوای ١١ی ئەیلولـەوە تـا سەرەتای تشرینی دووەم نزیك بە ٤٥٠ هەزار کار لەدەستچوونو ڕێژەی بێکاری گەیشت بە 5.9٪ !

پاشەکشەی ئابوری ئەمریکا، وەکو یەکێك لەئابوری‌یە بەهێزەکانی دنیای سەرمایەداری، ڕاسـتەوخۆ کاریگەریی لەسەر گشت ئابوری جیهان داناوە. لەئەورپاشـدا (جگـە لـە بـەریتانیا کەگەشـەیەکی نیسـبی بەخۆوە بینیوە) لەیەکساڵی رابردوودا ئابوری وڵاتانی ئەندام خراپتر نەبوو بـێ باشـتر نـەبووە. ئـەڵمانیا نەیتوانیوە رکودو پاشەکشەی چەند ساڵ لەمەوپێش ڕابگرێو ئاسۆیەك بۆ داهاتوو نیشان بدات. سەرجەم بەرهەمی نـاوخۆیی ئیتاڵیـاش GDP گەشـەکردنەکەی 0.5٪ بـووە، ئیسـپانیا هێشـتا بـاڵاترین ڕێـژەی بێکاری هەیـەو لـە 12.8٪ نەهاتۆتـە خـوارەوە. وڵاتـی یابـانیش هەرچـەند بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵی

٢٠٠٠ دا کەتیایدا بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەرێژەی 10٪ دابەزی ئەمساڵ دوو پلە کەمتر بۆوە واتە بوو بە 8 ٪ ، بەڵام هێشتا لەناو قەیرانی خۆیدا پەل دەکوتێو بەپێی توقعاتو لێدوانی ئابووریناسان ئەو پاشەکشەو رکودە چەند ساڵیتر درێژە دەکێشێو کاریگەری هەمەلایەنە لەسەر ئابوری وولاتانی باکوری رۆژهەلاتی ئاسیا بەجێ دەهێلێ. لەئاسیاشدا(جگە لە چین کەبەهۆی هەرزانی هێزی کارو بردنە پێشی نەخشەمەندانەی بەرنامەو پرۆژە ئابووریەکانەوە هێشتا لەگەشەکردندا بەردەوامە) ئاسۆی گەشەو پێشکەوتنی ئابوری داخراوەو ئابووری ئەو وولاتانە لەسایکلی ئەو ئەزمەو قەیرانەدایە کەلەساڵی (١٩٩٧)ەوە دەستی پێکردووە لەزۆربەی ئەو وولاتانەدا بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەرێژەی 10٪ و بەرەو ژوورتر دابەزیوە. لەئوستترالیاشدا گەشەو پێشڕەوی ئابووری تاساڵی ٢٠٠٠ درێژەی کێشا، بەڵام بەهۆی کاریگەرییەکانی پاشەکشەی ئابووری ئەمریکاوە ئەو ڕەوتە ڕاوەستاو پاشەکشەی ئابووری وا بۆ دوو ساڵ دەچێ دەستی پێکردووە.

هەڵبەت ئەمە حاڵی وولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری جیهانی بێ، دەتوانین حاڵی وولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری بەئاسانی دەرك بكەین. هەرچەندە ئەم وولاتانە لە ئەمریکای لاتینو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو ئەفریقا دەمێکە داخلی بازنەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوون، چیتر بۆ وولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەدارییو ئیمپریالیزم تەنها سەرچاوەیەکی کەرەستەی خاوو تالانو برۆ نەماونەتەوە، بەڵام خودی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەو وولاتانەدا بەتایبەتی لە ٢٠ ساڵی ڕابووردوودا، گرفتو کەموکوڕی بونیادی هەیە.

ئەگەرچی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پەیوەندی باوو زاڵن لەئابوری ئەو وولاتانەدا بەڵام پەرەسەندنی ئەوانە، فراوان بوونەوەو گەشەکردنو چوونە پێشی، لانی کەم چوونەپێشی بەرهەمهێنانو پرۆسەی ئالوگۆڕ تائاستی دابینکردنی ژیانێکی مەمرەو مەژی بۆ خەڵك، بەتونێلێکی تاریکی بێڕۆشناییدا تێپەڕدەبێ، بەتایبەت ئەوە زیاتر یەخەی بەخەڵکی کیشوەری ئەفریقا گرتووەو زۆرترین دەردو ڕەنجو کوێرەوەری لەوولاتانی ئەفریقای خوارووداکەڵەکە بووە لەسەر یەك. ئەمڕۆ نەخۆشی، هەژاری، بێکارییو بەڕێوەنەچوونی ژیانو گوزەرانو بێخانەو لانەیی، کرێی کەم، نەخوێندەوارییو پاشەکشەی بزاڤی ڕۆشنبیری، تاوانو فەساد، بێمافی سیاسییو مەدەنی، سەرکوتو کوشتنو دابلۆسینو ..تاد هەموو ئەمانە لەغیابی ئاسۆو دوارۆژێکی ئابوری ڕۆشندا تاهاتووە کەڵەکە بوون لەسەریەكو بێ چارەسەر ماونەتەوە.

چ ئەو حکومەتانەی لایەنگری غـەربو ئـەمریکانو خوازیـارن دەرگاکـان بـەڕووی سـەرمایەگوزاری کۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا بکرێتەوەو سنوورەکان بۆ هاتوچۆی کالاکانو جوولانـەوەیان لەبـەین بچـێ، چ ئەوانەی بەرگری نیشان دەدەن لەبەرا مبەر ئەو دەسەلاتو جوولانەوەیەدا، چ ئەوانەی ستراتیژێکی ئابوری مامناوەندییان هەلبژاردووەو بەدەستێك لەهەندێك مەیداندا ، دەرگاکان بەڕووی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا دەکەنەوەو لەهـەندێك مـەیدانیتردا، بەدەسـتەکەی تریـان دایدەخـەنو سیسـتمێکی حمایـەی گومرگـیو پرۆتێکشنیزم(protectionism)پـەیڕەو دەکـەن، هـەموو ئەمانـە لەبنبەسـتو قـەیرانێکدا پـەلدەکوتنو نەیانتوانیوە ستراتیژێکی ئابوری گونجاو بۆ گەشەو پەرەسەندنی ئابووری هـەلبژێرن. بەگشـتی نارۆشـنی، نائومێدی، ئیدارەی ئەزمـەو کـاتو تێپـەڕاندنو چـاوەڕوانی بەشـێوەیەکی بـەربلاو لـەو ولاتانـەدا کـە بەجیهانی سێیەم ناودەبرێن زالبـووە. لەسـەرەوە - واتـە لـەناو پێکـهاتی دەسـەلاتدارێتی سیاسـی ئـەو ولاتانەدا پەرەی داوە بە نائینسجامیو لێکترازانو ناکۆکییە سیاسییە دەروونییەکانیانو لەخوارەوەش - واتـە لـەناو جـەماوەری بێبەشـی سـەدان ملیۆنـی ئـەو ولاتانـەدا بـووە بـەچاووگی ناڕەزایـەتیو کێشمەکێشی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوری لەگەل دەسەلاتداراندا. بەشێکی گرنگی ئەو ناڕەزایەتییانــە ڕووی لەدەسەلاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ڕۆژئاواو دامو دەزگا ئابووریەکانییان وەکو صندوقـی دراوی نێودەولەتیو بانکی نێودەولەتیو... تاد بووە.

ئەگەر بەووردی سەرنج لەم بارودۆخە بدەین دەبینـین ئـەو ئاسـۆ ئابوریـیەی سـەرمایەداری جیـهانی بەڕێبەرایـەتی ئـەمریکا نابوویـە بـەردەم کۆمـەلگای جیـهانی واتـە ئاسـۆی دەسـەلاتی بـازاڕی ئـازادو جیهانگیریو بالادەستی موتلـەقی کۆمپانیـا فرەڕەگـەزەکانو دامو دەزگـا جیهانیـیەکانی وەکـو (IMF)و بانکی نێو دەولەتیو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بەبنبەست گەیشتووە. ئاژاوەی بەرهەمهێنانو قـازانج پەرسـتی سـەرمایە لـەبازاڕی جیـهانیدا بـووە بەدیاردەیـەکی مەترسیدارو ئاکامـەکانی بەبـەرچاوەوەن. ئازادی سـەرمایە لـە بـازاڕداو لەچەوسـانەوەی هـێزی کـارو کارکێشـانەوە لـەکرێکارانو بەدەسـتهێنانی قازانجدا، ئاژاوەیـەکی ئابوری گەورەی لێکەوتۆتەوە. هەلگرتنی حیمایەی گومرگیو دەرگـا والاکـردن بـۆ هاتوچۆی کالاکانو هاوکات کەمی سەرمایەگوزاری دەرەوە، بەرهەمـهێنانو پرۆسـەی گەشـەی ئـابوری لەوولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداریدا نابووت کردووە، بەتایبەت لەمەیدانی کشـتوکالدا کـەندەلانێکی گەورەی بەجێهێشتووە. قەرزەکان تابێت کەلەکەدەبن لەسەریەكو بالیان لێپـەیدابووە. نزیـك بەتـەواوی ئەو ولاتانە بەشێکی سـەرەکی داهـاتی ناوخۆییـان (GDP)دەبـێ بـۆ فـائدەو سـووەکانی ئـەو قەرزانـە

تەرخان بکەنو مل بدەن بەمەرجە دیل هێنەرەکانی بانکی نێودەوڵەتیو IMF.

لەووڵاتانی ئەمریکاو ڕۆژئاواشدا، لەووڵاتانی گروپی هەشت G8و ناوچەی یـۆرۆدا"euro zone" ئیتر جڵەو شلکردن بۆ سەرمایەو کۆمپانیاکانو دانی ئازادی موتڵەق پێیان (ئەوەی کە لیبرالیزمی نـوێ بەتایبـەتی لەدەیـەی نەوەتـەکانی سـەدەی رابـردووەوە بانگەشـەی بـۆ دەکـات)و ئاکامـە زیانبارەکـانی، دەوڵەتانی لەو ووڵاتانەدا ناچارکردووە پەنا بۆ سیستمی حیمایەتی بەرن protectionism. چـین دەرگـای بەڕووی بەشێك لەسـەرمایەو کۆمپانیاکـانی یابـاندا داخسـتووە، ئـەمریکا ڕێگـە لـەهاتوچۆی هـەندێك لەکاڵاکانی ئەوروپا گرتووەو ئەووروپاش ڕێگە نادا بەهاتوچۆی کاڵا کشتوکاڵی‌یەکان.

خودی حکومەتی ئــەمریکا ناچـاربووە دوای ڕووداوی ١١ی ئـەیلول تـەدەخول بکـاتو پـێش بگـرێ بەهەرەسـی هێڵـەکانی فڕۆکـەوانیو زیانـەکانیانو بڕیـاریدا ١٥ملیـار دۆلار بـۆ کۆمـەك کـردنو پشتیوانیکردنیان تەرخان بکات. ڕۆشـنە تەقینـەوەی چـەند تەیارەیـەكو فڕاندنیـان هـۆی سـەرەکی ئـەو قەیرانە نەبوو، بەڵکو هەلێـەی کوێرانـە بـۆ بەدەسـتهێنانی قـازانجی زۆرو بەرهەمـهێنانی فڕۆکـەی زیـاد لەپێویستو کێبەرکێی کوێرانە لەو مەیدانەدا بوو بە چاوگی خەسارەتو زەرەرەکانیان.

تـەدەخولی دەوڵـەت لـەبژاردن یـان کۆمـەك کـردن بـەکۆمپانیاکانی ئـەو بـوارەدا خــۆی شکســتو نوشستێکی گەورەی لیبرالیزمی نوێو بانگەشـەکانی بـوو بـۆ خۆلادانـی موتڵـەقی دەوڵـەت لـەکاروباری ئابووریدا. ئەم پرۆسـەیە لەئـەوروپاو ئوستـرالیاشـدا دووبـارە بـۆوە. حکومـەتی سویسـری بەپێچەوانـەی ڕێککـەوتنی ووڵاتـانی ئـەوروپای یـەکگرتووەوە، لەکێشـەو هەرەسـی هێڵـی ئاسمـانی(سـویس ئـێردا) تەدەخولی کردو حیمایەی خۆی بۆ ئەو کۆمپانیایە ڕاگەیاند.

بەڵام ئەوانە ئەگەر دیمەنی سەرەکی ڕووداوو بارودۆخە ئابووریەکانی دنیا پێکبهێنن دیـمەنیتر هەیـە کە هەرگیز نابێ فەرامۆشـی بکـەین ئـەویش بـەرگریو مقاوەمـەتی کرێکارانـە بـەڕووی سیاسـەتەکانی لیبرالیزمی نوێو ئابووری بازاڕی ئازادو دەسەڵاتی ڕەهای کۆمپانیا فرەڕەگـەزەکانو دامو دەزگـا زلهـێزە ئابووریەکانی سەرمایەداری.

ئەوروپای سڕ بوو، شـارەزایانی ئـابوری داڕووخـاوی ئـەمریکا، تێکـڕا چاویـان بڕیوەتـە ئـەو گەشـە ئابووریەی کەهێشتا لەچیندا درێژەی هەیە، زۆربەشیان نهێنی‌یەکانی ئەوەیان کەشف کـردووە: هـەرزانی هێزی کاری کرێکارانو بێمافی ئەو. ئەوان باش لەوە گەیشتوون کە تەکنەلۆجای نـوێو بـاڵا hi - tech هەر ماوەیەك بڕەکاو ماوەیەك قازانج هێنەرەو سەر لەنوێ سایکلی کەمی قـازانجو خەسـارەت دەست

پێدەکاتەوە، لەوەش گەیشتوون کەڕووهێنانی سەرمایەی ئەمریکاو ئەوروپا بۆ وولاتانێکی دواکەوتووی سەرمایەداری - جا با هێزی کاری هەرزانی هەبێ - کەخاوەن ژێرخانێکی تەکنیکی گونجاو نین بۆ بەرهەمهێنانی مودێرنو درێژەپێدانی، وەیان شارەزاییو مەهارەتی هێزی کار لەنزمترین ئاستدایە، لەم بارودۆخەدا قازانجێکی بەشوێنەوە نییەو دەردی کەمی قازانج بێچارەسەر دەهێڵێتەوە.

کارێك کە دەبێ بکرێ هەرزان کردنی هێزی کارو داسەپاندنی بێمافی زیاترە بەسەر کرێکارانو کارمەندانی خودی وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو وولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریو هێرش کردنە سەر ژیانو گوزەرانو هێزی ناڕازیو رێکخراوی ئەوانە، ئەمەش لەپاڵ هەیمەنەو دەسەلاتی زیاتر بەسەر وولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداریو دیلکردنی زیاتریاندا. ئەمڕۆ ئاسۆیەك کەبۆرژوازی ئەمریکاو وولاتانی ئیمپریالیستی دەیخەنە ڕوو بۆ هەستانەوەو بووژانەوەی ئابووری سڕبووی سەرمایەداری جیهانی هەر ئەمەیە. ئەم هێرشەش بۆ داسەپاندنی ئەو ئاسۆیە دەستی پێکردووە، بڕیارە ڕاگەیاندنی (جەنگ دژی تیرۆریزم) چوارچێوەیەك بێ بۆ پێشڕەویو چوونەپێشی سەنگەر بەسەنگەر دژ بەکرێکاران لەم بارودۆخەدا. بڕیارە کاری زیاترو قورستر، کرێی کەمو بێمافی، نەبوونی رێکخراوبوونو کەمکردنەوەو تەنگەبەرکردنەوە بکرێ بەقوربانی یەکێتی نیشتمانو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنی هاوبەشی وولاتو گەل (واتە تیرۆریزم). بڕیارە ئەوە چوارچێوەیەك بێ بۆ داسەپاندنی دەسەلاتی میللیتاریستی بەسەر وولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداریداو سەرەتای هەڵمەتێکی درێژخایەن بێ بۆ داسەپاندنی بێمافی زیاترو کارکێشانەوەی زۆرتر لەکرێکارانو پەرەدان بەتالانو بڕۆیەك کەهاوشێوەی سەردەمی کۆلۆنیالیزمو داگیرکاری سەدەی بیستەم بێ.

ئەو جەنگە بۆ بەدیهێنانی ئەو ستراتیژە ئابوورییانەو بۆ تێکشکاندنی بێبەزەییانەی هەرکۆسپێکە کەپێشی پێبگرێ، بۆ بەرزکردنەوەی مشتی ئاسنینو کوتانەوەی ئەو ناڕەزایەتیانەیە کە دەیەوێ ئاسۆیەکی ئینسانی، ئاسۆیەکی سۆسیالیستیو عادیلانە بەسەر دنیای ئەمڕۆدا زاڵبکا، بۆ پێشگرتنە بەسیاتڵەکانی ئەمریکاو جەنەواکانی ئەوروپاو خامۆشکردنی ناڕەزایەتییەکانی دژی ڕەگەز پەرستیو زایۆنیزمە کە لە کۆنگرەی دوربانی جنوبی ئەفریقاوە دژی ڕەگەزپەرستی بەرزدەبێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەوانە ئامانجی هاوبەشی ئیمپریالیزمو وولاتانی رۆژئاواو پێشکەوتووی سەرمایەداری بێ، ئەوە خودی ئەمریکا لەم نێوەدا بەشوێن ئامانجی تایبەت ترەوەیە، ئەو دەیەوێ جڵەوی ئەو ستراتیژە هاوبەشە بەدەست خۆیەوە بێو ڕێبەریو سەرکردەیی خۆی بەسەریدا زاڵ بکاو هەموو وولاتانی تری

هاوپەیمان لەپشت خۆیەوە ڕیز بکات.

لەکاتێکدا کە باڵادەستیو هەیمەنەی ئەمریکا بەسەر دنیــای ســەرمایەداریدا دوچاری کــەمو کـوڕی بـونیادی بووەو ئەو ئاسۆو ستراتیژە ئابووریو سیاسییەی کە بەپلەی یەکەم لەدوای جەنگی ساردەوە ئـەو دارێژەری بوو، واتە دیموکراتیو ئابوری بازاڕی ئازادو سیاسەتەکانی لیـبرالیزمی نـوێ، تووشـی بنبەسـت بووە، وە ئەوەی پێی دەووترا (نەزمی نوێی دنیا) وەکو نەزمە کۆنو گەندەڵبووەکە چاوی لێدەکرێ، لەم کاتــەدا سروشــتیيە کەیەکــەمین نارەزایەتییــەکانو بەرپرســـیارێتییەکان بخرێنـــە ئەســـتۆی ئــەمریکاو سیاسەتو نەخشەکانی، سروشـتییە وولاتـانی تـری سـەرمایەداری هاوپـەیمانی ئـەمریکا تێبکۆشـن بـۆ سەرکردەییو وەرگرتنی سوکانی ڕابەرایەتی دنیای هاوچەرخ.

لەم بارو دۆخەدایە کە ئەمریکا دەیەوێ سەرلەنوێ ئەو دەسەڵاتو سـەرکردەییيە پێناسـە بکاتـەوەو بەسەر هاوپەیمانەکانیدا بیسەپێنێ. ڕووداوی ١١ی ئەیلول فرسەتێکی زێڕین بوو بـۆ ئـەو هەوڵانــەو بـوو بەســەرتۆپی تێکۆشـانێکی جـددی بـۆ بـەدیهێنانی مـەرامو نیازەکـانی ئـەمریکا لـەو بـــوارەدا. بـــەڵام سەرکردەییو ڕێبەری دنیا پێویستی بەئابوورییەکی بەهێز هەیـە. بـارودۆخی ئـابوری ئـەمریکا لـەمێژە مەحدودیاتی بۆ ئەو مەیلە پاوانخوازییەی ئەمریکا پێکهێناوە.

هەستانەوەو بووژانەوەی ئەو ناهەمواریو قەیرانە ئابورییە زەمەنێکی دەوێ. لــەکاتێکدا کــەتوانای سەربازیو میللیتاریستی ئەمریکا لەدنیای ئەمڕۆدا بێهاوتایە، ئەمریکا دەیەوێ کەڵك لەو هێزو توانـا سەربازییەی وەربگرێ تا ئەو پرۆسە زەمەنییە بەشـێنەیی بـەرەو پێـش بـەرێو بیکـات بەپاڵنـەرێك بـۆ بووژانەوەو هەستانەوە.

## ٢- ئەمنو ئاسایشی جیهانی چی بەسەرهات؟

ڕاگەیاندنی "جەنگ دژی تـیرۆریزم"، ڕاگـەیاندنی شـەڕێکی بێکۆتـاییو نارۆشـن، خـۆی تورڕدانـی ئیدعاکـانی دەیـەی نەوەتەکانـە بـۆ دابینکردنـی ئاشـتیو ئاسایشـی جیـهانی. ئەوانـەی کــە بــەڵێنیان بەمرۆڤایەتی دەدا کەپاش جەنگی سارد دنیا ئـارامیو ئاسـایش بـەخۆوە دەبینـێ ئـەمڕۆ خـەڵکی دنیـا بەچاوی خۆیان شتێکیتر دەبینن کەبەتەواوی پێچەوانەکەیەتی. بەتەواوی ڕۆشـن بۆتـەوە کەئـەو بـەڵێنو پەیمانانە بۆ فریودانی خەڵك بووە، بۆ گێژکردنو خۆشباوەڕکردنیان بوو بەدەسەڵاتی دیموکراسـیو ئـابوری بازاڕی ئازادو بانگەشەیەك بوو دژی کۆمۆنیزم.

ئێستا دەرکیان بەوە کردووە کەپێویستییان بەو بەڵێنانـــە نییـەو دەزانـن دووبارەکردنـەوەی نەکـەس

فریـو دەداتو نەکـەس لـەدەوریان کۆدەکاتـەوە. بۆیـە دەبـێ ڕووە ڕاسـتەقینەکەی سـەرمایەداری ـــ ئیمپریالیزم بێ دەمامك نیشان بدەنو جەنگ وەکو حاڵەتێکی دائمو پایەدارو پێویست بسەلمێنن. لەبری بـەڵێنو مـژدەی درۆ، خـەریکن پاسـاو بـۆ حاڵـەتێکی جـەنگیو ئیمپراتۆری‌یـەتێکی شـەڕ دەهێنـنـەوە. خەریکن بەبیانووی تیرۆریزم، تیۆرێکی ئەمنی نوێ دادەتاشن: دابینکردنی ئاسـایشو ئـارامی لـەڕێگای جەنگەوە. خەریکن بارودۆخێکی وا پێکدەهێن تا هەر کەس ئارامیو ئاساییشی بوێ پشتیوانی بۆ شـەڕ دەربڕێو بەشداری تێدا بکات !

بەڵام ئایا بەواقعی ئەمنو ئاسایشی جیـهانی لەبەرامبـەر مەترسـی‌دایە؟ لەسایەی سـەرمایەداریو ئیمپریالیزمدا وەڵامی ئەو پرسیارە موسبەتە، چونکە:

أ/ سـەرمایەداری ئەگـەرچی کۆمـەڵگای گـەیاند بـە کۆمـەڵگایـەکی شارسـتانی پێشـکەوتوو بـەڵام هاوکـات لەمـەرگی ئـەو شارستانیەتەشـی نزیـك کردۆتـەوە. فۆریـە (یـەکێك لـە سۆشیالیسـتە خەیاڵی‌یەکان) زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر ڕایگەیاند: شارستانیەتی سەرمایەداری لەبازنەیەکی بـەتاڵدا دەسـووڕێتەوە، تاهـەنگاوێك بۆپێشـەوە دەڕوات چـەند هـەنگاو دێتـە دواوە، ئـەو شارسـتانیەتە تـۆوی لـەناوچوونو فـەوتانی خـۆی هـەڵگرتووە. هەڵبـەت سـەرمایەداریو ئیمپریـالیزمی جیـهانی خـەریکن زەمینـەکانی لـەناوچوونو وێرانکردنـی ئـەو شارسـتانیەتەو هۆیـەکانی ئـەو کـارە دەخولقێنـن. شـەڕو جەنگەکانو هەڵپەی قازانج پەرستی، ئەمنو ئاسایشی هەموو دنیای خستۆتە سەر لەپی ڕەشـەبا. ئـەوە بەتەنـها تیرۆریسـتانی وەك (بـن لادن) نی‌یـە کـەچاووگو سـەرچاوەی مەترسـین بـۆ سـەر شارسـتانیەتی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، ئەوە خودی ئەو شارستانیەتەیە کە پایەیەکی سەرەکی لەسەر چەوسانەوەو خوێـن خۆری خەڵکی وولاتانی جیهانی سێیەم دامەزراوەو دەیەوێ ئـەو پایەیـە پایـەدارتر بکاتـەوەو لەڕێگـەی تیـۆری پووچـی(ململانـێی شارسـتانی‌یەتەکان)ەوە پاسـاوی لـێرەو لـەوێ بـۆ بهێنێتـەوە. خـودی ئـەو شارستانیەتەیە کەدەیەوێ خۆی دابـڕێ لەبەشـێکی زۆری مرۆڤایـەتیو ئەیـەوێ بیانکـات بەژێردەسـتەی خۆی.

ب/ ململانێ دەروونی‌یەکانی نیزامی سـەرمایەداریو کێبـەرکێی بلۆکـی شـەرقو غـەرب لـەبواری چەکسازی‌دا لەکاتی جەنگی سارددا تەرسانەیەکی گەورەی چەکی کۆمەڵکوژی بۆ بەجێ‌هێشتوین. ئەگەر چەکە کۆمەڵکوژەکان لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا تەنها یەکێتی سۆڤیەتی جارانو ئـەمریکا خـاوەنی بـوون، ئـەمڕۆ دەیـان دەوڵـەتی تـر بـۆ ئـەم لیسـتە زیـادبووە. دوای ڕووخـانی یـەکێتی سـۆڤیەتو

بازرگانی‌کردنی مافیاکانی ڕووسیا بەچەکە کۆمەڵکوژەکانەوە(چەکی نەوەوی، کیمیاوی، بایۆلۆژی، تاد) بەشێوەیەکی بەربلاوتر ئەو چەکانە بەجیهاندا بلاوبوونەتەوە. بوونی ئەوانەو بلاوبوونەوەیان مەترسی‌یەکی گەورە بۆ سەر دنیای ئەمڕۆ پێکدەهێنن. بەتایبەتی چەکە بایۆلۆژی‌یەکانو کیمیاوی‌یەکانو چەکە نەوەوی‌یە جانتایی‌یەکان کە بەئاسانی بەنەفەرێكو دووان هەڵدەگیرێنو توانای وێرانکردنیشان دەیان ئەوەندەی بۆمبای هیرۆشیماو ناکازاکی‌یە، ئەوانە مەترسی گەورەنو هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریسی دەستی بکەوێ، یان هەر نائارامی‌یەکی سیاسی ئیحتمالی لەووڵاتێکی خاوەن ئەو چەکە کۆمەڵکوژانەدا ڕوبدات کارەساتو تیراژیدیای کەم وێنەی لێ‌دەکەوێتەوە کە کەس ناتوانێ پێشبینی ئایندەو دوارۆژی دوای ئەوە بکات.

خاوەنی ئەو چەکانە، وە کۆمەڵگای جیهانی بۆ کۆکردنەوەو فەوتاندنی ئەو چەکانە کارێکی نەکردووە بگرە لەسەر تاقیکردنەوەو بەرهەمهێنانیشیان بەردەوامە. خودی ئەمریکا خاوەنداریتی ئەو چەکانەی کردووە بەگۆپاڵێك بۆ کوتانەوەی سەری نەیارەکانیو بێ‌دەنگ کردنی هاوپەیمانەکانی. جمهوری ئیسلامیش کەخۆی سەرچاوەو چاوگی تیرۆریزمی ئیسلامی‌یە بووە بەخاوەنی دامەزراوە نەوەوی‌یەکانو سبەی ڕۆژیش دەبێتە خاوەنی بۆمبا کۆمەڵکوژەکان.

بەشێك لەوانەی کەئەمریکا ئەمڕۆ سەنگەری لی‌گرتوون بەئاشکرا دەیانەوێ ئەو چەکانەیان هەبێو لەبازاڕی ڕەشدا پەیدای بکەن. تیرۆریزمی ئیسلامی ئاسیای ناوەڕاست لەمێژە شانازی بەتاقیکردنەوەی ئەتۆمی پاکستانەو ە دەکات، هەر بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان بوون کەحکومەتی پاکستانیان هان دەدا تا لەسەر تاقیکردنەوەی بۆمبای ئەتۆمی لەدژی هندستان بەردەوامبێ گوایە بۆمبای هیندۆسە کافرەکان خەریکە ئاسایشی موسڵمانان لەپاکستان دەخاتە مەترسی‌یەوەو پێویستە "بۆمبای نەوەوی ئیسلامی" سازبکرێ.

ئێستاش کەشەڕ لەپاکستانەوە بۆ سەر ئەفغانستان بەڕێوەدەبرێو بەشێك لەهێزەکانی ئەمریکا لەو ووڵاتەدا جێگیربوون، بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان وانیشان دەدەن کە ئەمریکا دەیەوێ بۆمبا ئەتۆمی‌یەکانی پاکستان زەوت بکات! (مەولانا سمیع الحق)ی کۆنەپەرست ڕایگەیاند"بۆمبا ئەتۆمی‌یە ئیسلامی‌یەکان بەهۆی هاتنی هێزی ئەمریکاوە لەمەترسی‌دایە"! ڕۆشنە ئەو بۆمبایانە بەدەست ئەوانەوە بێ ــ کەئەگەری پەرەسەندنی نائارامیو پەشێوی لەو ووڵاتەدا لەئارادایە ـ نەك جارێك بەڵکو دەیان جار دنیایان پێ‌سوتاندبوو!

### ٣- ئیفلاسی دیموكراسی ڕۆژئاوا!

دەبینین كە ئەو دەوڵەتانەی لەڕۆژئاوادا خۆیان بەدیموكراتی دەزانن بڕیاری جەنگ دەدەنو واش ئیدعا دەكەن كەدیموكراسی لەخەتەردایەو بۆدیفاع لەدیموكراسی ئەبێ جەنگێك بەرپابكرێ. قسەو ئیدعاكانی ١٠ساڵ لەمەوبەر شتێكی‌تر بوو. بڕیاربوو دیموكراسی غەربی كە لەشەڕی ساردا بەسەر یەكێتی سۆڤیەتدا سەركەوتبوو هەموو جیهان دابگرێو خێرو بێرەكەشی هەموو دنیا بگرێتەوە، دەوڵەتە دیكتاتۆرەكان هەرەس بێننو دەروازە بكرێتەوە بەڕووی دەخالەتو هاتنەمەیدانی خەڵكدا، هەرچەندە لەشكڵە سەرەتاییەكەیدا بێ. بەناوی دیموكراسی‌یەوە شەڕی كوەیتیان بەرپاكرد، چوونە بەڵكانو بۆمبایان بەسەر یوغسلافیادا باراند. تەدەخولیان كرد لەئەفریقاو ئەمریكای لاتینو هێزی سەربازییان ڕەوانەكرد بۆ هەر شوێنێك كە لەبەرنامەیاندا بوو. ١١ ساڵ فرسەتێكی زەمەنی زۆر بوو تاهەموو دنیا دیموكراسی غەربی بەچاوی خۆیان ببینن. دەربڕینەكان هەرچی بووبن، واقیعەتەكان ئەمانەی خوارەوەن:

أ/ پێش هەموو شتێك ئەو مۆدیلە لەدیموكراسی غەربی كەدەیان ساڵە لەئەمریكاو ئەوروپادا دامەزراوە ( واتە دەخالەتی خەڵك لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە هەرچەند ساڵ جارێك بۆ دیاری‌كردنی نوێنەرانی پەرلەمان، هەڵبژاردنی شارەوانی‌یەكان، جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكانو بوونی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەكانو جیاكردنەوەی دین لەدەوڵەتو .. تاد) نەك هەر بەئارامی هەموو دنیای نەگرتەوە بەڵكو ئەوەی كە لە ئەوروپاو ئەمریكاشدا زاڵبوو زەربەی كاریگەری بەركەوتووە.

لەڕووانگەی خەڵكی وولاتانی جیهانی سێیەمەوە كەبەدەست دەسەڵاتە دیكتاتۆری‌یەكانەوە دەناڵێننو لە هەموو ڕوویەكەوە لەمافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەكان بێبەشن، یان دەسەڵاتی دینو دامەزراوە ئاینی‌یە كۆنەپەرستەكانو بزووتنەوە دینی‌یەكان ئاوێتەی دەسەڵاتی دەوڵەت بوونو ژیانو گوزەرانی هەراسان كردوون، خودی گەیشتن بەو مۆدیلە لەدیموكراسی سەربەخۆ لەناوەڕۆكە بۆرژواییەكەی هەنگاوێك بوو بۆپێشەوە. خۆشباوەڕی‌یەك كەخەڵكی ئەو وولاتانە بە وولاتانی دیموكراسی ڕۆژئاواو تەبلیغاتەكانیانو داموو دەزگاو میدیاكانیان هەیان بوو لەم ڕووەوە بووە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو دەربڕینانەوە واقیعیەت بەجۆرێكی تر بوو. بەناوی دیموكراسی غەربی‌و بەرەنگاربوونەوەی دیكتاتۆرەكانەوە شەڕی كوەیتیان بەرپاكرد لەجیهانی سێیەمدا، گەمارۆی ئابورییان بەسەر خەڵكی عێرقدا سەپاندو ٢٠ملیۆن كەسیان لەخواردنو خۆراك بێبەش كرد. لەژێر ئاڵای دیموكراسی‌و مافەكانی مرۆڤدا لەبۆسنەو هەرزەگۆڤیندا تەدەخولیان كرد، هێزەكانی ناتۆیان لەكۆسۆڤۆدا كۆكردەوەو هێرشیان

کردنە سەر صربیا. وە یان لەژێر هەمان ئالآدا چوونە صۆماڵو وولآتانی تری ئەفریقاو پێشبڕکێیان بوو بۆدەست بەسەراگرتنی کەرەستەکانو کانەکانی ئەڵماس تیایاندا.

ئەو وولآتانە لەمۆدیلی دیموکراسی غەربی نزیك نەبوونەوە. کوەیت درایەوە بەشێخەکانو دەسەلآتێکی کۆنەپەرست تر لەرژێمی عێراق، صدام حسین لەسەر کار هێڵرایەوەو لەجێی خۆی دایان نایەوە. دوای خۆێنرێژیو تراژیدیایەکی کەم وێنە هێشتا بەلقان سەرچاوەی نائارامی سیاسییەو کێشەو ململانێی قەومو نەژادەکان ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیەی هەراسان کردووە. لەولآتانی ئەفریقادا ملیۆنەها کەس بوون بەقوربانی کێشەو ململانێ سیاسیو سەربازییەکانو قازانجو مەبەستی کۆمپانیا جیهانییەکانی سەرمایەداریو ئیمپریالیزم. نەك هەر دەسەلآتێکی دیموکراسی جێگیر، بەڵکو ڕزگاربوون لەشەڕو جەنگە ناوخۆیەکان، برسێتیو قاتو قڕیو نەخۆشی ئایدزو باقی نەخۆشییەکانیتر بووە بەهیواو ئاواتێکی سادەی دەیان ملیۆن کەس لەو کیشوەرەدا.

واقعیەت ئەوەیە کەدیموکراسی غەربی پێویستی بەشەڕو جەنگو دەسەلآتی دیکتاتۆرەکان بووە. بۆ زاڵکردنی دەسەلآتی خۆیان بەسەر دنیاداو بۆ فراوانکردنەوەو تێکشکاندنی کۆسپو رێگرییەکانی بەردەمیشیان شەڕو جەنگیان بەرپاکردووە، وە یان چوونە پشتی دەسەلآتە دیکتاتۆرییەکانو بەهێزی سەربازی بووبێ یان بەهەر شکڵو شێوەیەکیتر پاراستوویانن. لەسایەی دەسەلآتو حیمایەتی ئەواندایە دەسەلآتە دیکتاتۆرییەکانی کەنداوو جیهانی عەرەبی، وولآتانی ئەمریکای لاتینو ئەفریقا لەسەرکار ماونەتەوەو درێژە بەتەمەنی خۆیان دەدەن. ئەو دەسەلآتانە بێچوویەکی واقعی دیموکراسی غەربی بوونو ئامرازێکی کارابوون بەدەستیانەوە بۆ پاراستنی سیستمی سەرمایەداری لەو وولآتانەداو دەست بەسەراگرتنی نەوتو گازی سروشتیو کانەکانی ئەڵماسو یۆرانیۆمو باقی کەرەستەو کانزا گرانبەهاکانی تر.

بەوپێیە ئومێدی خەڵکی وولآتانی جیهانی سێیەم بەوەی لەسایەی دەسەلآتی جیهانی دیموکراسی ڕۆژئاوادا ڕزگاریان بێت لەدیکتاتۆریەتو بێمافی سیاسیو مەدەنیو دەسەلآتی دینەکانو هەنگاوێك لەپێشکەوتنو گەشەکردنی ئابووری نزیك ببنەوە بووە بە بلقی سەرئاو.

ئێستا ڕۆشنە کەبەدەستهێنانی ئازادیو گەیشتن بەو هیواو ئاواتە ئینسانییانە پێشمەرجەکەی خۆ هەڵپێکان نییە بەئالآی دیموکراسی ڕۆژئاواوە بەڵکو داگرتنی ئەو ئالآیەیە، دژایەتی کردنی ملهوڕیو دەخالەتو ئیدیعاکانیانە.

هاوكات ئومێدی خەڵكی وولاتانی ئەوروپاو ئەمریكاو وولاتانی پێشكەوتووی تر بەوەی كەوڵاتانی جیهانی سێیەم لەڕێگەی كۆمەكو یارمەتی رۆژئاواوە بگەن بەقۆناغێكی پێشكەوتووتری سیاسیو ئابووری ئەویش نەك هەر لەجێگای خۆی نەماوەتەوە بەڵكو گۆڕاوە بەخەباتو نارەزایەتی دەربڕین دژ بەسیاسەتەكانی دەرەوەی وولاتەكانیانو كاركردە ئابووریو سەربازییەكانیان.

ب/ دیموكراسی غەربی نەك هەر نەیتوانیو نەیوویست هەموو دنیا هاوشێوەی خۆی لێكا، بەڵكو خودی خۆی لەمەڵبەندو سەنتەرە سەرەكییەكاندا وەك مۆدیلێكی سیاسی زەربەی كاریگەری بەركەوتووە. ناكرێ تەصەوری ئەوە بكرێ كە گرووپێكی كەم لەوولاتانی پێشكەوتووی دنیا لەچەشنی گروپی هەشت $G_8$ لە ٦٠٪ی هەموو داهاتو سامانی دنیا بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو ملیارەها ئینسانی تر لەو داهاتو سامانو خێرو بێرە ماددییە بێبەش كرابنو خاوەنی ئەمنو ئاسایشێكی پایەداربنو هیچ هەرەشەیەك ڕووبەڕوویان نەبێتەوە. كرێكارانو خەڵكی ئەو وولاتە پێشكەوتوانەش باش لەوە تێگەیشتوون كەئەو دەسكەوتانەی ئێستا هەیانەو بەخەباتو تێكۆشانی خۆیان بەدەستیان هێناوە بەهۆی ئەو واقعیەتەوە نەك هەر لەجێگای خۆیدا نامێنێتەوە بگرە هەرەشەی جددی لەسەرە. ڕووداوی ١١ی ئەیلول نیشانیدا كە ئەو دەورەیەی رابردوو بەسەرچووە. ئەگەر بڕیارە دنیا ئارامیو ئاسایشی تیادا زاڵبێو ترسو دڵەڕاوكێو هەڕەشە لێی بەدووربێ ئەوە ئەبێ بۆ هەموو خەڵكی گۆی زەوی وابێ نەك بۆ بەشێكی كەم لەسەر حسابی ژیانو گوزەرانی زۆرایەتی خەڵكی دنیا.

بەڵام دیموكراسی غەربیو نوێنەرانی خۆیان لەم واقعیەتە دەدزنەوە. ئەوان خەریكە دووبارە بەئاڵاو سیاسەتە كۆنو پرتووكاوەكانیانەوە دێنەوە ناوەوەو بە بەرگێكیتر دایدەپۆشن. خەریكن شورایەكی پۆلایین بەدەوری جیهانی رۆژئاوادا پێكدەهێننو لەبری ئاوێتەكردنو تێكەڵاویو دامەرزاندنی كۆمەڵگایەكی جیهانی یەكگرتوو و یەك پارچە، زیاتر دایدەبڕن لەیەكو بەچەندین جۆر تیۆری كۆنەپەرستانەو داتاشراو پاساو بۆ ئەو كارە دەهێننەوە. هاوكات ڕاسیزم بەردەدەنە گیانی خەڵكو بیانییەكانی ئەو وڵاتانەو ژیانیان لێهەراسان دەكەن. بڕیارە ڕاسیزم لەداهاتوودا وەك چەكێك دەورێكی كاریگەرتر بۆ دیموكراسی غەربو دەسەڵاتەكانی ببینێو لەگەڵی ئاوێتەبێ. ئەوەی كەئێستا دەگوزەرێ دووركەوتنەوەی هەرچی زیاترە لەبەها مرۆییە جیهانییەكانو دژایەتیكردنی بەچەندین بەهای داتاشراویتر لەچەشنی ئەمریكاییو ئەوروپی ڕەسەنو ڕۆژهەڵاتی نەفامو توندڕەو تاد.

## ٤/ دیموکراسی غەربیو دەوڵەتی پۆلیسی!

لەچوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا هەنگاوەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی پۆلیسی لەئەمریکاو وولاتانی تردا دەستی پێکردووە. بەو بیانووەی وولات لەحاڵەتی جەنگدایەو هەڕەشەی تیرۆریستی ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە، هێرش دەکرێتە سەر مافە مەدەنیو سیاسییەکانو دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی پۆلیس بەسەر گشتو کۆمەڵگادا زاڵ دەکرێ. ئامانج لەو هەنگاوانە زاڵکردنی ترسو تۆقاندنە لەناوخۆدا، زاڵکردنی ئیرهابە لەدژی خەڵکێك کەدەیەوێ بەدژی سیاسەتو کارکردەکانی حکومەت نارەزایەتی دەربڕێ. (فۆرمۆڵی لەگەڵ منی یان لەگەڵ ئیرهاب) هەر تەنها بۆ ئەوە نییە هەموو دنیا بخرێتە ژێر چەپۆکی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە، بەڵکو خۆی بۆ تۆقاندنی ئۆپۆزسیۆنیشە لەناوخۆدا. خەریکە بۆرژوازی ئەمریکا هەموو کردوەیەك کە بەجددی هەڕەشە بکات لەبەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بەئیرهاب ناوی دەبات . بێگومان خەباتی چینایەتیو سۆسیالیستی بەپێی ئەو سیاسەتو هەنگاوانەی ئەمڕۆ دەچێتە خانەی ئیرهابەوە.

جگە لەوەی بەکردەوە پۆلیس لەهەموو کونو قوژبنێکی کۆمەڵدایەو بەئارەزووی خۆی دەپشکنێو لەناسنامەو هەویەتی خەڵك دەکۆڵێتەوە، هەڵدەکوتێتە سەر ماڵانو خەڵك دەسگیر دەکات بێهیچ بڕیارێکی قەزایی، جگە لەوەی بووە بەتەرەفێکی هاوکارو یارمەتیدەری ڕاسیستەکانو دەستی بۆ شلکردوون. هاوکات حکومەتی ئەمریکی لەئاستی ڕەسمیشدا چەند بڕیارو یاسای پەسەندکردووە کەتێکڕا لەخزمەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی پۆلیسیدانو گرنگترینی ئەوانە:

أ/ بڕیاردان لەسەر مافی بێئەملاو ئەولای نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی FBI بۆ چاودێریکردنی پۆستو بەریدی ئەلەکترۆنیو عادیو گوێگرتن لەمکالماتی تەلەفونی.

ب/ دانی دەسەلاتی تەواو بە FBI لەچوارچێوەی چاکسازی یاسای "بەرەنگاربوونەوەی ئیرهاب"دا بۆ دەسگیرکردنو زیندانیکردنی هەرکەسێکی بیانی کە گومانی لەسەر بێ، تەنانەت دەرکردنی لەئەمریکاو دیپۆرت کردنی لەحاڵێکی وادا، ئەمانە بەبێگەڕانەوە بۆ هیچ مەرجەعیەتێکی قەزایی، وەیان دادگاییکردنی کەسانێك گومانی ئیرهابی بوونیان لێدەکرێ لەدادگا سەربازییەکانی ئەمریکادا، ئەگەر تەنانەت هاوولاتی وولاتێکی تر بن.

ج/ مۆڵەتدان بەدەزگا سیخوڕی CIA تاکو لەدەرەوەی ئەمریکادا هەر کەسێك نەیاری ئەمریکا بێ تیرۆری بکات. ئەوەی کەحکومەتی "ریگان" قەدەغەی کرد دووبارە حکومەتەکەی جۆرج دەبلیو بۆش

بەرەسمی ناسیو کاری پێکرد.

لەووڵاتانی ئەوروپاشدا دەرکردنی ئەو بڕیارو یاسایانە بەدژی پەنابەرانو بیانییەکان، بەدژی نەیارانی سیاسیو گومان لێکراوەکان دەستی پێکردووە. لەچەشنی دەرکردنی (کارتە شەخصییەکان)، ڤیزە وەرگرتن بەپەنجە مۆرەوە بۆ کەسانێك کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێنە ئەوروپا، دەسگیرکردنو شوێن کەوتنی هەرکەسێك کە لەئەوروپای یەکگرتوودا لەلایەن یەکێك لەئەندامەکانییەوە بڕیاری دەسگیرکردنی درابێو تاد.

ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمان کرد بەڕۆشنی ناوەڕۆکی بۆرژوازیو چینایەتی دیموکراسی ڕۆژئاوا دەخاتە ڕوو. ئەم ناوەڕۆکە بەتایبەتی لەکاتی جەنگو قەیرانەکاندا بەبێ هیچ دەمامكو ڕووپۆشێك دەکەوێتە ڕوو.

## ئەو ئیمپراتۆریەتەی شەری لیٔئاوا نابیٔ!

ئەوەی کەسەرانی حکومەتی ئەمریکا بەخێراییو بەپەلە بڕیاری جەنگێك دەدەن نیشانەی زاڵی مەیلی جەنگو شەڕخوازانەی بۆرژوازی ئەو وڵاتەیە بۆ گەیشتن بەمەرامو نیازەکانی. ئەمریکا خاوەنی تەجروبەیەکی دوورو درێژە لەجەنگەکاندا. بەتەنها خۆی لەسەرەتای سەدەی ڕابردووەوە تاکو ئەمڕۆ چۆتە ناو ١٠١ جەنگی گەورەو بچووکەوە لەدنیاداو بەشداری تیادا کردووە. جەنگەکانو بازرگانی جەنگی هۆیەکە بۆ سەرمایە کەڵەکەکردنو تاڵانو بڕۆو هۆیەکە لای بۆرژوازی ئەو وڵاتە بۆ خێرو بێرو گەشەو پەرەپێدانی ئابووری لەسەر حسابی وڵاتانی تر.

بەڵام ڕاگەیاندنی جەنگی ئەمجارە لەلایەن ئەمریکاوە وەکو پێشوو نییە. بڕیار نییە، وەکو خۆیان دەڵێن، شەڕێك ڕووبداتو کۆتاییەکی دیاریکراوی هەبێ. بڕیارە جەنگێکی درێژ خایەن، کەهەندێك ٥ ساڵو هەندێکیتر ڕەقەمی دەیان ساڵ لیٔدەدەن، بەرپابکرێ دژی ئەوەی پێی دەڵێن (تیرۆریزم).

ئەوەی کە ڕۆشنە ئەوەیە کەئەمریکا دەیەوێ (ئیمپراتۆرییەتێکی شەڕ) دابمەزرێنێ. ئەو ئیمپراتۆریەتەی بەریتانیا لەسەدەی نۆزدەهەمو بیستەمدا لەدنیادا دایمەزراندبوو بەوە ناسراوبوو (خۆری تیا ئاوا نابێ)، لە سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمدا ئەمریکاو بەریتانیا دیسانەوە بەڵێنی ئیمپراتۆریەتێك دەدەن کەشەڕو جەنگ تیایدا ئاوانابێ !

هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە "جەنگ دژی تیرۆریزم" درێژخایەنەو چەندین ساڵ دەخایەنێت.

بەڕۆشنی ڕادەگەیەنن کەشەڕ لەئەفغانستان ئەگەرچی یەکەمین شەڕە دژی "تیرۆریزم" بەڵام دوایینی نابێو زنجیرەیەکی تری بەشوێندا دێت. ئەوەی کە ئەو شەڕانە لەدژی کێ دەکرێ، کێ دەگرێتەوەو چۆن دەست پێدەکاتو کەی کۆتایی دێ؟ لەوەڵامی ئەوانەدا روونکردنەوەیەك نادەن، بەڵام هاوکات ڕایانگەیاندووە کە ژمارەی ئەو وڵاتانەی ئیرهابین، یان باوەشیان بۆ ئیرهابیەکان کردۆتەوە یاخود پیشتیوانیان لێدەکەنو هانیان دەدەن،، یان پاساو بۆ کارەکانیان دەهێننەوە، .. تاد ٦٠دەوڵەتە. دیارە زۆربەی ئەوانە لەڕۆهەڵاتی ناوەڕاستو جیهانی سێیەمدان. ئەنجومەنی ئاسایش لەبڕیاری ژمارە ١٣٧٣دا داوای لەهەموو وڵاتانی دنیا کردووە لەماوەی ٩٠ڕۆژدا خۆیان ساغ بکەنەوەو ئەو هەنگاوو ئیجرائاتانە بەڕاپۆرتێك بۆ ئەنجومەن بەرزبکەنەوە کە لەدژی ئیرهابو تیرۆریزم کردوویانەو بەپێچەوانەوە بەرەو ڕووی سزادان دەبنەوە ! تاکو ئێستا هەنگاوێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا نەنراوەو مەعلومیش نییە کە چ جۆرە سزایەك ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە بەڵام هەرچۆنێك بێ ڕۆشنە کەئیمپریالیزمی جیهانی بەسەرکردەیی ئەمریکا دەیەوێ لەو بوارەدا پێبنێتە قۆناغێکی نوێوە، کەئەگەرچی تایبەتمەندیو خەسڵەتی ئەم قۆناغە نوێیە هێشتا نەبڕاوەتەوەو لەحاڵی شکڵ گرتندایە، بەڵام دەکرێ لێرەدا ئاماژەیەکی کورتی پێبکەین:

دوای ئەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەهۆی جووڵانەوەی دژی ئیمپریالیستیو جەنگە سەربەخۆیی خوازەکانەوە لەوڵاتانی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهانی سێیەمدا زەربەی کاریگەری بەرکەوت وە بەهۆی ململانێی یەکێتی سۆڤیەتو بەرانبەرکێ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتو زلهێزەدا لەچوارچێوەی جەنگی ساردا کۆمەڵێك دەسەڵاتو حکومات هاتنە سەرکار کە دژایەتی ئیمپریالیزمیان کردووە، یان نیمچە سەربەخۆییەك کەهەیان بووە پاراستوویانەو دیفاعیان لێکردووە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە - لەڕووانگەی ئەمریکاو بەریتانیاوە - سەرلەنوێ دەسەڵاتی ئیمپریالیزم بەسەر ئەو وڵاتانەدا پێناسە بکرێتەوە، ئەو زەربەو گورزەی لەپەیکەری ئەو دەسەڵاتە دراوە بگێڕدرێتەوە بۆ شوێنی خۆی. ئەو حکومەتو دەوڵەتانەی بوون بەکۆسپێك لەبەردەم ئەو کارەدا بەرچەپۆك بکەونو تەمبێبکرێن یاخود لەسەرکار لاببرێن. ئەوەی کەبەخێرایی ژمارەیەکی زۆر دەوڵەتو حکومەتیان ڕیزکرد کەدەبێ خۆیان لەبەردەم ئەمریکادا ساغبکەنەوە نیشانەی ئەو سیاسەتو ئامانجە پاوانخوازییەیە. هەڵبەت دەوڵەتی عێراق یەکێك لەو وڵاتانەیەو ناوی ئەو لەسەروو هەمووانەوەیە، دوای ئەویش وڵاتانی وەك سۆدان، یەمەن، سۆماڵو.... ناویان دەهێنرێ.

# جەنگ دژی تیرۆریزمو بەرانبەرکێی ئەمریکاو عێراق!

عـێراق ئـەو نێچـیرە لاوازەیـە کەئـەمریکا دەیـەوێ لـەم جەنگـەدا ڕاوی بکـات. سـەرەڕای ئـەوەی بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە بـۆ تێوەگلانـی حکومـەتی بـەعس لەکارەسـاتی ١١ی ئـەیلولو هێرشـەکانی (ئەنسراکس)دا بەڵام ئەمریکا لێـدانو گـورز وەشـاندنی لـەعێراق بـەئامانجێکی سـەرەکی خـۆی لـەدوای شەڕی ئەفغانستان یاخود لەکاتی ئەو شەڕەدا داناوە.

ڕژێمی بەعسیش خەریکی خۆسازکردنو خۆئامادەکردنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. هۆیـە سـەرەکی‌یەکانی ئەوەی ئەمریکا دەیەوێ ڕژێمی بەعس تاوانبار بکاتو ئەو گەردەلولی تۆڵەیـەی لەواشـنتۆنو نیۆرکـەوە هەڵی کردووە بگەیەنێتە عێراق بەکورتی ئەمانەی خوارەوەیە:

**١/ عێراق نێچیرێکی لاوازە!**

لەدوای شەڕی کوەیتەوە باڵادەستی ئەمریکا لەناوچەی کەنداو و لـەخودی عـێراقدا باڵادەسـتی‌یەکی تاقانەیە. ئەمریکا بەئاسانی دەتوانێت لەڕووی سەربازی‌یەوە زەربە بدات لەعێراقو کارێکی لەو جۆرەش لەدرێژەی ملهوڕی‌یەکانو کارە میللیتاریستی‌یەکانی ڕابردوودایەو زەمینەسازی‌یەکی ئەوتۆی ناوێ. ئـەم حاڵەتە بۆ نەیارانی تری ئەمریکا وانی‌یە، بۆنمونە قەڵایەكو سەرچاوەیەکی سەرەکی تیرۆریزمی ئیسلامی لەئێراندایە وە ناحەزیو نەیاری جمهوری ئیسلامی لەکاتی ئەزمەی سەفارەتی ئەمریکاوە لەتاران لەگـەڵ حکومەتی ئەمریکی بەبەرچاوی هەموانەوەیە. بەڵام ئەمریکا ناتوانێت بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی جمـهوری ئیسلامی کردەوەی سەربازی هەڵبژێرێت. کارێکی لەو جۆرە زەمینە سـازی‌یەکی زۆری دەوێو بەئاسـانی بۆ ئەمریکا یەکلاناکرێتەوە. ڕژێمی ئـێرانیش لـەڕووی سـەربازیو ئابووری‌یـەوە بەئاسـانی بـۆ ئـەمریکا قووت نادرێ. بۆیە بەناچار ڕێگـەی دیپلۆماسـیو سـاتو سـەودای لەگـەڵ ئـەو وڵاتـەدا هـەڵبژاردووەو خەریکی زەمینە سازی‌یە بۆ چاکسازی جمهوری ئیسلامیو گونجاندنی لەگەڵ بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکاو ستراتیژەکانیدا.

**٢/ خۆ ڕزگارکردن لە زەلکاوی عێراقو دامەزراندنی حکومەتێکی سەر بەئەمریکا.**

زیاتر لە ١٠ سـاڵە عـێراق بـووە بـەو زەلکـاوەی ئـەمریکا نـەیتوانیوە بەئاسـانی لیێ بێتـە دەرێ. سیاسەتو هەوڵەکانی ئەمریکا لەچەند ساڵی ڕابردوودا بۆ ڕێکخسـتنەوەی بـارودۆخی سیاسـی عـێراقو هێنانە سەرکاری حکومەتێکی پرۆ ئەمریکا یـەك لـەدوای یـەك لەگـەڵ بنبەسـتو قـەیران ڕووبـەڕووبوو بووە. (یاسای ڕزگارکردنی عێراق) بـوو بـەبڵقی سـەرئاو، گـەمارۆ درزی تێکـەوتو پرۆسـەی داخورانـی

دەستی پێکرد. بیانووی چەکە کۆمەڵ کوژەکان بڕشتی نەماو وەك گاڵتەجاڕییەك دێتە پێش چاو. بەرەی ئیمپریالیزم بەرابەری ئەمریکا دژی عێراق لەیەك ترازاو ڕەوتی هەڵوەشانەوەی دەستی پێکرد. کوێرەوەریو نەهامەتی خەڵکی عێراق زۆر درێژەی کێشاو بووەبەسەرچاوەی نائارامی لەگشت کەنداو ناوچەکەداو هەڕەشەیەك بۆ سەر بەرژوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکاو حکومەتە نۆکەرەکانی لەناوچەکەدا.

هەموو ئەوانە یەك بەدوای یەکدا یەخەیان بەئەمریکا گرت تا پێش ڕووداوی ١١ی ئەیلول. هەڵبەت دوای ڕووداوی ١١ی ئەیلولیش ئەو بارودۆخە لەعێراق درێژەی هەیەو بگرە هەموو ڕای گشتی دنیا کێشەی عێراق بەیەکێك لەسەرچاوەکانی سەرهەڵدانی ڕووداوی ١١ی ئەیلول وەسف دەکەن.

لەم بارودۆخەدایە ئەمریکا ناتوانێ درێژە بەسیاسەتەکانی رابردووی لەعێراقدا بداتو ئەم دۆخە تازەیە وادەخوازێ بەخێراییو بەپەلە وەڵام بەوانە بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەو لەبەرامبەر دوو ڕێگادایە:

یان هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەئاکامی کردەوەیەکی سەربازی ڕاستەوخۆداو هێنانە سەرکاری حکومەتێکی نوێو دامەزراندنی لەپرۆرسەیەکدا، یاخود ساتو سەودا لەگەڵ رژێمی بەعسی ئێستاو لابردنی صدام حسین لەڕێگەی ڕێککەوتنو سازشێکی ژێر بەژێرەوە.

هەر دوو ئەم سیناریۆیە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە تاوو توێ دەکرێو خەریکە ناکۆکییەکانو گرفتە دەروونییەکانی ئەو حکومەتە لەسەر کێشەی عێراقو چۆنێتی مامەڵەکردنی بەلای هەڵبژاردنی سیناریۆی یەکەمدا دەشکێتەوە. خەریکە زەمینە بۆ کردەوەیەکی سەربازی کاریگەر دژی رژێم خۆش دەکرێو ڕای گشتی بۆ ئامادە دەکرێ.

## ئەگەری لێدانی سەربازی عێراق: زەمینەکانو ڕێگرییەکان!

ئەمریکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیەی سەرەوە هەم لەگەڵ زەمینەی گونجاو و هەم لەگەڵ ڕێگری جددی ڕووبەڕووە.

زەمینەکانی ئەو هەولانەی ئەو ئەمانەی خوارەوەن:

١/ ڕووداوی ١١ی ئەیلولو دە ستکراوەیی ئەمریکا بۆ ملهوڕیو مللیتاریزمو ئەگەری شکستی رژێم لەڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕاستەوخۆدا.

٢ / ئیدانە نەکردنی ڕووداوی تیرۆریستی ١١ی ئەیلول لەلایەن ڕژێمی بەعسی حاکمەوە لەعێراقو

پێشینەی ڕژێم لەتیرۆرو تیرۆریزمدا.

ئەوەی کە ڕژێم ڕووداوی تیرۆریستی ١١ی ئەیلولی ئیدانە نەکردو بگرە هەر لەرۆژەکانی ئەوەڵەوە پاساوی بۆ هێنایەوە خۆی زەمینەیەکە بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێ ڕای گشتی لەناوخۆدا دژی عێراق هەڵخڕێنێ و وەکو سەرچاوەی تیرۆریزم یان وەکو دوژمنی هەموو خەڵکی ئەمریکا نەك تەنها حکومەتەکەی وەسفی بکات. ڕووداوی ١١ی ئەیلول دوو چارەنووسی لێك جیای پێکەوە گرێدایەوە: چارەنووسی خەڵکی ئەمریکاو چارەنووسی حکومەتی ئەو وولاتە. هێرش بۆ سەر خەڵکی ئەمریکا وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك بوو لەحکومەتی ئەو وولاتەو هێرش بۆسەر ئەو حکومەتەش وەك هێرش بۆ سەر خەڵکی هاتە بەرچاو. گرێدانەوەی ئەم دوو چارەنووسە هەرچەندە کاتی بێ، بەڵام خۆی زەمینەیەکە بەئەوەی هەر لایەنو حکومەتێك ئەو کارەی مەحکوم نەکردووە حکومەتی ئەمریکی پەلاماری بدات تۆڵەی لێبکاتەوە.

خاڵێکی تر پێشینەی رژێمی بەعسە لەبواری کاری تیرۆریستیدا.

ئەوەی کە ڕژێم هێرشی تیرۆریستی ١١ی ئەیلولی ئیدانە نەکرد نیشانەی باوەڕی ئەو ڕژێمەیە بەئیرهابو تیرۆریزم. نیشانەی ئەو باوەڕە کوێرانەیە کەخەڵکی مەدەنی ئەبێ بکرێن بەسووتەمەنی تۆڵەسەندنەوە لەئەمریکا یان لەنەیارەکانی ڕژێم. بوونی ئەو باوەڕەو کارنامەیەکی دوورو درێژ لەکاری تیرۆریستیو جینۆساید بۆ خەڵکی عێراق ئاشکراو بەبەرچاوەوەیەو جێگای سەرسووڕمان نیە.

هەر ئەم ڕژێمە بوو بۆ تۆڵەسەندنەوەو پاشەکشەکردنو بەحزبە قەومییەکانی کوردستان تەڕو ووشکی لەشارو دێهاتەکانی کوردستاندا پێکەوە سووتاندو خەڵکی مەدەنی بێدیفاعی قەتڵو عام کرد. لەچەند خولەکێکدا گازی ژەهراویو کیمیاوی کرد بەگەرووی ٥ هەزار کەس لەخەڵکی بێدیفاعی هەڵەبجەدا. یان لە ١٩٩١داو بەمۆڵەتی خودی ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی بەهەموو چەکێکی قورسو سووك دەیان هەزار کەسی لەشارەکانی باشووردا لەخوێن هەڵکێشا کەبەشێکی زۆریان ژنانو منالانو بەسالاچووان بوون.

ئەگەرچی خودی ئەمریکاو هاویەیمانەکانی ئەو چەکانەیان دا بەصدام حسێنو شەریکی تاوانەکانی ئەون، بەڵام ئەمڕۆ ئەو پێشینەو کارنامە پڕ لەتاوانە دەقۆزنەوەو دەیانەوێ خۆیان بکەنە ڕزگارکەری خەڵکی عێراقو لەم ڕێگەیەوە دەست وەشاندن لەڕژێم.

بەڵام ڕێگرییەکانی ئەو سیاسەتو هەوڵانەی ئەمریکا بۆ یەکلاکردنەوەی بارودۆخی سیاسی عـێراق بەقازانجی خۆی زۆرنو دەوری جددیو کاریگەریان دەبـێ لـە پووچەڵکردنـەوەیدا. دەکـرێ بـەکورتی ئـەو ڕێگرییانە بەم جۆرە بژمێرین:

١ / یەکلاکردنەوەی بارودۆخی عیراقو هێنانە سەرکاری حکومـەتێکی لایـەنگر لەئـەمریکا دەسـتی ئەمریکا دەکاتەوە تاکو گشت ناوچەی کەنداو بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیـەوەو دەسـەڵاتێکی تاقانـەی تیـایدا هەبێو بەشی شێر بۆخۆی بەرێ. ئەمە لەلایەن وولاتانی ئەوروپاو لەلایەن ڕووسیاو چینەوە قابیلی قبووڵ نییەو نایانەوێ دەسەڵاتی ڕەهاو تاقانەی ئەمریکا لەوێدا قبووڵ بکەن. لەبەرئـەوە ئیئتـلاف دژی تـیرۆر لەبەرامبەر عێراقدا سەرناگرێو بەخێرایی هەڵدەوەشێەوە یان تووشی لێکترازانی زیاتر دەبێ.

هەرئێستا خودی ئەمریکاو بەریتانیاش لـەو بـارەوە نـاکۆکی لـەنێوانیادا هەیـە. وولاتـانی ئـەوروپا ئەگـەر نەشـتوانن دەسـت بخەنـە ڕێگـای هەوڵـەکانی ئـەمریکا ئـەوا مەسـەلەکانی لێدەئـاڵۆزکێننو نەخشەکانی بەکردەوە تووشـی نوشسـت و ڕێگـری دەکـەن، هـەروەها خـۆ نزیککردنـەوەش لەدەوڵـەتانی عەرەبیو هاندانیان دژ بەئەمریکا وەکو چەکێك بەکاردەهێنن بۆ پێشگرتن بەو کارە. ڕازیبوونـی ئـەوان یـان قـانع کردنیـان تەنـها لـەحاڵی ئیمتیازاتێکدایـە کەئـەوان بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەڕێکسـختنەوەی هاوکێشەکانی ئەو ناوچەیەدا بەشدار بکا. ئەمەش کارێکە ئەمریکا بەئاسانی ملکەچی نابێ.

٢/ لـەکاتێکدا ئیسـرائیل خـەریکی کوشـتاری فەلەسـتینییەکانە، دەوڵـەتانی عـەرەبی نایانـەوێ ئیمتیازێك بدەن بەئەمریکا بۆ یەکلاکردنەوەی بارودۆخی عێراق بەزەرەری خۆیان. بۆیە لەبەرامبـەر ئـەو نەخشـەو هەوڵانـەدا ئەگـەر بـەرگریو مقاوەمـەتێکی ئیجـابیش نیشـان نـەدەن بەرگرییـەکی سـەلبی دەردەبڕنو دەیانەوێ ڕێگری بۆ پێکبهێنن. هەڵبەت ئـەو هەوڵانـە وەکـو هۆیـەك دەوری هـەبوو لەسـاڵی ١٩٩١ دا تا ئەمریکا ناچار بکات تا گەردەلوولی بیابانو لابردنی صدام حسین رابگرێ.

٣ / ئیدانەکردنی سیاسەتو ملهوڕییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعێراق سابقەو پێشینەیەکی خەباتکارانەی هەیە لەدنیای ئەمڕۆدا.

قسـەکردن دەربـارەی عـێراقو هەڵوێسـت گرتـن بەرامبـەر بەتـەدەخولو کـردەوە سـەربازییەکانی ئەمریکا، ئیدانەکردنی گەمارۆی ئابووریو .. تاد هەمیشە تەوەرەی ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەکان بـووە دژی ئەمریکا لەوولاتانی ئەوروپاو خودی ئەمریکادا.

هەر هێرشێك بۆسەر عێراق ڕاستەوخۆ ئەو جوولانەوەو نا ڕەزایەتیانە تەکان پێدەدات‌و گوڕێکی نوێ

دەبەخشێ بەجوولانەوەی دژی شەڕو دژ بەجەنگی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەدنیادا.

٤/ کردەوەی سەربازی دژی عێراق بەبێ خوێن ڕێژیو کوشتاری خەڵکی مەدەنیو بێدیفاعو برسیکردنو ناهەموارکردنی ژیانو گوزەرانیانو وێرانکردنی ماڵ و حاڵیان نابێ. کاتێك خەڵکی مەدەنیو بێدیفاع زیاتر دەبن بەقوربانیو مەینەتییەکانیان زیاددەکا، ناوەڕۆکی دژی مرۆییو دژی ئینسانی ئەو کردەوەیە زیاتر دەردەکەوێو ڕۆشنتر نەفرەتی لێدەکرێ. ئەمە ڕێگرێکی جددیە کە کاریگەی لەسەر نەخشەو پلانەکانی ئەمریکا لەعێراقدا دادەنێو ئالۆزی دەکات. ئەگەر ئۆڵبرایت بەسەخافەتەوە ووتی "بەرژەوەندییەکانمان ئەوە هەڵدەگری کەیەك ملیۆنو نیو منالی عێراقی بەهۆی گەمارۆی ئابووریەوە بکات بەقوربانی"و کۆلن پاوڵی ئەمرۆ ڕاگەیاندنی لەو جۆرە دووبارە بکاتەوەو بیکات بەپاساوی سیاسەتو هەوڵە کانی ئێستایان بێگومان بەخێرایی شەرعیەتی هەر کردەوەیەکی ئەو زلهێزە جیهانییە دەخاتەوە ژێر پرسیارو دەوری دەبێ لەنابووت کردنیدا.

# کۆمۆنیستەکانو تیرۆریزم!

کاتێك رووداوی ١١ ی ئەیلول ڕوویدا کۆمۆنیستەکانو سۆشیالیستەکان ئـەو هێرشـەیان ئیدانـەکردو خوازیاری ئەوە بوون ئەنجامدەرانی بدرێن بەدادگاو سزای خۆیان وەربگـرن. ئـەوان بێئـەوەی پاسـاوێك بـۆ ئەو کارە بهێننەوە بەشێوەیەکی موتڵەق ئیدانەیان کـردو هـاودەردیو هاوسـۆزی خۆیـان لەگـەڵ کـەسو کاری قووربانییەکانو خەڵکی ئەمریکادا دەربڕی. ئەم هەڵوێستە پێش هەمووشـتێك نیشـانەی ئینسـان دۆستی کۆمۆنیزم بوو. کۆمۆنیستەکان بەتەنگ گیانو ژیانی ئینســانەوەن. هـەر لایـەنێك ئینسـانکوژی بکات بەڕێگایەك بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی پێش هــەموو شـتێك بەرنـەفرەتو بـێزاری ئـەوان دەکـەوێ. کۆمۆنیستەکان باوەڕێکی قووڵیان بەوە هەیـە کـەدەبێ گیـانو ژیـانی ئینسـانەکان پارێزراوبـێو لەهـەر دەستدرێژییەك بەدووربێ، هیچ لایەنو هێزێك بۆی نەبێ کوشتنی ئینسان بکـات بەهۆیـەك بـۆ گەیشـتن بەئامانجەکانی. بێگومان تیرۆریزمێکی کوێرانە کە ژیانی خەڵکی مەدەنیو بێدیفـاع بکـات بەنیشـانەو سوتەمەنی کردەوەکانی، جددیتر ڕووبەڕووی دەبنەوەو بۆ ڕیشەکێش کردنی تێدەکۆشن. بەڵام بنچینـەو بناغەی هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان بەتەنها ئینسان دۆســتی نییـە، بـەڵکو پشـتی داوە بەمێژوویەکـەوە کەتیایدا کرێکارانو کۆمۆنیسـتەکان وەکـو هـێزێکی شۆڕشـگێڕ بـۆ لـەنێوچوونی بنـەما ماددییـەکانی زەبروزەنگو چەوسانەوەو توتندوتیژی خەباتیان کردووە، ئەو خەباتو تێکۆشانەی کـەبۆرژوازی هـەڵیداوە تیرۆرو تیرۆریزم سەرکوت بکاتو پاشەکشەی پێبکـات. لـەم بارەیـەوە ئـەبێو پێیوسـتە ڕوونکردنـەوەی زیاتر بدەین:

### ١/ تیرۆریزم ئسلوبی خەباتی بۆرژوازییە

ریشـەی توندوتیـژی لەدابەشـبوونی چینایـەتی کۆمەڵگادایـە. چینـە باڵادەسـتەکان بـۆ پاراسـتنی دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی خۆیانو پاراستنی سەروەتو سامانێك کەبەهۆی کارو دەست ڕەنجـی زۆرینـەی کۆمەڵەوە لەسەریەك کەڵەکەیان کردووە، توندو تیژی بەکاردەهێننو نەیارانی خۆیان سەرکوت دەکـەن. ئەوان جگەلەوەی دەوڵەت، سوپا، زیندان، دامو دەزگای سـەرکوتو داپڵۆسین، دامودەزگای جاسووسـییان هەیە پەنا بۆ تیرۆرو تیرۆریزمیش دەبەن.

بەدرێژایی مێژووی سەرمایەداری چینی بۆرژوازی لەبەرامبەر ڕابـەرانی کرێکـاریو سۆشیالیسـتیدا، لەبەرامبەر جووتیارانو ئازادیخوازاندا کاتێك سەرکوتو داپڵۆسینو بـەکارهێنانی یاسـاکانی بـۆ ئیعـدامو

لەسێدارەدانیان دادی نـەدابێ، پـەنای بردۆتـە بـەرکاری تـیرۆرو ئیرهـابو ڕاسـتەوخۆو ناڕاسـتەوخۆ بـەو شێوازە دڕندانەیە لەناوی بردوون. لەبەرئەوە لەپەنا دامو دەزگا عادەتیـیەکانی سـەرکوتو داپڵۆسـیندا، هەمیشـە چیـنی بـۆرژوازیو دەوڵەتەکـەی تـاقمی تیرۆریسـتی مافیاییـان بـۆ ئـەنجامدانی ئـەو کـارە پێکـهێناوەو پشـتیوانییان لێکـردووەو ئیمکانـاتو هـۆی پێویسـتیان خسـتۆتە بەردەسـتو لـەتاقیبو لێپرسینەوەی یاسایی بەدووریان گرتوون.

پەنا بردنە بەر ئیرهابو تیرۆریزم لەلایەن بۆرژوازییەوە، لـەکاتی پەرەسـەندنی خـەباتو ناڕەزایـەتی کرێکاری جەماوەری دا، لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆدا زۆر زیاتر پەرەی سەندووە. بۆرژوازیو تاقمە تیرۆریستییەکان لەئەبعادێکی کەم وێنەدا ڕابەرانی کرێکـاریو جـەماوەریو ئازادیخوازانیـان کوشـتووەو ڕاویان کردوون. ڕەنگـە سـەرهەڵدانی فاشـیزم لـەئیتالیا لـەدەورەی سـەرهەڵدانی "شـوورا سـوورەکان"و شـەپۆلی داگـیرکردنی کارخانـەو کارگـەکانی سـاڵەکانی ١٩٢١و ١٩٢٢دا باشـترین نمونـەی ئـەو هەوڵـە تیرۆریسـتیانەی بـۆرژوازی بێ، لـەکاتێکدا ئیتالیـا لەسـەر لێـواری شۆڕشـێك بـوو لەچەشـنی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری روسـیای ١٩١٧، بـۆرژوازی بـۆ سـەرکوتی شـوراکانو کوشـتنو لـەناوبردنی ڕابـەران، جووڵانەوەیەکی فاشیستی بەڕابەری "مۆسۆلینی" پێکهێناو بەریدایە گیانی کرێکارانو لەماوەی نێـوان سـاڵەکانی ١٩٢٢ـــ ١٩٢٦ دا بەهـەزاران ڕابـەرو هەڵسـووڕاوی کرێکـاریو جـەماوەری لەلایـەن فاشییەکانەوە بەدڕندانەترین شێوە تیرۆرکران. لەئەڵمانیاش لەمیانەی شۆڕشو ڕاپەڕینی کرێکاراندا بـوو رۆزا لۆکسـمبۆرگو کـارل لیکبنخـت لەسـاڵی ١٩١٩دا تـیرۆرکران. یـان ئـەزمونو تەجروبـەی بـەرازیل لەدەیەی هەشتاکانو نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا نمونەیـەکیترە، بـۆرژوازی بـەرازیل بەسـەدان ڕابـەری بزووتنەوەی کرێکاریو یەکێتییە کرێکاریەکانی بەرازیلی تیرۆرکردو لەناوبردن. چەندین دەستەو تاقمی مافیـاییو انسـان کـوژی لەلایـەن کۆمپانیاکـانو خـاوەن زەوییەکانـەوە پێکـهاتو ئـەرکی سـەرەکیان تۆقاندنو هەڕەشەکردنو تیرۆرکردن بوو.

هەرکاتێك بۆرژوازی لەئاکامی شۆڕشو هەستانێکی جەماوەریدا دەسەڵاتی لەدەست چووبـێ، پـەنا بردنە بەر تیرۆرو تـیرۆریزم شـێوازێکی سـەرەکیبووە بۆگێڕانـەوەی. کـاتێك بـۆرژوازی لەڕوسـیادا توانـی شۆڕشێکی چەواشە بەدژی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا بـەرپا بکـاو سـەرمایەداری دەوڵـەتی دابمـەزرێنی، هێرشێکی تیرۆریستی گەورەی لەژێر ئـاڵای سـتالینیزمدا کـردە سـەر ڕابـەرانو هەڵسـووڕاوانی شۆڕشـی ئۆکتۆبەرو بەشێکی بەرچاویان لێتیرۆرکردن، ترۆتسـکی لـەئابی ١٩٤٠دا یـەکێ لەقوربانییـەکانی ئـەو

هێرشانە بوو.

بەڵام بۆرژوازی هەر بەتەنها لەبەرامبەر کرێکارانو ئازادیخوازاندا لەووڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری‌دا تیرۆریزمی نەکردووە بەشێوازێکی سەرەکی سەرکوتو تۆقاندنی خۆی بۆ پاشەکشە بەخەباتی چینایەتی‌و دامرکاندنەوەی، بەڵکو لەووڵاتانی داگیرکراوو کۆلۆنیالکراودا، لەووڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری‌دا بەشێوەیەکی بەربلاو بەدژی خەباتو جووڵانەوەی ئازادیخوازانەو سەربەخۆیخوازانە، لەپاڵ هۆیەکانی تری سەرکوتو داپلۆسیندا، تیرۆریز می بەکارهێناوە. تیرۆریزم یەکێك بووە لەخەسڵەتە پایەدارەکانی ئیمرپریالیزمو شێوازێکی سەرەکی دەسەلاتەکەی، بەتازەترین چەكو بەزۆرترین ئیمکاناتو ئاسانکاری‌یەوە، دەوڵەتە ئیمپریالیستی‌یەکان ئازادیخوازانو نەیارانی سیاسی، خەڵکی مەدەنی‌و بێ‌دیفا عیان لەو ووڵاتانەدا کوشتووەو لەناویان بردوون. ئەو دەوڵەتانە بوون بەڕابەرو سەرکردەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. جگە لەوەی راستەوخۆ دەزگانی CIA، دەزگا جاسووسی‌یەکانی‌تر کاری تیرۆرو تەقاندنەوەیان ئەنجامداوە، هاوکات لەدامێنی ئەوانەوە نەك هەر دەستەو تاقمی تیرۆریستی کەوتۆتە خوارەوە، بەڵکو سوپای تیرۆریستی گەورەیان لەچەشنی موجاهدینی ئەفغانستانو سوپای نیکاراگواو ... تاد پێکهێناوەو کاری سەرەکیان انسان کوژی بووە، وە یاخود سەپۆرتی تیرۆریزمی ئیسلامیان کردووەو وەکو دڕندەیەکی هەوسار پچڕاو بەریان داوەتە گیانی خەڵکی ووڵاتانی جیهانی سێ‌یەم، هەروەکو پێشتر بەپاراوی لەم بارەیەوە دواین. نابێ ئەوەش لەبیربکەین کە ئەمریکاو رۆژئاوا پاڵپشتێکی سەرەکی دەوڵەتی ئیسرائیلن، بەچەکی ئەوان ئەو دەوڵەتە دڕندانەترین کاری تیرۆریستی دژ بەخەڵکی فەلەستین ئەنجام دەداتو بەپێشکەتووترین چەك بەربۆتە گیانیان.

## ٢- تیرۆریزم بیانوویەکە بەدەست بۆرژوازی‌یەوە بۆ سەرکوتکردنو داپلۆسین!

ترۆتسکی لەووتاری(بۆچی مارکسی‌یەکان دژایەتی تیرۆریزمی فەردی دەکەن؟) کاتێك تەجروبەی بیست ساڵەی تیرۆریزم لەڕوسیا لەساڵی ١٩٠٩دا هەڵدەسەنگێنێ دەڵێ "دوژمنانی چینایەتی ئێمە کردوویانە بەعادەت تا دەربارەی تیرۆریزمی ئێمە بدوێن. ئەوەی کەتیرۆریزم لای ئەوان چ مەبەستێك دەگەیەنێ هێشتا رۆشن نی‌یە. ئەوان دەیانەوێ هەموو چالاکی‌یەکانی پرۆلیتاریا دژی بەرژوەندی‌یە چینایەتی‌یەکانی‌یان بەتیرۆریزم لەقەڵەم بدەن. مانگرتن، لەڕوانگەی ئەوانەوە، سەرەکیترین شێوەی تیرۆریزمە. هەڕەشەی مانگرتن، رێکخستنی پیکیت، بایکۆتی ئابووری سەرمایەدارێك کەکۆیلەکان کارەکانی بەڕێوە دەبەن، دەرپەڕاندنی خیانەتکارێك لەڕیزەکانی کرێکاراندا‌و .....تاد هەموو ئەوانەو

زۆری تریش بەتیرۆریزم ناودەبەن. ئەگەر تیرۆریزم بە م شێوەیە بریتی بێ لەهەر کارێك کەئازار بگەیەنێو دوژمن بتۆقینێ، ئەوا بێگومان گشت خەباتی چینایەتی هیچ نی‌یە جگە لە تیرۆریزم!"

بەبیانووی ئیرهابەوە بوو لەیەکی ئایاردا خاوەن کارەکانی شیکاغۆو دەوڵەتی ئەمریکا مانگرتنی کرێکارانیان لەشیکاغۆ لەسالی ١٨٨٧دا لەخوێن هەڵکێشاو سەرکوتیان کرد، ئەو ئیرهابەی کەدواتر ئاشکرا بوو خاوەنکارەکانو پۆلیس بەدەسیسە ئەنجامیان دابوو تا بیکەن بەبیانوویەك بۆ سەرکوتو داپلۆسینو پاشەکشە بەکرێکاران.

بەو پێیە بۆرژوازی بوونی دیاردەی تیرۆرو ئیرهابی کردووە بەبیانوو بۆ سەرکوتو پاشەکشەکردن بەخەباتی چینی کرێکار هەر کارێك کەبۆرژوازی بتۆقێنێو مەترسی‌یەك بۆ سەر دەسەڵاتو سەروەتو سامانەکانی دروست بکات لەلای ئەو بەئیرهاب لەقەڵەم دەدرێ. لەو ڕوانگەیەوە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا دژی نیزامی سەرمایەداری گەورەترین ئیرهابە لەمێژوودا. لینین، لەڕاپۆرتێکدا کەبەناوی لیژنەی جێبەجێکردنی سەراسەریو ناوەندی رووسیاو کۆمیسیاری باڵای خەڵکەوە لەساڵی ١٩١٩دا پێشکەشی حەوتەمین کۆنگرەی شووراکانی رووسیای کرد، لەوەڵام بەهێرشەکانی هێزە ئیمپریالیستی‌یەکاندا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت دەڵێ " هەمیشە بەتیرۆریست تۆمەتبارمان دەکەن. ئەم تۆمەتە باوە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بەرنادات. دەڵێن ئێوە ئیرهابتان کردووە بەباوەڕێك" " لەوەڵامدا پێیان دەڵێین ئەوە ئێوەن تیرۆریزمتان بەسەر ئێمەدا سەپاندووە، بیرتان چۆتەوە کەتیرۆریزم سەرچاوەکەی دەوڵەتە زلهێزە هاوپەیمانەکانە. ئایا ئەوە تیرۆریزم نی‌یە هێزە سەربازی‌یە جیهانی‌یەکانی‌یان گەمارۆی وڵاتێکی برسی بدات؟ ئەوە تیرۆریزم نی‌یە نوێنەرە بیانی‌یەکان بەبیانووی حەصانەی دبلۆماسی خەریکی پیلانگێری بن لەدژمانو گاردی سپی بۆ ئەو کارە هەڵخرێنن؟ ".

هەرلەبەرئەوە بۆرژوازی ئەوروپا بەبیانووی ئیرهابی بەلشەفی‌یەکان هێرشیان کردەسەر ئەو شۆڕشە لەڕوسیا، بەبیانووی ئیرهاب سەدانو هەزاران بەلشەفیو لایەنگری ئەو شۆڕشەیان لەئەوروپادا دەسگیرکردو لەزیندانەکاندا توندیان کردن. هەر بەبیانووی ئیرهابو دابین کردنی ئارامیو ئەمنو ئاسایشی هاووڵاتیانەوە بۆرژوازی هێرشی کردۆتە سەر مافو داخوازی‌یەکانی کرێکارانو زەوتی کردوون، بێمافی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری داسەپاندووە، یاسا مەدەنیو عادەتی‌یەکانی تەعتیل کردووەو یاسای حاڵەتە نائاسایی‌یەکانو قانوونە عورفیەکانی لەجێگادا داناوە. هەر بەبیانووی ئیرهابەوە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانیان لەووڵاتە داگیرکراو و کۆلۆنیالی‌یەکاندا لەخوێن هەڵکێشاوە،

حکومەتی فەرەنسا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مقاوەمەتی خەلکی جەزائیرو سەرکوتکردنی، بیانووی ئیرهابی بەکارهێنا بۆ سەرکوت کردنو لەخوێن هەلکێشانو کوشتنی ١ملیۆن کەس لەو وولاتەدا. هەر بەو بیانووە کۆنو پرتووکاوەوەیە کەئەمڕۆ ئیسرائیل سەرکوت دەکاتو فەلەستینی‌یەکان دەکوژێ، ئەمریکا (جەنگ دژی تیرۆریزم) رادەگەینێو دەبێت بەسەرکردەی تیرۆریزمی نێودەولەتیو شەڕ بەدژی ئەفغانستان رادەگەینێو دەسەلاتی ئیمپریالیستیانەی خۆی فراوان دەکاتەوە، لەناوخۆشدا یاسای سەربازیو نیمچە عورفی ڕادەگەیەنێو دەیەوێ دەولەتێکی پۆلیسی ـ جاسووسی دابمەزرێنێ.

## ٣/ تیرۆریزم هەرچەند زەربەی لەبۆرژوازی دابێ، سەرەنجام هەر خزمەتی پێکردووە!

أ/ ناکۆکیو پێشبڕکێی دەروونی چینی بۆرژوازی، ناکۆکی نێوان کۆمپانیا سەرمایەداری‌یەکانو پێکدادانی بەرژەوەندی‌یە کانیان، ناکۆکی نێوان دەولەتە بۆرژوازی‌یەکانو سەرمایەکان، هەمیشە یەکێك لەشێوازەکانی یەکلاکردنەوەو چارەسەرکردنی بەکارهێنانی تیرۆرو تیرۆریزم بووە.

کۆمپانیاکانو خاوەن سەرمایەکان بۆ زالکردنی دەسەلاتی خۆیان لەبازاڕدا، بۆ پاشەکشە کردن بە نەیارەکانیانو تۆقاندنیان، لەیەکتری‌یان تیرۆرکردووە، یاخود سەروەتو سامانی یەکتریان فەوتاندووە. هەرچەند بەهۆی ململانێو کێبەرکێی نێوان ئەوانەوە تیرۆرو تیرۆریزم پەرەی سەندبێو دەولەت نەیتوانیبێ چوارچێوەیەکی یەکلاکەرەوەی بوو بێ، بەلام سەرەنجام لەو جەنگەدا بۆرژوا گەورەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوەو بووە بەهۆیەك بۆ چڕکردنەوەو کۆکردنەوەی زیاتری سەروەتو سامان لەسەر حسابی کرێکارانو خەلك. لەکێشمەکێشو کێبەرکێی نێوان دەولەتەکانیشدا هەر بەو جۆرە شکاوەتەوە، ئەو دەولەتانەی لەبواری ئابووریو سەربازی‌یەوە زالن دەتوانن نەیارە لاوازەکانی‌تر تێکبشکێننو دەسەلاتی ئیرهابیانەی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن.

شەڕی ئەمریکاو ڕێکخراوی بن لادنو تالبیانو هەندێك لەتاقمە تیرۆریستی‌یە ئیسلامی‌یەکانی‌تر لەو چوارچێوەیە بەدەر نی‌یە. ئەگەرچی تیرۆریزمی ئیسلامی توانیبێتی زەربەیەك بدات لەمەلبەندە سەرەکیو ستراتیجی‌یەکانی ئەمریکا ئەوا بێگومان لەو شەڕە تیرۆریستی‌یەدا براوە نابێ، بەخێرایی پاشەکشەی پێدەکرێو جلەو دەکرێ. لەو جەنگە تیرۆریستی‌یەی نێوان هێزەکانی بۆرژوازیدا دۆڕاوو براوە هێزی ئابوریو سیاسیو سەربازی دیاریدەکاتو دەیبڕێنێتەوە. بەلام ئاشکرایە سەرکەوتنی هەر لایەکیان بەسەر ئەوەی تردا کۆتایی شەڕو ململانێیەکی دیاریکراوە کە لەداهاتوودا بەشکلو شێوەی‌تر سەرهەلدەداتەوە. لەو جەنگە دەروونی‌یەی بۆرژوازەکانو هێزە کۆنەپەرستەکاندا کرێکارانو خەلك

یەکەمین قوربانی‌یەکانن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نی‌یە کەناتوانن ململانێ دەرونی‌یەکانی بۆرژوازی‌و هێزو تاقمەکانی بخەنە خزمەتی لێدان لەگشت دەسەڵاتی بۆرژوازی‌و شەڕو کێشەکانی. ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری‌و کۆمۆنیستی رێکخراوو ئامادەبێ، ئەوکاتانە باشترین فرسەتن تا خەباتی چینایەتی دژی گشت بۆرژوازی کڵپەبکاو هەموو ئەو کێشە کۆنەپەر ستانەی ئەوان بپێچێتەوەو بیخاتە ناو زبڵدانەوە.

ب/ لەکاتێکدا هێزو تاقمێك ، بەتایبەت هێزو گروپە ووردە بۆرژازی‌یەکان، بۆ گەیشتن بەئامانجێکی عادیلانەو ئینسانی تیرۆریزم بکات بەشێوازێکی سەرەکی‌و ستراتیجی خەباتی خۆی دژ بەناعەدالەتی‌و دژ بەبۆرژوازی، دیسانەوە لەم حاڵەتەشدا بۆرژوازی‌و چینە چەوسێنەرەکان کەڵك لەو شێوازە وەردەگرن‌و پایەو دەسەڵاتی خۆیانی پێ‌قایمتر دەکەن، ئەزموونی ڕوسیاو ئەزموونی ئیتالیا دوو نموونەی زۆر زیندوون لەو بارەوە.

ڕوسیا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ ماوەی بیست ساڵ مەڵبەندی تەقلیدی تیرۆریزم بوو. رێکخراوی "نارودنایا ڤولیا" ( بەواتای "ئیرادەی گەل"کە رێکخراوێکی پۆپۆلیست بوو)و زۆربەیان لەچینی ووردە بۆرژوازی مامناوەندی کۆمەڵ بوون، دژی دەسەڵاتی استبدادی ڕوسیای تزاری، دژی خاوەن زەوی‌یەکان‌و کۆلاکەکان، تیرۆریزمیان کرد بەشێوازێکی سەرەکی خەبات‌و هەڵسووڕانیان. ئەوان بۆ گەیشتن بەدابەشکردنی عادیلانەی زەوی، بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی چەوسێنەرانەی قەیصەر، بۆ گەیشتن بەسۆسیالیزم، توانیان تزار لەساڵی ١٨٨١دا تیرۆربکەن، دواتریش هێرشی بەردەوام بکەنە سەر خاوەن زەوی‌یەکان، کاربەدەستانی پایەبەرزی حکومەتی تزاری‌و تیرۆریان بکەن‌و بیان کوژن. هەرچەندە بەهۆی کاری ئەوانەوە خاوەن زەوی‌یەکان نەیانتوانی بەدەستکراوەیی زیاترەوە لەگەڵ جووتیاراندا مامەڵەیەکی وەحشیانە بکەن، وەیان کاربەدەستانی تزاری نەیان دەوێرا بەدەستێکی ئاوەڵاوە هەرچیان بوێ ئەنجامی بدەن، وە بەو جۆرە ترساوو تۆقیبوون، بەڵام هیچ یەك لەوانە دەسەڵاتی دەرەبەگەکان‌و دەسەڵاتی حکومەتی تزاری نەهێنایە لەرزین، بگرە بەپێچەوانەوە بیانووی دەدایە دەستیان تاکو هێز هەڵخڕێنن‌و بەبیانووی دابین کردنی ئەمن‌و ئاسایشەوە رێگا لە هاتنەمەیدانی جەماوەری خەڵك بگرن، سەرەنجام حکومەتی تزاری توانی لەو شەڕەدا سەرکەوتووبێت‌و ئەوانەی بەبیانووی شۆڕش‌و ڕاپەڕینەوە تیرۆریان دەکرد ریشەکێشیان بکات، ساڵی ١٩٠٩ کۆتایی ئەو تیرۆریزمە تەقلیدی‌یەی ڕوسیابوو.

ئەزموونی ١٩٧٦ ــ ١٩٨٢ ی ئیتالیاش نمونەیەکی نزیکترە، لەساڵی ١٩٦٨ بەدواوە ئیتالیا شانۆی

خۆپیشاندانی خوێندکارانو هەستانو خرۆشانی کرێکارانو داگیرکردنی کارخانەکانو بەرزکردنەوەی داخوازی ڕادیکاڵو شۆڕشگێڕانە بوو. لەو ڕاپەڕینو خەباتەدا کەچەندین ساڵ درێژەی کێشاو بوو بەسەرچاوەی نائارامی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا، بزووتنەوەی چەپو کۆمۆنیستی بەشێوەیەکی هەمەلایەنە گەشەی کردو بوژایەوە. دەیانو سەدان هەزار کرێکار بەڕیزی ڕێکخراوەو یەکێتییە کرێکارییەکانەوە پەیوەست بوون. خەبات بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، بۆ لەدەسەڵات خستنی بۆرژوازیو دامەرزاندنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی تەوەرەی سەرەکی گفتوگۆو جەدەلەکانی بزووتنەوەی چەپو کۆمۆنیستی لەو وڵاتەدا بوو. لەناوەندو لەگەرمەی ئەو جەدەلو گفتوگۆیانەدا تاقمێکی تیرۆریستی کەبەزۆری لەخوێندکارانو لەئەندامانی چینی مامناوەندی پێکهاتبوون، بەناوی (سەربازانی سوور) سەری هەڵدا. ئەم گروپە لەڕووی ئاسۆو ئامانجەوە باوەڕی بەسۆشیالیزمو دامەزراندنی نیزامێکی سۆشیالیستی هەبوو، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تیرۆرکردنی بۆرژواکانو خاوەن کارگەو کۆمپانیاکانو کاربەدەستانی حکومەتی ئیتالیای کردبوو بەستراتیجی سەرەکی خۆی. پێی وابوو لەڕێگەی تیرۆرو تۆقاندنی بۆرژوازەکانەوە دەتوانن جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی ئیتالیا هانبدەن تابێنە مەیدانو دژی دەسەڵاتدارانی ئیتالیا ڕاپەڕنو شۆڕش بکەن. لەبەر ئەوە هەموو هەوڵو توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی لەئاستێکی فراواندا ئەو کارانە ڕێکبخەنو نەخشەی بۆ بکێشنو جێبەجێی بکەن. ئەوان توانیان بۆرژوازەکان بتۆقێننو سەدان کەسیان لێتیرۆربکەن، کاربەدەستانی حکومەت، ئەندامانی دەزگا سەرکوتگەرەکان، خاوەن کۆمپانیاکان، خاوەن کارگەو کارخانەکان، حاکمەکانو بەشێك لەپارێزەرانو تاد هەموو ئەوانە کەوتنە بەر شاڵاوی تیرۆریستی تاقمی (سەربازانی سوور)، تا ئەو رادەیەی کەتوانیان "ئالدۆ مۆرۆ" سەرۆکی حزبی دیموکرات مەسیحیو ناودارترین کەسایەتی سیاسی ئەو وڵاتە لە١٦ی مارسی ١٩٧٨دا بڕفێننو ٥٥ ڕۆژ دوای ئەوە تیرۆری بکەن.

لەکاتێکدا کەحکومەتی بۆرژوازی ئیتالیاو دارودەستە مافیاییو فاشییەکان بەشکڵو شێوەی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی کرێکارانو یەکێتییەکانیانو ڕابەرانو هەڵسوڕاوانی جەماوەری خوێندکاران دەبوونەوەو لێیان دەکوشتن، ئەم تاقمە لەو بارودۆخەدا توانی لایەنگریو سۆزی بەشێکی بەرچاوی خەڵك بۆلای خۆی ڕابکێشێو کەڵکی لێوەربگرێو بیکات بەپشتیوانییەك بۆ کارەکانی. بەڵام ئەوە زۆر درێژەی نەکێشاو لەو جەنگە تیرۆریستییەدا بۆرژوازی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەساڵی ١٩٨٢دا توانی ریشەکێشیان بکاتو لەناویان بەرێت.

ئـەزمونی ئیتالیـاو ئـەزموونی ڕوسـیا هـەردوو نیشـانیان داوە کـە بـــۆرژوازی دەتوانـــێ بەئاســـانی ڕووبەڕووی تاقمێك‌و هێزێکی تیرۆریست بێتەوە، هەرچەندە ئامانج‌و مەبەستەکانیان عەدالەت خوازانـەو سۆشیالیستی بێ. لەڕووبەڕووبوونەوەیەکی وادا جەماوەر دەورێکی نامێنـێ‌و پاسـیڤ دەمێنێتـەوە، یـان ئەگەر دەورێکیشی هەبێ زەمینە خـۆش دەبـێ بـۆ دەوڵـەت‌و هـێزە سـەرکوتگەرەکانی تـاکو ڕێگـەگرتن لەئیرهاب بکەن بەبیانوویەك بۆ پاشەکشە پێکردن‌و لاوازکردنی، هەروەها زەمینە دەڕەخســێ بـۆ ئـەوەی بۆرژوازی خەڵك بخاتە پشت خۆی‌و بەرژەوەندی‌یەکی هاوبەشی وەهمی تەبلیغ بکـات‌و هـێزە نـەیارەکانی بەرامبەری سەرکوت بکات‌و بەئیرهابی دەوڵەتی وەڵام بەئیرهابی تاقم‌و گروپێك بداتەوە.

## ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم‌و ڕێگاچارەی سۆسیالیستی

بەلەبـەرچاوگرتنی ئـەم خاڵانـەی سـەرەوەو ئـەو ئەزمونانـــەی باســـان کـــرد کۆمۆنیســـتەکان سۆشیالیستەکان‌و هێزە ئازادیخوازەکان پێویستە هەنگاوە سەرەکی‌یەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو تیرۆریزم بەم جۆرە بێ:

١/ کۆتایی هێنانی یەکجارەکی بەتیرۆرو تیرۆریزم ڕاستەوخۆ بەدامەزراندنی نیزامی سۆسیالیستی‌و کۆمۆنیستی‌یەوە بەستراوەتەوە. ئەو چینەی کەلەڕێگەی شۆڕشی خۆیەوە ناکۆکی چینایەتی لـەناودەبات‌و پێکدادانی بەرژەوەندی‌یە ماددی‌یە جیاوازەکان کۆتایی پێدەهێنێ، نەك هەر هیــچ بەرژەوەندی‌یـەکی لـە کاری تیرۆرو تیرۆریزمدا نی‌یـە بـەڵکو بەپێچەوانـەوە یەکـەمین قوربانی‌یـەکانی ئـەو کارانـە بـووە، هـەر لەبەرئـەوە هـێزی سەرەکیشـە لـەکۆتایی پێهێنـان‌و ڕیشـەکێش کردنـی‌دا، تەنـها جـەنگ‌و شۆڕشـی چینایەتی‌یـە دژ بـەبۆرژوازی کـەدەتوانێ نیزامی سـەرمایەداری بڕووخێنـێ‌و زەبروزەنـگ‌و چەوسـانەوەو توندوتیژی لەنێوبەرێ.

٢ / ڕووبەڕووبوونەوەی ئیرهابی دەوڵەت‌و دام‌و دەزگا تۆقێنەرەکانی، مۆڵەت نەدان بەهیچ دەزگایەکی دەوڵـەت وەك سـوپا، دام‌و دەزگـا موخابـەراتی‌و جاسووسـی‌یەکان تـا کـاری تیرۆریسـتی ئـەنجام بـدەن‌و شـەرعیەتی یاسـایی‌و قـانونی پـێبدەن. هاوکـات مەسـئولکردنی دەوڵـەت لـەدابینکردنی ئاسایشـی هاووڵاتیاندا.

٣/ تێکۆشـان دژ بەهەوڵـەکانی بـۆرژوازی‌و حکومەتـەکانیان بـۆ داسـەپاندنی ئیرهـابی دەوڵـەتی بـەبیانووی ڕووبەڕووبونـەوەی ئیرهـاب‌و تـیرۆریزم. ڕێگـەگرتن لەداسـەپاندنی ئەحکامـە عورفی‌یـەکان‌و

کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دام و دەزگا مەدەنی‌یەکان بەبیانووی بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزم. وە قەدەغەی هەڵگیرساندنی شەڕ بەبیانووی وەڵامدانەوەی ئیرهابو بەکارهێنانی مافی دیفاعی شەرعی.

٤ / ڕێگەنەدان بەدەوڵەتو گشت دامو دەزگاکانی تا ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، پشتیوانی ماددیو سەربازیو جیۆپۆلیتیکی بکات لەدەستە مافیاییو تیرۆریستی‌یەکان بەهەر بیانوویەکەوە بێ.

٥ / دژایەتی توندو هەمەلایەنەی ئەو هێزانەی بانگەشەی ئیرهابو تیرۆریزم دەکەن لەچەشنی فاشیزم، راسیزم، تیرۆریزمی ئیسلامیو بزووتنەوەو تاقمە تیرۆریستیەکانی تر، هەوڵدان بۆ تەنگەبەرکردنەوەی مەیدانی کارو هەڵسووڕانیانو تەریك خستنەوەو قەدەغەکردنی چالاکی‌یەکانیان.

٦/ پشتیوانی لەهەوڵو خەباتی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە دەوڵەتە ئیسلامیو تیرۆریستی‌یەکان تیایدا حاکمیەتیان بەدەستەوەیەو یارمەتیدانی هەمەلایەنەی ئەو خەباتە بۆ ڕووخاندنو لەدەسەڵات خستنیان.

٧/ پەرەدان بەمافو ئازادی‌یەکانی خەڵكو پێکهێنانو زاڵکردنی ئەو ئۆرگانو ڕێکخراوانەی جەماوەر تیایدا هێزی خۆی ڕێکدەخاتو ئیرادەی خۆی لەو ڕێگەیەوە دێنێتە مەیدان. ڕەخنەگرتن لەو مەیلو ڕەوتانەی کەدەورو ڕۆڵی جەماوەری خەڵك کەم دەکەنەوەو ڕەنگ بێ لەسەبەی رۆژدا تیرۆریزم وەکو ستراتیجێك بۆ گەیشتن بەئامانجە عادیلانەکان پەیڕەو بکەن.

## چۆن لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی بەربەرەکانێ بکەین؟

جگە لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆرو ئیرهاب بەگشتی لەڕێگەی ئەو خاڵو ڕێگایانەی لەسەرەوە باسمان کرد، پێویستە بەشێو ەیەکی تایبەتی باس لەبەربەرەکانێ لەگەڵ شکڵێکی زۆر تایبەت لەتیرۆریزم بکەین کەئەویش تیرۆریزمی ئیسلامی‌یە.

ئێمە لەپێشەوە هەمەلایەنەو بەتەفصیلی باسی مەیدانو بنەماکانو ریشەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزمی ئیسلامیمان کرد، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوانە لێرەدا تەنها لەسەر خاڵە سەرەکی‌یەکان بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵی تەئکید دەکەین:

١/ مێژوو نیشانی داوە کەتیرۆریزمی ئیسلامیو بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکان لەگەڵ بزووتنەوە فاشی‌یەکانو نازی‌یەکان چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە، چ لەڕووی ئامانجی کۆنەپەرستانەوە، چ لەڕووی ستراتیجو شێوەی چالاکییانەوە ج یاوازی‌یەکی ئەوتۆیان نی‌یەو لەزۆربەی ئەوانەدا یەکدەگرنەوە. کەواتە دەبێ وەکو

بزووتنەوەیـەکی فاشـیو نازیسـت بناسـێنرێنو مامەڵـەبکرێن، مەترسـییەکانیان وەکـو مەترسـی ئـەو بزوتنەوانە بۆ سەر کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەمڕۆ سەیر بکرێو چالاکیو هەڵسوڕانیان بەو دەلیلە قەدەغە بکرێو رێگای لێبگیرێ.

٢ / خەبات دژی تیرۆریزمی ئیسلامی بەبێ خەبات دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی سیاسی ئەو هـێزە ئیمپریالیستانە، بەتایبەت ئەمریکا، ئەنجامی نییـە. ئـەو هـێزە ئیمپریالیسـتیانە بـەبیانووی جیـاوازی رۆشنبیریو کەلتوری شەرقیو ئیسلامی بوون، دەسەلاتی سیاسیو تیرۆریستی بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەپارێزنو دیفاعی لێدەکەن. پێویسـتە لەبەرامبـەر ئـەو هەولانـەدا دیفـاع بکـرێ لەمافـەکانی انسـانو جیهانیبوونی ئەو مافانە، دیفاع بکـرێ لەکـەلتوری انسـانی پێشـکەوتووخوازانە لەبەرامبـەر اسـتبدادو کۆنەپەرستی ئیسلامیدا.

٣ / پێویستە هەموو کۆمـۆنیستەکانو هێزە ئازادیخوازەکانی دنیا خەبات بکەن تا دەوڵەتان کۆمـەكو پـشتیوانی خۆیان بۆ هێزو تاقمە ئیسلامییەکان ڕابگرنو سەرچاوە مالییەکانیان ووشك بکـەنو رێگـای هاتوچۆی ئازادانەو دەست ڕاگەیشتنیان بەچەكو تەقەمەنی لێبگرن.

٤/ ئـەو دەوڵەتـە ئیسـلامییە تیرۆریسـتییانەی لەسـەرکارن، پێویسـتە تـەریك بخرێنـەوەو کـارو هەڵسوورانی تیرۆریستی ڕابردوو وەئێستایان ڕسوابکرێو بکرێت بەبنەمایەك بۆ دەرکردنیان لەرێکخراوو ئۆرگانە نێو دەوڵەتییەکانداو رێکخستنی کەمپینێك بـەدژیان. جمـهوری ئیسـلامی، وولاتـە عەرەبییـە شێخنشـینە ئیسـلامییەکانی ناوچـەی کـەنداو لەپێشـەوەی ئـەو لیسـتەدان کـەدەبێ حسـابیان لەگـەڵدا یەکلابکرێتەوەو پشتیوانی بۆ خەباتو تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە لەدژیان رێکبخرێو بەهێز بکرێ.

٥/ پێویسـتە (فـەتوا)ی بزووتنـەوە ئیسـلامییەکان وەکـو بڕیـارێکی ئیرهـابیو تیرۆریسـتی ئاشـکرا بناسێنرێ. ئەو بزووتنەوانە لەرێگەی دەرکرد نی (فتوای شەرعی)یەوە خوێنی نەیارەکانیان حەڵاڵدەکـەنو تا بۆیان بکرێ جێبەجێی دەکەن، ئەبێ (فەتوا دەرکردن) قەدەغەبکرێو خاوەنەکەی وەکـو تیرۆریسـتێك بدرێت بەدادگا.

هەروەها ڕاگەیاندنی (جیهاد) بانگەشەی ئیرهابو ڕەشەکوژییە.

ئیسلامیی ـەکان (جیهاد) بۆ قەتڵو عامی بەرامبەرەکانیان ڕادەگەیەنن، ئەوە ڕاگەیاندنێکی ئاشکرای ئیبـادەو جینۆسـایدی بەشـەرییەو زۆر جیـاوازە لـە مـافی دیفـاعی شـەرعیو ڕاگـەیاندنی شـەڕ بـەمانا تەقلیدییەکـەی لەبەرامبـەر دوژمنـاندا. پێویسـتە جیـهاد قەدەغـەبێ، موجـاهیدین وەکــو تیرۆریسـت

بناسرێنو مامەڵەبکرێن.

قەدەغەکردنی (فەتواو جیهاد) پێویستە لەهەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دنیاو لەهەموو ئیسلامییەکان قەدەغەبکرێو تەحریم بکرێ. ڕەنگە ڕاگەیاندنێکی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی (فەتواو جیهاد) لەچەشنی (ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ) یان ڕێککەوتننامەو بەڵگەنامەکانی دژ بەڕاسیزمو هەڵاواردنو توندوتیژی بەرامبەر بەژنانو .. تاد هەنگاوێکی گرنگو مێژوویی بێ لەم مەیدانەدا. وە هەروەها سزادانو دادگاییکردنی سەرانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان، بەتۆمەتی تیرۆریزمی ئیسلامیو دەرکردنی (فەتواو جیهاد)، لەدادگایەکی نێودەوڵەتیدا کارێکە کۆمەکی جددی دەکات بەکەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەو هێزە کۆنەپەرستانە.

## گرنگی چارەسەرکردنی کێشەی عێراقو فەلەستین لەبەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامیدا!

بزووتنەوە ئیسلامییەکان بوونی کێشەی عێراقو فەلەستین وەکو پاساوێك بۆ بوونی خۆیانو درێژەدان بەچالاکیو هەڵسووڕانیان دەهێننەوە. لەم کارەشدا بەشێك لەخەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتیو لەجیهاندا بەگشتی باوەڕیان پێدەکەنو لێیان وەردەگرنو هاوسۆزی لەگەڵیان نیشان دەدەن. جەماوەری بوونی بزووتنەوە ئیسلامییەکان، هەروەك جەماوەری بوونی فاشیزمو نازیزم، لەناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەو دژی مرۆیی ئەوان کەم ناکاتەوەو خودی قبوڵکردنی ئەو پاساوو بیانووانە بۆ مومارەسەکردنی ئیرهاب لەلایەن بەشێکی خەڵکەوە نیشانەی ڕاستیو دروستیان نییە.

واقعیەت ئەوەیە کە بزووتنەوە ئیسلامییەکانو حکومەتە ئیسلامییەکان کێشەی عێراقو کێشەی فەلەستین بۆ شەرعیەتدان بە چالاکیو هەڵسووڕانی تیرۆریستی خۆیان ئیستغلال دەکەن. ئەوان هیچ پەیوەندیەکییان بەخواستی ڕەوای خەڵکی فەلەستین بۆ چارەسەری عادیلانەی زوڵمی نەتەوایەتییەوە نییەو دەرهاویشتەی ئەو مەیدانی خەباتە نین، بەڵکو لەسەروو ئەو خەباتەوەو بۆ ئیستغلالکردنی هاتوونەتە مەیدانو دەیانەوێ ڕەنگو بۆی ئیسلامی پێببەخشنو دەسەڵات بەدەست بێنن، لەمەسەلەی عێراقیشدا ئەوە هەروەهایە.

بەڵام سەربەخۆ لەنادروستیو کۆنەپەرستی بوونی ئەو ئیدعایانە، مانەوەی کێشەی عێراقو فەلەستین لەم شکڵو شێوەی ئێستادا بووە بەمەیدانێکی گرنگ بۆ ئیستغلالکردنی لەلایەن هێزو

حکومەتە ئیسلامیی یە کۆنەپەرستەکانەوە خۆراکی لێوەردەگرن. هەر بەربەرەکانێ و ململانێیەکی جددی لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامیدا ناتوانێ چاوپۆشی لەچارەسەری ئەم دوو کێشە گرنگە بکات و خۆی لی لابدات.

بەڵام تەنها چارەسەرێکی عادیلانەو ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیە، نەك چارەسەرێکی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانە، کەدەتوانێ زەربەیەکی کاریگەر لەچالاکی و هەڵسووڕانی ئەو بزووتنەوەو هێزو حکومەتە ئیسلامییانە بدات و ئاسۆی ئێستاو داهاتوویان تاریك بکات. لەم ڕووەوە، وە لەکاتێکدا کە سەرنج هاتۆتە سەر رێگەچارەو وەڵامدانەوە بە هەردووکیان، ئێمە پێمان وایە ناکرێ کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان و ئازادیخوازان لەئاستی جیهاندا خۆیانی لێ لابدەن و چارەسەرکردنی بەئەرکی گرنگی خۆیان نەزانن. لەم ڕووانگەیەوە، چ وەك ئەوەی فەصیلێکین لەبەرەیەکی ئەنتەرناسیونالیستی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی و ئازادیخوازو چ وەك ئەوەی هێزێکین ڕاستەوخۆ لەعێراقدا دەرگیری کێشەو ململانێکانین، باسکردن لەچارەسەری ئەو دوو کێشەیە لەچەند تەوەرەیەکی کورتدا بەپێویست دەزانین.

## کێشەی فەلەستین

هەروەك تائێستا چەندین جار دووپاتمان کردۆتەوە سەرهەڵدانی کێشەی فەلەستین بەشێك بوو لەڕاستڕەوی و کۆنەپەرستی سیاسی هێزە ئیمپریالیستییەکانی رۆژئاوا ،بەتایبەت ئەمریکاو بەریتانیا، بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتی خۆیان لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بزووتنەوەی زایۆنیزم وەك بەشێکی دانەبڕاوی ئەو کۆنەپەرستی و ڕاستڕەوییە پرۆژەی دروستکردنی ئیسرائیل و سەپاندنی زوڵم و ستەمی قەومی بەسەر فەلەستینییەکاندا جێبەجێکرد. لەوکاتەوە تاکو ئەمڕۆ خەبات بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین راستەوخۆ بەشێکی گرنگە لەخەبات و تێکۆشان دژ بەکۆنەپەرستی ئیمپریالیزم و ڕسواکردن و پاشەکشەک ردن بەزایۆنیزم. سەرباری هەوڵ و تێکۆشانی فەلەستینییەکان و ئازادیخوازانی ناوچەکە و بەرەو پێشبردنی ئەو هەوڵ و خەباتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، بەتایبەتی لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و کرێکاریدا ئەم کارە تا ڕادەیەکی باش بەرەوپێش چووە، کۆنگرەی دوربان و ناساندنی زایۆنیزم وەك بزووتنەوەیەکی ڕەگەزپەرست و راسیست و دژی مرۆیی، بێتوانایی و ڕسوایی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی، نموونەی درەخشانی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بوو.

ئەمڕۆ بەدژی زایۆنیزم و سیاسەتە رەگەزپەرستەکانی ئیسرائیل و بۆ چارەسەری زوڵمی قەومی لەسەر

فەلستینیی ەکان لەشارو شارۆچکەکانی فەلەستیندا ئینتیفازەیەك زیاتر لەسالێکە دەستی پێکردووەو هێشتا هەر درێژەی هەیە، هەولەکانی ڕۆژئاواو ئەمریکا، سەرکوتو داپلۆسینی ئیسرائیلو هێزە سەرکوتگەرەکانو ئیرهابی زایۆنیزم، ساتو سەوداو سازشی ڕێبەرایەتی قەومی فەلەستین بەسەرکردەیی یاسر عرفات، بەلارێدابردنو زالکردنی کۆنەپەرستی دینی بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا لەلایەن بزووتنەوە ئیسلامی یەکانەوەو ... تاد سەرەڕای هەموو ئەوانە ئینتیفازەی خەلکی فەلەستین بەردەوامەو سوورن لەسەر گەیشتن بەداخوازییە ڕەواو عادیلانەکانیان.

ئەمڕۆ هەر چارەسەرێکی کێشەی فەلەستین بریتییە لەوەلام بەو داخوازیو خواستانەی خەلکی فەلەستین کە لەو ئینتیفازەیەدا بەرزیان کردۆتەوە معیارو پێوانەی جدیبوون یان نەبوون لەچارەسەری ئەو کێشەیەدا خودی ئینتیفازەیە نەك شتێکیتر. لەکاتێکدا ئەمریکا لەلایەك باس لەکێشەی فەلەستینو چارەسەرکردنی دەکاتو لەلایەکیترەوە ئینتیفازە بەکاری توندوتیژیو ئیرهابی وەسف دەکات، ڕۆشنە کە نایەوێ وەلام بەداخوازیو خواستی ڕەوای خەلك بداتەوەو گوشارێك بخاتە سەر دەسەلاتدارانی ئیسرائیل بۆ ئەو مەبەستە.

وە لەکاتێکدا هێزە ئیسلامی یەکانو تیرۆریزمی ئیسلامی ئەیانەوێ ئینتیفازەی خەلکی فەلەستین بکەن بەجەنگێکی دینیو کۆنەپەرستانەو بەرامبەرکێیەك لەگەل ئەمریکا بەمەبەستی گەیشتن بەدەسەلاتی سیاسی یان تەحقیقکردنی خەونی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیو... تاد ڕۆشنە لەم حالەشدا ئەو هێزانە ئەو کێشەیە بۆ ئامانجە کۆنەپەرستەکانی خۆیان دەقۆزنەوەو دەیانەوێ لەبەرامبەر ئیرهابی زایۆنیزمدا ئالای ئیرهابی ئیسلامی لەو کۆنەپەرستانەتر بەرزبکەنەوەو شەرعیەتی پێبدەنو بەدیفاعی شەرعیو مقاوەمەت ناوی لێبنێن.

لەم بارودۆخەدا پێویستە کۆمۆنیستەکانو سۆشیالیستەکانو ئازادیخوازان سەرباری هەولو تێکۆشان بۆ زالکردنی ئاسۆو ئامانجی سۆشیالیستی بەسەر ئینتیفازەو جوولانەوەی خەلکداو گرێدانەوەی بەخەبات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، ئەبێ بۆ ئەم داخوازیانەی خوارەوەو ئەم ڕێگەچارانە تێبکۆشن:

١/ ناساندنی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی زایۆنیستیو سیاسەتە رەگەزپەرستەکانی ئیسرائیلو نیشاندانی دەورو کارکردی ئیمپریالیستیانەی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا لەپشتیوانیکردنو کۆمەك پێکردنیدا، دەرکردنی بەیاننامەو بەلگەنامەی جیهانی بۆ مەحکوم کردنی ئەو حەرەکەتو تاوانەنانەی دەرهەق بەخەلکی فەلەستین ئەنجامی داوەو پاشەکشەکردن بەهەر دەولەتو هێزێك کەبیەوێ پشتیوانی

لیّبکات.

٢ / کشانەوەی تەواوی هێزە سەرکوتگەرەکانی ئیسرائیل لەناوچە داگیرکراوەکـانی فەلەستینو ملـدان بەجیّبەجیّکردنی بڕیاری ٢٢٨ و باقی بڕیارە نێودەوڵەتی‌یەکانی‌تر لەو بارەیەوە.

٣/ پشـتیوانی تـەواو لـەئینتفازەو داخوازی‌یـەکانو لەخواسـتی خـەڵکی فەلەسـتین بـۆ دامــەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەدیـهێنانی هاوپشـتی‌و هاوخـەباتی لەگـەڵ کرێکـارانو خـەڵکی ئیسـرائیلدا بـۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

٤/ بـەهێزکردنی بـەدیلی ڕادیکـاڵو سۆشیالیسـتی لـەئینتفازەو جووڵانـەوەی خـەڵکی فەلەسـتینداو خەبات بۆ لابردنی دەسەڵاتو نفوزی تیرۆریزمی ئیسلامی‌و ڕێگەگرتن لـەکاری تیرۆریسـتی‌و خوکـوژی‌و کوشتنی خەڵکی مەدەنی بەبیانووی دیفاع لەئینتفازەو موقەدەساتی ئیسلامی، ئەو کارانەی کـە تەنـها خزمـەت بەحکومـەتی ئیسـرائیل دەکـەنو دەسـتی دەکەنـەوە بـۆ کوشـتارو ئیرهـابی زیـاتر دژی فەلەستینی‌یەکان.

## کێشەی عێراق

ناوەڕۆکی ئەوەی بەکێشەی عێراق لەناوچەکـەدا نـاودەبرێ بریتی‌یـە لەتـەدەخولو ملـهوڕی ئـەمریکا لەعێراقدا کە ١١ساڵە درێژەی هەیە، ئەو کێشەیەی کەتیرۆریزمی ئیسلامی بـۆ قـازانجو بەرژەوەندی‌یـە کۆنە پەرستەکانی ئیستغلالی دەکاتو کردوویەتی بەسەرچاوەیەك بۆ هێزو نفوزی خۆی.

ئامانجی ئەمریکا لەخولْقاندنو درێژەدان بەو کێشـەیەدا ئیمپریالیسـتی‌و کۆنەپەرسـتانەیە، بەشـێکی گرنگە لەهەوڵەکانی بۆ زاڵکردنی هەژموونو باڵادەستی سیاسـی‌و سـەربازی خـۆی لەناوچەکـەو دنیـادا. لـەپێناوی ئـەو ئامانجەدایـە ژیـانو گوزەرانـی ملیۆنـەها کەسـی لـە نالـەبارترین بـارودۆخی ئـابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌دا ڕاگرتووەو ١ ملیۆنو نیوی لی‌کوشتوون بەهۆی سـەپاندنی سـزا ئابوری‌یەکانـەوە، ڕۆژانـەش لەڕێگـەی فڕۆکـە جەنگی‌یەکانی‌یـەوە لەناوچـەی هێڵـە ئەمنی‌یـەکاندا بۆردوومـانی خـەڵکی بێ‌دیفـاع دەکـاتو لی‌یـان دەکـوژێ. بـەهۆی ئـەو تـەدەخولو ملهوڕیانـەوە ڕژێمـی بەعسـی فاشیسـت لەسـەرکار ماوەتـەوەو توانیوێـتی لـەو بارودۆخـەدا کەئـەمریکا خولْقـاندوێتی دەسـەڵاتی دیکتـاتۆری‌و ئیرهابیانەی خۆی لەهێرشو پەلاماری خەڵکی تووڕەو نارازی عێراق بپارێزێ. خواستی خەڵکی عێراق بۆ کۆتـایی هێنـان بەتـەدەخولو ملـهوڕی ئـەمریکاو دەسـتدرێژی‌یەکانی، بـۆ کۆتایی‌هێنـان بەگـەمارۆی

ئابووری‌و سزاکان‌و ...تاد خواستێکی ڕه‌وا‌و عادیلانه‌یه‌و خه‌بات بۆ به‌دیهێنانی‌و سه‌پاندنی به‌سه‌ر ئه‌مریکادا به‌هه‌مان شێوه‌. ئه‌م خواسته‌ له‌لایه‌ن ڕای گشتی جیهان‌و له‌لایه‌ن بزووتنه‌وه‌ی کرێکاری‌و سۆسیالیستی دنیاوه‌ زیاتر له‌ ١٠ ساڵه‌ پشتیوانی لێده‌کرێ‌و به‌شکڵ‌و شێوه‌ی جۆراوجۆر به‌ڕووی ئه‌مریکا‌و ملهوڕی‌یه‌کانی‌دا به‌رز ده‌کرێته‌وه‌.

تیرۆریزمی ئیسلامیش ئه‌م خواسته‌ ڕه‌وا‌و عادیلانه‌یه‌ی خه‌ڵکی عێراق‌و ناوچه‌که‌ ئیستغلال ده‌کات‌و بۆ مه‌رام‌و نیازه‌ کۆنه‌په‌رسته‌کانی خۆی له‌ململانێ له‌گه‌ڵ ئه‌مریکادا که‌ڵکی لێوه‌رده‌گرێ. هه‌رچه‌نده‌ هه‌ڵوێستی بزووتنه‌وه‌ ئیسلامی‌یه‌کان به‌رامبه‌ر به‌کێشه‌ی عێراق چوونیه‌ك نی‌یه‌، به‌ڵام هه‌موویان له‌ئیستغلال کردن‌و که‌ڵك لێوه‌رگرتنی‌دا هاوبه‌شن.

ڕێکخراوه‌ ئیسلامی‌یه‌کانی عێراق ته‌نها له‌سایه‌ی ئه‌و بارودۆخه‌ کۆنه‌په‌رستانه‌یه‌دا که‌ئه‌مریکا له‌شه‌ڕی که‌نداوه‌وه‌ خولڤاندویه‌تی توانیان هێز بنوێنن‌و نفوز بگرن‌و سواری شه‌پۆلی ناڕه‌زایه‌تی‌و خرۆشانی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵك ببن. بۆیه‌ تاکو ئێستاش بۆ گه‌یشتن به‌ده‌سه‌ڵاتی سیاسی ئومێدو هیواکانیان به‌ئه‌مریکاوه‌ گرێداوه‌و پێیان له‌واشنتۆن‌و دیدار له‌گه‌ڵ سه‌رانی CIAدا نه‌بڕیوه‌.

ئه‌مریکاش به‌ده‌وری خۆی کۆمه‌کی پێکردوون‌و جگه‌ له‌یارمه‌تیدانیان له‌چوارچێوه‌ی کۆنگره‌ی نیشتمانی عێراقدا به‌شێوه‌ی جۆراوجۆری‌تر هه‌وڵی‌داوه‌ له‌پرۆژه‌و نه‌خشه‌کانی‌دا بۆ ئاینده‌ی سیاسی عێراق ده‌ورێکی نۆکه‌ری‌یان پێبسپێرێ.

ئیداره‌که‌ی کلنتۆن وه‌ك جێبه‌جێکردنی (یاسای ڕزگارکردنی عێراق) بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی کوردستانی عێراق‌و ئه‌نجومه‌نی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراقی هه‌ڵبژارد تاکو له‌کۆمه‌کی ١٠٠ملیۆن دۆلاری ته‌رخانکراو به‌شیان بدا‌و کۆمه‌کی سه‌ربازییان پێبکات بۆ ڕووخاندن‌و ڕزگارکردنی عێراق له‌ده‌سه‌ڵاتی صدام حسین... ڕۆشنه‌ ئه‌مریکا تیرۆریزمی ئیسلامی په‌روه‌رده‌ کردووه‌و کۆمه‌کی کردوون‌و هه‌وڵیداوه‌ له‌ڕێگه‌ی ئه‌م هێزه‌ کۆنه‌په‌رستانه‌وه‌ هه‌ر پرۆژه‌یه‌کی شۆڕشگێڕانه‌و ئازادیخوازانه‌ له‌باربه‌رێ‌و ده‌سه‌ڵاتی خۆی به‌سه‌ر چاره‌نوسی خه‌ڵکی عێراقدا درێژبکاته‌وه‌. هاوکات فرسه‌تی له‌بار بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران‌و سعودیه‌و وولاتانی ئیسلامی‌تر دروست بووه‌ تا له‌و کێشه‌یه‌دا ته‌ده‌خول بکه‌ن‌و هه‌ریه‌ك به‌ده‌وری خۆی باڵێك‌و هێزێکی ئیسلامی لایه‌نگر له‌خۆی ساغبکاته‌وه‌و ده‌سه‌ڵاتیان به‌سه‌ر خه‌ڵکی عێراقدا بسه‌پێنن. جگه‌ له‌وه‌ی کێشه‌ی عێراق تیرۆریزمی ئیسلامی له‌ناوخۆی عێراقدا گه‌شه‌پێداوه‌و هێزی پێبه‌خشیون، له‌سه‌ر ئاستی ناوچه‌که‌ش بووه‌ به‌سه‌رچاوه‌یه‌ك بۆ مانۆڕو نمایش‌و خۆ گیڤکردنه‌وه‌

بەرامبەر ئەمریکا.

لەم بارودۆخەدا چارەسەرکردنی کێشەی عێراق بەشێوەیەکی ڕادیکاڵو عادیلانە، پێشگرتنە بەگەشەو هێزوەرگرتنی تیرۆریزمی ئیسلامیو زەربەیەکە لەهەوڵە کۆنەپەرستەکانیانو وجودی سیاسیان لەناوچەکەدا.

بۆ ئەو مەبەستە ئێمە پێمان وایە کە بزووتنەوەی سۆشیالیستیو کۆمۆنیستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق پێویستە بۆ ئەم خالآنەی خوارەوە تێبکۆشێ:

١/وەستانەوە بەرامبەر بەدەخالەتو ملهوڕیەکانی ئەمریکا لەعێراقداو هەوڵەکانی بۆ لێدانی سەربازی عێراقو هێنانە سەرکاری حکومەتێکی لایەنگر لەسیاسەتو بەرژەوەندییەکانی، دژایەتیکردنی هەڕەشە سەربازییەکانی ئەو وولآتەو ڕسواکردنی.

٢ / هەڵگرتنی بێقەیدو شەرتی گەمارۆی ئابوری لەسەر عێراقو لابردنی هێڵە ئەمنیەکانی باکورو باشوور، ڕاگرتنی بۆمبابارانی فرۆکە جەنگییەکان لەو ناوچانەدا.

٣ / پشتیوانی کردن لەهەوڵو تێکۆشانی خەڵکی عێراقو بزوتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی بۆ ڕوخاندنی شۆڕشگێرانەی ڕژێمی بەعسو کۆتایی هێنان بەدیکتاتۆریەت لەعێراقدا.

پشتیوانی لەخەباتو تێکۆشانی عادیلانەی خەڵکی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی زوڵمی قەومیو کۆتایی هێنان بەو ستەمو هەڵاواردنەی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بەکوردەکان پەیڕەوی دەکات.

٤ / دژایەتی پرۆژەی تیرۆریزمی ئیسلامی لەعێراقو کوردستانداو بەرەوپێشبردنی خەباتێکی پەیگیرو لێبڕاوانە دژی نفوزی فکریو سیاسی ئەو هێزانە لەناوچەکەو لەناوخۆی عێراقدا.

# بۆچی ئێمە "جەنگ دژی تیرۆریزم"ی ئەمریکا ئیدانە دەکەین ؟

چوارچێوەی (جەنگ دژی تیرۆریزم) کەئەمریکا دایڕشتووەو هێزە ئیمپریالیستە هاوپەیمانەکانی پشتیوانی لیدەکەن، ئامانج لیێ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی شەرە بەڕێبەرایەتیو سەرکردەیی ئەمریکا. ئێمە پێشتر هۆیەکانو ریشە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنی ئەو شەڕەمان لێکدایەوە، لێرەدا لەچەند خاڵێکدا هەنگاوەکانو ڕێگاچارەکان بەپشت بەستن بەو ڕوانگەو لێکدانەوانە دەخەینە ڕوو:

١١ / ئێمە دژی ئەو جەنگەین کەئەمریکا بەناوی (جەنگ دژی تیرۆریزم) ڕایگەیاندووە، ئەوەش نەك لەبەرئەوەی پشتیوانی لەتیرۆریزم دەکەین وەکو ئەمریکا دەیەوێ هەموو ئەو لایەنانەی کەدژایەتی جەنگ دەکەن بەو جۆرە وەسفبکات، بەڵکو لەبەرئەوەی ئامانجێکی ئیمپریالیستیو کۆنەپەرستانەی هەیەو بەبیانووی دژایەتیکردنی تیرۆریزمەوە ئەمریکا دەیەوێ گشت ڕژێمی سەرمایەدارییو ئیمپریالیزم بپارێزێو جڵەوی ئەم کارە بۆ دەورەیەکی تریش بگرێتە دەستو لەو ڕێگایەوە ئامانجە سیاسیو ئابووریيە ستراتیژییەکانی خۆی تەحقیق بکات، ئەو ئامانجانەی وا دەخوازێت تیرۆریزمی ئیسلامی بەتایبەتیو کۆنەپەرستی ئیسلامی بەگشتی بمێنێتەوەو ڕەسمیەت وەربگرێ، نەك نەهێڵرێو لەناوببرێ، بەڵام بەجۆرێك کەهەوسار بکرێو دەستی پیابهێنرێتەوەو زەرەرو زیانی بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو بۆ رژێمی سەرمایەداری جیهانی نەبێو هیچیتر.

٢/ ئەگەرچی ئەمریکا لەڕووداوی ١١ی ئەیلولدا پەنجەی تاوانبارکرنی بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی درێژکردو بەم جۆرە مەترسییەکانی ئەو بزووتنەوەیەی بۆ سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتیو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی نیشاندا، بەڵام (جەنگ دژی تیرۆریزم) بڕیار نییە شەڕ لەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی یەکلابکاتەوە، ئەگەر وابوایە دەکرا قسە لەسەر قووڵکردنەوەو شێوەی بەرەو پێشبردنی ئەو شەڕەو ئەولەویەتەکانیو .........تاد بکەینو لەو چوارچێوەیەدا ئێمەش قسەی خۆمان بکەین. بەپیچەوانەوە دەبینین کەئەوە چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی ئەمریکا بەبیانووی دژایەتی تیرۆریزم ملهوڕی سەربازی بکاتو زەربە لەنەیارو دوژمنەکانی بدات.

ئێمە ئەو چوارچ یێوەیە لەو ڕووەوە کەدەستی میللیتاریزمی ئەمریکا بۆ کارێکی وەها زیاتر ئەکاتەوە مەحکوم دەکەینو بەمەترسیەکی گەورەی دەزانین بۆ هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو ڕادیکاڵ لەجیهاندا، بۆ سەر هەر شۆڕشو ڕاپەڕینێکی جەماوەریو کرێکاریو ئازادیخوازانە.

٣/ چوارچێو ەی (جەنگ دژی تیرۆریزم) دنیا دەخاتە ناو گێژاوی نائارامی سیاسیو توندبوونەوەی

ناکۆکیەکانی نێوان وولاتە زلهێزەکانی دنیای سەرمایەداریو زەمینە خولقاندن بۆ پاشەکشە کردن بەبزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی.

ئێمە لایەنگری یەکدەستیو هاوڕایی بۆرژوازی جیهانیو زلهێزەکانی ناکەین، پێمان وایەو خەبات دەکەین بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی لایەنو هێزەکانی بۆرژوازیو زەمینە خۆشکردن بۆ ئیستغلالکردنی بەقازانجی کرێکارو کۆمۆنیزم. بەڵام لەبارودۆخێکدا کەچینی کرێکارو بزووتنەوەی سۆشیالیستیو کۆمۆنیستی بۆ خەباتێکی لێبڕاو دژی بۆرژوازیو ململانێو ناکۆکییەکانی نائامادەبێو نەتوانێ ئەو ناکۆکیانە بەقازانجی خۆی بشکێنێتەوە، ئەوا قووڵبوونەوەی ئەو ناکۆکیانەو پێکدادانیان بەزەرەری کرێکارو کۆمۆنیزم تەواو دەبێ.

ئەمرۆ دەبینین کەجیهانی سەرمایەداری خۆی سەرکردەییو لیاقەتی ئەمریکای بۆ رابەرایەتی دنیای سەرمایەداریو ئیمپریالیزم هێناوەتەوە ژێر پرسیار. ئابووری ئەو وولاتە لەرزۆکەو ڕووی لەنشێوو ئەزمە ناوەو بەگشتی ئەو ئابوورییە پشتی بەمیللیتاریزم بەستووە. ئەمریکا دەزانێ لەبارودۆخێکی ئارامو نۆرماڵدا ناتوانێ جێگەوشوێنی خۆی وەکو ڕابەرو سەرکردە بپارێزێو ئومێدی بەوەیە توانا سەربازیو میللیتاریستییەکانی کۆمەکی بکات لەو هەوڵانەیدا. هەرچی وولاتانی ئەوروپایە بەئاسانی نایانەوێ جارێکیتر ملبدەن بەزلهێزیو سەرکردەیی ئەمریکاو سیاسەتو نەخشە شکست خواردووەکانی، نایانەوێ ئەو ئیمپراتۆریەتی شەڕەی ئەمریکا دەیەوێ دایبمەزرێنێ لەسەر حسابی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابورییەکانی ئەوان بێو بەشی شێر بدەن بەئەمریکا. لەبارودۆخێکدا کەئەوروپا ناتوانێو هێشتا لیاقەتو توانایی ئەوەی بەدەست نەهێناوە کەسەرکردەیی دنیای سەرمایەداریو ئیمپریالیزم بکات، بەناچار ملی داوە بەرێبەرایەتی ئەمریکاو وەکو هێزێکی فشار هێنەرو بەشدار لەهەموو پرۆسەکاندا دەور دەگێڕێو جێگا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوەو پاڵ بەوانەی ئەمریکاوە دەنێ یان دەکەوێتە ململانێو پێکداداan لەگەڵیدا. بێگومان ناکۆکی نێوان ئەو بەرژەوەندییانە توندتر دەبنەوەو (جەنگ دژی تیرۆریزم) چوارچێوەیەکە ڕەنگە جڵەو لەدەستیان دەربکێشێو جیهانی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی نائارامی زیاترو گێژاو و بنبەست بکاتەوە.

هەرچەند ئەمریکا لەو سیاسەتو نیەتانەیدا دوورە لەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێو لەدنیای دوای ١١ ی ئەیلوولدا ئەمریکا هێزی یەکەمو باڵادەست نابێ، بەڵام بێگومان هەنگاوەکانی ئێستای ترسناکن چونکە جارێکیتر دەستی ئیمپریالیزم درێژدەکاتو چەپۆك دەکێشێ بەسەر نارەزایەتیو ئۆپۆزسیۆنی

کرێکاریو ڕادیکاڵو ئازادیخوازیدا بەرامبەر بەو نیزامە. ئەمــە ئـەو کارەیـە کەئـەبێ پێشـی پێبگـیری. مەحکومکردنی چوا ڕچێوەی(جەنگ دژی تیرۆریزم) هەنگاوێکی گرنگە لەو پێناوەدا.

٤ / بەڵام بەتەنها دژایەتیکردنی جەنگو سیاسەتە جەنگیەکانو تـەبلیغاتی جـەنگی بـەس نیـیە. لەسەر ئاستی ناوخۆ وولاتە زلهێزە ئیمپریالیستییەکان هێرشێکی هەمەلایەنەیان بۆ سەر مافە مەدەنیو سیاسیو دەسکەوتە ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی خەڵكو مـافو حورمـەتی پەنابـەرانو ... تـاد دەست داوەتێ. بیانویەکی سەرەکی ئەو هێرشانە ڕووداوی ١١ ی ئەیلولو چوارچێوەی (جەنگی دژی تیرۆریزم)ە.

لەبەرامبـەر ئـەو هێرشـانەدا هاوکـات بزووتنـەوەی دژی جیـهانگیری سـەرمایەداریو یەکێتییـە کرێکارییـەکانو چـەپو سۆسیالیسـتەکان بـێوەڵام نـەبوونو هـەوڵیانداوە شـەڕ بگوێزنـەوە بـۆ نـاوەندە کرێکاریو جەماوەرییەکانو سەنگەر لەبەرامبەر ئەو هێرشانەدا قایم بکەنو فراوانی بکەنەوە، پێویستە ئـەو خەباتـە درێـژەی هـەبێو بەشـێوەیەکی تونـدو تـۆڵ بەخـەباتی چینایـەتی دژی سـەرمایەداریو ئیمپریالیزمو جەنگو میللیتاریزمەوە گرێ بدرێتەوە.

## دژایەتی شەڕو خەبات لەپێناوی سۆسیالیزمدا!

شـەڕو جەنگـەکان بەشـێکی جیانـەکراوەی ڕژێمـی سـەرمایەدارینو بـەدرێژایی مێـژووی ئـەم ڕژێمـە کۆمۆنیسـتەکانو سۆشیالیسـتەکان هەمیشـە دژایـەتی شـەڕو جـەنگیان بەدژایـەتی سـەرمایەداریو ئیمپریالیزمەوە گرێداوەتەوە. ئەگەر جەنگ درێژکراوەی سیاسەتی پاراستنی سەرمایەداریو سـەرکوتو خامۆشکردنی خەباتی چینایەتی بووە، دژایەتیکردنیشی بەپێچەوانـەی ئـەوەوە درێژکـراوەی سیاسـەتی پەرەدان بەخەباتی چینایەتیو شەڕی ئەهلیو خەبات بۆ ڕووخاندنی نیزامی سەرمایەداریو دامـەزراندنی سۆشیالیزم بووە. مێژووی سۆسیالیزم پڕە لەو نمونانەی کەتیایدا کرێکارانو کۆمۆنیستەکانو ئازادیخوازان جـەنگی سـەرمایەدارانیان گۆڕیـوە بەجـەنگ دژی سـەرمایەداری. لـەکاتێکدا کـە فەرەنسـاو ئـەڵمانیا لـەکۆتایی دەیـەی شەسـتەکانی سـەدەی نۆزدەهـەمدا لەسـەر سـەرکردەیی ئـەوروپاو باڵادەسـتی تیـایدا ململانێیان بوو، کرێکـارانی پـاریس هاوکـات لەگـەڵ دژایـەتی ئـەو جەنگـە کۆنەپەرسـتانەیەدا لولـەی چەکەکانیان کردە بۆرژوازی فەرەنساو لەپاریسی پایەتەخت دەریان پەڕاندنو لەساڵی ١٩٧١دا کۆمۆنەی پاریسیان دامەزراند، وە یان لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا کۆمۆنیسـتەکانی دنیـا بەتەنـها درووشـمی (نا بۆ شەڕو بەڵێ بۆ ئاشتی )یان بەرزنەکردەوە، بەڵکو ڕاسـتەوخۆ بـۆ شـەڕ لـەدژی بـۆرژوازی جیـهانیو

ململانێو جەنگە خوێناویەکانی خەباتیان کرد. لەم خەباتەدا کرێکارانو بەلشەفیەکانی ڕوسیا بەڕابەرایەتی لینین توانیان ئەو جەنگە بگۆڕن بەجەنگ دژی دەسەڵاتی بۆرژوازیو دەسەڵاتدارێتی شووراکان(سۆفیەت) دابمەزرێنن. کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیاش بۆ هەمان ئامانج خەباتیان کردو شۆڕش بۆ دامەزراندنی کۆماری(ڕایمار ) نمونەیەکی بوو.

کرێکارانو کۆمۆنیستەکان بەدژی جەنگی بۆرژوازیو سەرمایەداران شۆڕشیان بەرپاکردووە، بەڵام کاتێك نەیان توانیبێ ئەو کارە بکەن هەوڵیان داوە کەڵك لەململانێ دەروونیە خوێناویەکانی بۆرژوازی وەربگرنو بۆ بەهێزکردنی هێزو نفوزی خۆیانو پەرەدان بەخەباتی چینایەتییانو بەدیلی سۆشیالیستیان تێبکۆشن. جەنگ ئەو ساتانەیە کە کۆمەڵگا بەشوێن بەدیلو وەڵامێکی سەرەکیو ڕیشەییدا دەگەڕێ. بەدرێژایی مێژوو کۆمۆنیستەکانو سۆسیالیستەکان لەو ساتانەدا، بەهەر کەمو کوڕییەکەوە بووبێ، ئەو بەدیلەیان تەرح کردووەو بۆی تێکۆشاون.

شەڕی ئەهلی ئیسپانیا لەکاتی دەیەی سییەکاندا بووە بەمەیدانێك بۆ گەشەی هێزو نفوزی کۆمۆنیستەکان، لەجەنگ دژی فاشیزمدا کۆمۆنیستەکان دیسانەوە بوون بەهێزێکی سەرەکیو پایەیی لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا. لەجەنگی جیهانی دووەمدا لەفەرەنساو ئیتالیادا کۆمۆنیستەکان توانیان دژ بەجەنگی فاشیزمو نازیزم جەنگی مقاوەمەتو سەنگەری جددی لێبدەنو ببن بەگەورەترین هێزی سیاسی لەو دوو وڵاتەدا. دژایەتی شەڕی ئەمریکا لەڤێتنام بوو بەڕەمزێکی گرنگ بۆ دژایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو پاڵنەرێك بۆ خەبات دژی دەسەڵاتی سەرمایەداریو ئیمپریالیزم بەگشتی. لەدوای شەڕی کوەیت کۆمۆنیستەکانو سۆشیالیستەکان لەکوردستانی عێراقدا توانیان کەڵك لەبارودۆخی جەنگ وەربگرنو لەکوردستاندا شووراکانی خەڵك پێکبهێننو زەمینەیەکی جددی بۆ گەشەی داهاتوویان فەراهەم بکەن.

ئەوانەی سەرەوە هەموو نمونەی زیندوون بۆ هەوڵو تێکۆشانی کۆمۆنیستەکانو سۆشیالیستەکان بۆ پەرەدان بەخەباتی چینایەتی لەبارودۆخی جەنگو ئەزمەکاندا.

بەڵام ئایا ئێستا کرێکارانو کۆمۆنیستەکان پێویستە بەپشتبەستن بەو مێژووە درەخشانە لەخەباتو تێکۆشان، چ هەڵوێستێك بگرن؟ دەبێ چ دروشمو داخوازییەکیان هەبێ؟

واقعیەت ئەوەیە کەبزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی توانای ئەوەی نییە کەشەڕو جەنگ ڕابگرێ وە یان بیگۆڕێ بەشەڕێکی ئەهلیو شۆڕش دژی گشت بۆرژوازیو ڕژێمی سەرمایەداریو ئیمپریالیزم

بەرپابكات، هێشتا هیچ بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانەش دروست نەبووە تا هەلۆیستێکی تاکتیکی لەو جۆرە بخاتە دەستوری کارەوە، بەڵام بێگومان ئەم بارودۆخە تازەیە دەکرێ بەو ئاقارەدا ببرێو بۆ ئەو مەبەستو ئامانجانە کەڵك لیٚوەربگیرێو زەمینەی ئەم کارەش لەئارادایە. لەناوەڕاستی دەیەی نەوەتەکانی سەدەی ڕابووردووە بووژانەوەو ئینتلاقی بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی بەڕوونی بەدی دەکرێ. جگەلە پەرەسەندنی خەباتو تێکۆشانی کرێکارانو مانگرتنە گشتییەکانو بەرگریو مقاوەمەتی جددی لەبەرامبەر بەسەرمایەدارانو حکومەتەکانیان، جووڵانەوەیەکی نوێ، کەبەشێکی بەرچاوی لەکرێکارانی سۆشیالیستو کۆمۆنیستەکان پێکهاتووە، بەناوی جولانەوەی دژی جیهانگیری، جووڵانەوەی دژی سەرمایەداریو دژ بەسیاسەتەکانی کەمپی لیبرالیزمی نوێ، جیهانگیریو کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانو دامەزراوە مالیو بازرگانییە زەبەلاحەکانی وەك صندوقی دراوی نێو دەوڵەتی، بانکی دەولی، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی دەستی پێکردووە کە سیاتلی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٩دا گڕکانەکەی(بورکان) بوو، دواتر لەدافوس، کیوبك، گوتەنبرگ، یوتۆبۆری، جەنەوای ئیتالیاو لەدەیانو سەدان شارو شارۆچکەی تردا بەشکلو شێوەی جەماوەری گەورە بەرووی سەرمایەداریدا تەقییەوە. هەرچەندە لەم جووڵانەوەیەدا، جگە لە کرێکارانو یەکێتییەکانیانو حزبە چەپو کۆمۆنیستو سۆشیالیستەکان، وورده بۆرژوازە نارازییەکان بەکارکردو دەسەڵاتی سەرمایەی گەورەو پارێزەرانی سەرمایەی بچووك، ئینسان دۆستەکان، عەدالەتخوازان، هەندێك بەشی کەم لەبۆرژوازی جیهانی سێیەم، سەوزەکانو ... تاد تیایدا بەشدارنو هەریەك بە ڕوانگەو ئامانجێك بەشداری تیادا دەکات، بەڵام خەسڵەتی ڕادیکالو کرێکاری ئەو جووڵانەوەیە حاشای لیٚناکرێ.

هەروەها ریفۆرمیزم تیایدا هێشتا جێپێیەکی ئەوتۆی نییەو هێنانەگۆڕی چەندین داخوازیو ریفۆرمو بەرزکردنەوەی، هێشتا دەلیلێك نییە بۆحزوری ئاسۆی ریفۆرمیستی لەم بزووتنەوەیەدا.

هەر ئەم واقعیەتو خەسڵەتە ڕادیکالو کرێکاریانەیە کە بۆرژوازی رۆژئاواو ئەمریکای نیگەران کردووەو دەیانەوێ لە دوو ڕێگاوە پێش پێبگرنو بەلارێدا بەرن:

یەکەم/ لەڕێگای سەرکوتو دروستکردنی کۆسپو ڕێگری لەبەردەمیداو ناوبردنی بەئاژاوەگێڕیو کاری توندوتیژیو ئانارشیستی.

دووەم/ لەڕێگای کۆنترۆڵ کردنی لەناوەوەو زاڵکردنی ئاسۆی ریفۆرمیزم بەسەریدا.

ئەم هەولانەی بۆرژوازی لەپێش ١١ ی ئەیلولو دوای ئەوەش درێژەی هەیە. بەڵام ئەم جووڵانەوەیە، چ

بۆ پێشگرتن بەو هەوڵانەی بۆرژوازیو چ بۆ گەشەکردنو فراوانبوونەوەی پێویستی بەئاسۆو ئامانجێکی سۆسیالیستی هەیە، ئاسۆو ئامانجێك کەدامەزراندنی سۆسیالیزم وەك نەتیجەیەکی مەنتقیو مەوزوعی دژایەتی سەرمایەداریو دامو دەزگاکانی بهێنێتە پێش چاو. قووڵبوونەوەی بنبەستی ئابووری نیزامی سەرمایەداری، قەیرانی ریفۆرمیزم، شەڕو نائارامی، هێرش بۆ سەر دەسکەوتەکانی کرێکارانو چینو تو یژە ستەم کێشەکانیترو ... تاد هەموو ئەوانە تێکڕا زەمینەیەکن بۆ تەبلیغ کردنی ئاسۆو ئامانجی سۆشیالیستیو زاڵکردنی لەو بزووتنەوەیەدا، زەمینەیەکن بۆهەنگاو هەڵگرتن ڕووەو یەکێتیو یەکپارچەییو زاڵبوون بەسەر پەراگەندەییو پەرشوبڵاوی سیاسیو رێکخراوەییدا، ڕووەو گەشەپێدانی ئەنتەرناسیونالیزمی کرێکاریو کۆمۆنیستیو بەدیهێنانی پێشمەرجو پێویستییەکانی. هەر ئەم بزووتنەوەیە، - کە لەرێگەی جوڵانەوەی دژی جەنگەوە لیاقەتی ئەوەی نیشانداوە - دەتوانێ ئالای دژایەتی جدیو شێلگیری تیرۆریزمی ئیسلامیو هەموو هێزە کۆنەپەرستەکانیتر بەرزبکاتەوە، ئەو خاڵانە جێبەجێبکات کەپێشتر هەمەلایەنە باسمان کرد.

هەر ئەم بزووتنەوەیە کەتوانای ئەوەی هەیە سنوورێك بۆملهوڕیو پاوانخوازی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دابنێو پێشی پێبگرێ، رێگا لەدامەزراندنی نەزمێکی نوێ بگرێ کەبنەماکەی بەربەریەتو بێماﻓیو شەڕو کوشتار بێ، نیزامێك دابمەزرێنێ کەبێ چینو چەوسانەوە بێ.

# کرێکارانی جیهان یەکگرن !

لەبڵاوکراوەکانی

**بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست - عێراق**